له بڵاوکراوەکانی
یەکێتی زانایانی
ئایینی ئیسلامی کوردستان

# سەردەمی
# کۆرۆنا و
## رۆڵی زانایانی ئایینی

مەلا عبدالله شێرکاوەیی

2020





# سەردەمی

# کۆڕۆنا و

# ڕۆڵی زانایانی ئایینی

ئامادەکردنی


مەلا عەبدوڵڵا شێرکاوەیی

بەڕپرسی ڕاگەیاندنی

یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان



هەولێر _ کوردستان

٢٠٢٠م ١٤٤٢هـ ٢٧٢٠ک

## له بڵاوکراوەکانی
## یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان

زنجیرە (٧٥)


* ناوی کتێب: سەردەمی کۆرۆناو رۆڵی زانایان ئایینی

* ئامادەکردنی: مەلا عبداللە شێرکاوەیی

* چاپ: چاپخانەی رۆژهەڵات_ هەولێر

* نۆرەی چاپ: یەکەم

* دیزاین و بەرگ: عبداللە احمد

* تیراژ: ١٠٠٠ دانە

* ماڵپەری زانایان... www.zanayan.org

ئەم کتێبە

لەسەر ئەرکی خێرخواز

بەڕێز عبدالواحد حسێن برادۆستی ناسراو بە

﴿شێخ عەبدولواحید برادۆستی﴾

چاپ کراوە

# وتەیەکی پێویست

## بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

ئەوەی لە دووتوێی ئەم کتێبەدا خراوەتە روو، پیشاندانێکی واقعی و مێژوویی خزمەت و هەوڵ و هەنگاوەکانی زانایانی ئایینیە لە کوردستان، ئەگەرچی لەسەردەمی هاتنی کۆرۆنا زۆربەی بوارەکانی ژیان وەستان و ئالوگۆڕێکی بنەڕەتی بەسەر تەواوی ژیان و واقعی کۆمەڵگەکان هات، بەڵام دڵسۆزی زانایان و چڕکردنەوەی هەوڵەکان بۆ گەیاندنی ئەوەی لەتوانا بووە، بە بەراورد بە هەلومەرجی ناوەکی و دۆخی سەختی تەندروستی و دارایی شتێکی کەم نیە.

دەزانین زانایانی ئایینی هەمیشە هۆکاری خێرو پاڵپشت و هاوکارن لە ئاست تێپەڕاندنی دۆخە دژوارەکان و هۆشیارکردنەوەی خەڵك و گرتنەبەری رێکاری پێویست و هەماهەنگی بۆ رێنماییەکانی تری دامەزراوەی پەیوەندار، لەوەش زیاتر ئەوەی لە توانایان بوو بێت بۆ خزمەتی خەڵك و کۆمەڵگە و سەقامگیری کۆمەڵایەتی کردوویانە و درێغیش ناکەن.

یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان لەپێش هاتنی ڤایرۆسی کۆرۆنا تا بە ئێستا دەگات، بەردەوام چاودێری دۆخەکەی کردووە و هەوڵی تەواوەتی خۆیشی لە چوارچێوەی پسپۆڕی و پیشەیی و رێکارو هەستی بەرپرسیارێتی داوە، ئەوەشی لە توانا و بازنەی کارکردن بەدەر بووە شتێکی ترە.

وێڕای دەستخۆشی لە ئامادەکاری ئەم بەرهەمە، سوپاس و پێزانین بۆ یەکە یەکەی زانایانی ئاینی کوردستان، لەهەمان کات تەئکید لەوە دەکەینەوە ئەوەی لە رابردوو کراوە و لە ئاینده دەکرێ، مەبدەئێکی نەگۆڕو هاوسەنگ و خێرە لە دیدی مامۆستایانی ئایینی و ئەو چاوەڕوانیەش زادەی باگراوەندی زانستی و تێگەیشتنی خودی زانایانە، هەستکردنە بە بەرپرسیارێتی ئایینی و نەتەوەیی..

**د. عبدالله سەعید مەلا وەیسی**

**سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان**

**٩ی٩ی٢٠٢٠**

## سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان



بە پێویستی دەزانم سوپاسی مامۆستایانی ئایینی هەرێمی کوردستان بکەم کە ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاویان هەبوو لە هاوکاریکردنی جێبەجێکردنی ڕێکارەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا و ڕێنماییە تەندروستییەکان.

2020/4/23




قال تعالى:

﴿ سَنُرِيهِمْ آيَاتِنَا فِي الْآفَاقِ وَفِي أَنْفُسِهِمْ
حَتَّى يَتَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُ الْحَقُّ أَوَلَمْ يَكْفِ بِرَبِّكَ
أَنَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدٌ ﴾

فصلت:٥٣

# پێشەکی

## بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

**سوپاس‌و ستایش بۆ پەروەردگاری جیهانیان، درووودو سەلام لەسەر گیانی پاکی پێغەمبەری ئازیزو یارو یاوەرانی تا رۆژی دوایی...**

لە کۆتاییەکانی مانگی یەکی ساڵی۲۰۲۰ ڤایرۆسێکی کوشندە بەناوی (کۆرۆنا+کۆڤید۱۹) لە شاری ووهانی وڵاتی چین سەری هەڵدا، کە ڤایرۆسێکی درم‌و نەخۆشیەکی (مُعْدي) گواستراوو بوو، بۆیە بە خێرایی‌و بەشێوەیەکی بەربڵاوو سەرەتا لەو وڵاتەو دواتر بەتەواوی جیهان بڵاوبوویەوەو، گۆڕانێکی هەمەجۆری لەرووی جموجۆڵی ژیان‌و پەیوەندی‌و چالاکیەکانی رۆژانەی خەڵك بەسەر هەموو جیهان داهێناو مەترسیەکی گەورەی لەسەر مرۆڤایەتی دروست کرد، هەر وڵاتە بەپێی پلان‌و بەرنامەیەکی تایبەتەوە رێکاری بەرەنگاربوونەوەی گرتە بەر، رێکخراوی تەندروستی جیهانیش هاتە سەر خەت‌و هۆشداری مەترسی ڤایرۆسەکەی راگەیاندو رێکاری پەیوەست بەخۆپارێزی لەم نەخۆشیەی بڵاو کردەوە.

سەرەتا خوێندنەوەکان بۆ ئەم ڤایرۆسە لەرووی زانستی‌و بابەتی‌و تێڕوانینەوە سەرەتایی‌و کورتبینانە بوون، بەشێك وای بۆ دەچوون ئەمە غەزەبی خوایەو تەنها وڵاتانی رۆژئاوا دەگرێتەوە، بەشێکی تر وای بۆ دەچوون ئەم ڤایرۆسە موسڵمانان ناگرێتەوە، هەندێکی تر خوێندنەوەی سیاسیان بۆ دەکردو بە جەنگێکی ساردو بایەلۆژی نێوان ئەمریکاو چین وەسفیان دەکرد، بۆچوونێکی تریش هەبوو کە پێی وابوو گەورە سەرمایەدارەکانی دونیا بۆ دەسکەوتی ماددی‌و گەرمکردنی ئابووری‌و جوڵاندنی بازاڕ بە هەندێ کاڵاو کەرەستە وادەکەن، هەندێکیش بە پیلان دژی ئیسلام‌و موسڵمانان لێکیان دەدایەوە..هتد.

بەڵام لەلایەکەوە بەهۆی وەستانی بازاڕو بازرگانی و هێڵە ئاسمانیەکان و کۆبوونەوە فەرمی و گردبوونەوە جەماوەریەکان و داخستنی شارو شەقام و شوێنە گشتیەکان و راگرتنی دەوام و بڕیاری قەدەغەی هاتوچۆو مانەوە لەماڵ (کەرەنتینە)و، لەلایەکی تریشەوە دەستەوسانی وڵاتە زلهێزەکان و تەواوی دونیاو پزیشکان و پێشکەوتنی زانست و تەکنەلۆژیا لەئاست ئەو ڤایرۆسەو نەدۆزینەوەی ڤاکسین و چارەسەر! مرۆڤایەتی تووشی شۆك و سەرسامی کرد!

سەرەنجام لە جیهان لەماوەی هەشت مانگ نزیکەی ٣٠ ملیۆن کەس تووشی ئەم ڤایرۆسە بوون و نزیکەی یەك ملیۆن کەسیش بەو هۆیەوە گیانیان لەدەست دا، هەر لەو ماوە لە عیراق زیاتر لە ٢٦٠ هەزار کەس تووشی ئەم ڤایرۆسە بوو و نزیکەی ٨ هەزار کەسیش بەو هۆیەوە مردن، لە کوردستانیش نزیکەی ٣٥ هەزار کەس تووشبوو وە نزیکەی ١٢٥٠ حاڵەتی گیان لەدەستدانیش تۆمار کرا.

ئەمە وێڕای ئەوەی ئابووری زۆر وڵاتی تووشی داڕمان و پاشەکشە کردو کەشێکی تازەی بۆ کارو هەنگاوی هەر وڵاتێك هێنایە ئاراو گۆڕانێکی هەمەلایەنەو سەرتاسەری لە جیهان دروست کرد.

بەگەیشتنی ئەم ڤایرۆسە بۆ وڵاتانی ئیسلامی و بەتایبەت هەردوو شاری مەککەو مەدینە لە سعودیە، کە دوو شوێنی پیرۆزو تایبەتمەندی موسڵمانانن، رەوشەکە بەرەو ئاقاری خۆپارێزییەکی توندو چڕ هەنگاوی نا، بۆیە بابەتی راگرتنی دروشمە ئایینەکان و داخستنی مزگەوتەکان و هەڵپەساردنی گەشتی عومرەو سەرجەم چالاکیە ئایینیە بە کۆمەڵەکان بووە ئەمری واقعو وەك رێکاری خۆپارێزی و پەسندرەفتاری بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دونیای کۆرۆنا گەنگەشەی جددی لەسەر کراو، مشتومڕێکی بەرفراوانی لە دروستی و نادروستی بەدوای خۆیدا هێنا.

رێکارە تەندروستیەکانی خۆپارێزی کە پسپۆڕان و لایەنی پەیوەندار بە چڕی جەختیان لێ دەکردەوەو، وەك تاکە چارەسەر بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم نەخۆشیە

وەسفیان دەکرد، وای کرد بەشێکی زۆر لە زانایانی ئایینی فەتوای داخستنی مزگەوت و راگرتنی نوێژی بەکۆمەڵ و وتاری هەیینی دەربکەن.
کوردستان بەدەر نەبوو لەم ڤایرۆسەو لە رۆژی ٤ی٣ی٢٠٢٠ یەکەم حاڵەتی توشبوو بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لەهەرێم تۆمار کرا، ئەمەش مەترسی و دڵەڕاوکێی زۆری لەناو هاوڵاتیانی کوردستان دروست کرد، بۆیە هەر زوو حکومەت رێکاری پەیوەستی لەو بارەوە راگەیاند.
خۆشبەختانە لەرووی ئیداری و ئایینیەوە بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەر، رێکاری گونجاو گیرایە بەرو لە پێناو بەرژەوەندی گشتی و سەلامەتی هاوڵاتیان و بڵاونەبوونەوەی ئەم ڤایرۆسە بەرە بەرە رێکارەکان توندو گشتێندران.
لەپاڵ ئەمەدا دامەزراوەیی ئایینی و زانایانی ئایینی لە کوردستان هەر زوو خەمی دۆخەکەیان خواردو بوونە لایەنێکی هاریکار لە سەرخستنی پرۆسەی خۆپارێزی و گرتنبەری رێکارو هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگەو راگەیاندنی هەڵوێست و روانگەی ئیسلام لەو بارەوە.
ئەوەی لەم نووسینە مەبەستە ئاماژە کردنە بە هەڵوێست و رۆڵی زانایانی ئایینی لەهەرێمی کوردستان، لەهەردوو قۆناغی پێش هاتن و گەیشتنی کۆرۆنا بۆ کوردستان، چونکە لە لایەك زانایان هەستیان بە بەرپرسیارێتی دەکردو ئامادەی هەموو جۆرە هاوکاری و پاڵپشتیەك بوون لەو پێناوە، لەلایەکی تریش بەپەیام و ئامۆژگاری و وتارو نووسین دڵنەوایی و هۆشیاریان دەدایە هاوڵاتیان و روانگەی شەریعەتی پیرۆزی ئیسلامیان سەبارەت بە مەترسی پەتاو چۆنیەتی خۆپاراستن دەخستە ڕوو، بۆیە هەم پاڵپشت بوون هەمیش پابەند بوون، لەحاڵێکدا ماوەی پتر لە چوار مانگ لەگەڵ راگەیاندنی بڕیاری قەدەغەی هاتوچۆو، دەرگای مزگەوتەکانیش دەخران، کە ئەم بڕیارو دۆخە زۆر لەسەر دڵی زانایانی ئایینی قورس و گران بوو، بەڵام قبوڵیان کرد لەپێناو رەچاوکردنی بەرژەوەندی گشتی و سەلامەتی هاوڵاتیان، هاوکات لەگەڵ ئەوەش لەخزمەت نەوەستان و بەشاهێدی

بەرپرسانی باڵای وڵاتو بەتایبەت وەزارەتی تەندروستی ئەگەر هەوڵو پاڵپشتیو هاوکاریو خەمخۆری زانایان نەبوایە کوردستان بە ئاسانی نەدەگەیشتە ئەو ئاستەی سەرکەوتن بەسەر کۆرۆنا .

بە پێویستم زانی وەك دیکۆمێنتو بۆ مێژوو، ئەو نووسینە وەك بەشێك لە خزمەتو هەڵوێستو هەنگاوەکانی زانایانی بەرێزی ئایینی بخەمە بەردەستی خوێنەران لەلایەکو، خوێندنەوەو هەڵسەنگاندنێکی خێراش بۆ دۆخی هەشت مانگی سەردەمی کۆرۆنا پێش چاوو بخەم.

بەهیوام خزمەتێکم پێکا بێو لەم دۆخو قۆناغە هەستیارەی کوردستان پێی تێپەڕ بووەو دەبێ، خزمەتی زانایانی ئایینیم بەرچاو خستبێت.




**مەلا عبدالله شێرکاوەیی**

**١/ئەیلول/٢٠٢٠**

**١٣/ موحەرەم/ ١٤٤٢**

# سەرەتاکانی کۆرۆناو

## دەرهاوێشتەکانی لە کوردستان



# ڤایرۆسی کۆرۆنا چیە؟

**کۆرۆنا** پەتایەکی درمیو نەخۆشیەکی گوازراوەیەو مەترسیو هەڕەشەیەکی مەترسیداری سەر ژیانی مرۆڤایەتیە، ئەم ڤایرۆسە خێزانێکی گەورەیە لە ڤایرۆس کە لەچەندین ئەندامو جۆر پێکهاتووە، ڤایرۆسەکە لە ئاژەڵو مرۆڤیشدا نەخۆشی دروستدەکا، لە مرۆڤدا چەند ئەندامێکی خێزانی کۆرۆنا بەوە ناسراون کە پەسیو و هەڵامەتی ئاسایی دروستدەکەن، بەڵام هەندێ جاریش نەخۆشی قورستری وەکو سارس، تازەترین ئەندامی ئەم خێزانەش ئەو جۆرەیە کە لەم دواییانە لە چین بڵاوبووەوە، ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی ناوی نەخۆشیەکی نا کۆڤید ١٩.

کۆڤید ١٩ ئەو نەخۆشییە کە جۆرە تازەکەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە مرۆڤدا دروستی دەکات، باوترین نیشانەکانی نەخۆشیەکە بریتین لە ( تا، هیلاکیو کۆکەیەکی وشك. هەندێ لە نەخۆشەکان رەنگە چەند نیشانەیەکی تریان هەبێ وەکو ئازاری لەش، تەڕبوونی لووت، گەرووئێشە یا سکچوون). هەندێ لەوانەی تووشدەبن هیچ نیشانەیەکیان نابێ.

نەخۆشیەکی گوازراوەیەو لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگوازرێتەوە لەڕێی وردە دڵۆپەی تەڕی دەم و لووت کە بە کۆکە یا پژمە یا هەناسەدان بڵاودەبێتەوە، ئەم وردە دڵۆپانە لەسەر شتەکانی دەوروبەر دەنیشنەوە. ئەگەر کەسی تر دەستکاری ئەو شتانە بکا کە وردە دڵۆپەکانی لەسەر نیشتووەتەوەو ئەنجا دەستی بەر دەم و لووت یا چاوی بکەوێ ئەوە تووشی ڤایرۆسەکە ئەبێ. هەروەها کەسێك ئەگەر کۆکەو پژمەو هەناسەی کەسی تووشبوو بچێ بەسەریا ئەوا ئەویش زۆربەی توێژینەوەکان دەریانخست کە ڤایرۆسەکە تەنها بەو ڕێگایانە بڵاودەبێتەوە کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا. زۆرێك لەوانەی کە هەڵگری ڤایرۆسەکەن تەنها نیشانەیەکی کەمیان لێ دەردەکەوێو بە سووکی دەیگرن. بۆیە ئەگەری ئەوە هەیە کە ڤایرۆسەکە لە کەسێکەوە کە تەنها هەندێ نیشانەی کەمی هەیە بۆ کەسێکی تر بگوازرێتەوە، بۆیە گرنگە هەموو مرۆڤەکان خۆپارێزی بکەنو پابەندی ڕێنماییە تندروستیەکان بن.

**سەرچاوە: ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی**

# کوردستان و هەڕەشەی کۆرۆنا

دوای بڵاوبوونەوەی ئەم ڤایرۆسە لەوڵاتانی دەوروبەرو هەبوونی پەیوەندی هاوڵاتیان بە جیهانی دەرەوە، لە چوارچێوەی پەیوەندی سیاسی و ئابووریو زانستی و چارەسەریو گەشتیاریو فەرمیو نافەرمی، خەڵکانێکی یەکجار زۆر لەدەرەوە بوون، کە وەك مەترسی گوازستنەوەی ڤایرۆسی (کۆرۆنا)یان لێ دەکرا، چونکە ئێرانی دراوسێ بەشێوەیەکی فراوان و مەترسیدار ئەو نەخۆشیەی لێ بڵاو ببووەوە.

بۆیە حکومەتی هەرێمی کوردستان ناچار بوو رێکاری توندو پەیوەست بگرێتەو بەرو هەموو ئەوانە کەرەنتینە بکات لە دەروازە زەمینی و ئاسمانیەکان دەهاتنە کوردستان، ئەمەش رێگریو هەنگاوێکی گرنگو ئەرێنی بوو لەسەرەتاو هەڵمەتی بەرەنگاربوونەوەی ئەو پەتایە، وێڕای رێکارەکانی دیکەی خۆپارێزی لە کوردستان و بڕیاری قەدەغەی هاتوچۆو مانەوە لەماڵ و کەمکردنەوەی بەرکەوتەی یەکتریو خۆپارێزیو پاك و خاوێنی و جێبەجێ کردنی رێنماییە تەندروستیەکان.

سەرەتای ئەو پەتایە لە کوردستان هاوڵاتیان کەوتنە مەترسی و تا ئاستێکی زۆر ئەم ڤایرۆسە ترس و بیم و دڵەڕاوکێی لەناو خەڵك دروست کردبوو، چونکە رۆژانە لە شاشەی تیڤیەکانەوە ئاماری توشبووان و مردووانی ئەم نەخۆشیە بڵاودەکرایەوە.

سروشت و پێکهاتەی ئەو نەخۆشیەش وابوو، بەزوویی دەگوازرایەوەو هەر کەس بەرکەوتەی توشبووێك ببوایە ئەگەری چەندین توشبوو لەدەوروبەری دەکرا، بۆیە لەو شارو گەڕەك و شوێنانەی چەند حاڵەتێك تۆمار دەکرا، یەکسەر بڕیاری کەرەنتین و قەدەغەی هاتوچۆی لێ دەکراو چواردە رۆژ دەخرایە ژێر چاودێری چڕو پێویستەوە.

# مەترسیەکە گەیشت..!

## ٤ی٣ی٢٠٢٠

رۆژی ٤ی٣ی٢٠٢٠ یەکەم حاڵەتی توشبوو بە ڤایرۆسی کۆرۆنا تۆمار کرا، بۆیە بە پشت بەستن بە برگەی (٢)ی رێکارە شەرعیەکانی ئەنجومەنی باڵای فەتوا لە هەرێمی کوردستان لەبەرواری ٣ی٣ی٢٠٢٠، وە لەبەر مەترسی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی کۆرۆنا بەپێی بڕیاری وەزارەتی تەندروستی بەتایبەت لەسلێمانی، نوسینگەی باڵای فەتوای لقی سلێمانی چەند بڕیارێکی دەرکرد.

لە کۆبوونەوەیەکدا کە هەر یەك لە بەرێوەبەرایەتی ئەوقافی سلێمانی و، لیژنەی باڵای فەتوای هەرێمی کوردستان و، تەندروستی و پارێزگای سلێمانی گەنگەشەی دۆخی تەندروستی سلێمانیان کردو دواتر دکتۆر ئەحمەد شافیعی، ئەندامی ئەنجومەنی باڵای فەتوای هەرێمی کوردستان لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند، لەبەر ئەوەی مەترسی ڤایرۆسەکە جیددی و هەستیارە، بۆ رێگرتن لە زیاتر بڵاوبوونەوەی بڕیارماندا:

١_ راگرتنی سەرجەم نوێژە بەکۆمەڵەکان لەمزگەوتەکان تاوەکو کاتێکی نادیار.

٢_ بانگدان لە مزگەوتەکان بەردەوام دەبێت، پێویستە بانگبێژ بڵێت، لە ماڵەوە نوێژەکانتان بکەن.

٣_ بۆ ئەم هەفتەیە نوێژی هەینی لە سەرجەم مزگەوتەکانی سلێمانی و دەورەبەری رادەگیرێت.

هەر هەمان رۆژ لە کۆبوونەی تایبەت بە تاوتوێکردنی رەوشی هەرێم و پرسی کۆرۆنا حکومەتی هەرێم بڕیاری راگرتنی سەرجەم مەراسیمە ئایینیەکانی دەرکرد، بەمەش رۆژی ٦ی٣ی٢٠٢٠ کە رۆژی هەیینی بوو، بووە یەکەم رۆژ کە وتاری هەیینی لەسەرتاسەری کوردستان راگیراو زانایانی ئایینی لەپێناو سەلامەتی هاوڵاتیان پابەندی بڕیارەکە بوون.

# یەکەمین حاڵەتی کۆچکردن بە ( کۆرۆنا ) لە کوردستان

رۆژی ٤-٣-٢٠٢٠ وەزارەتی تەندروستیی حکومەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاند: مامۆستایەکی ئایینی لە سلێمانی بەهۆی کۆرۆنا گیانی لەدەستدا، کە ناوی (مەلا رەشید ئەوڕەحمان کانی گوڵی-یە)، پێشنوێژی خانەقای مەحوی بووە و پێشتر نەخۆشیی دڵی هەبوو.

لە راگەیێندراوێکدا وەزارەتی تەندروستیی حکومەتی هەرێمی کوردستان راشیگەیاند "ئەو نەخۆشەی کە لە شاری سلێمانی گیانی لەدەستدا، هەڵگری ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ COVID-19 بوو، بۆ دووپاتکردنەوەی پشکنینی تاقیگەی ناوەندی لە بەغداد هەمان دەرەنجامی پۆزەتیڤ دەرچوو کەوا هەڵگری ڤایرۆسی کۆرۆنا بووە".

ئەمەش یەکەمین حاڵەتی تۆمارکردنی ڤایرۆسی (کۆرۆنا) بوو لە هەرێمی کوردستان، ئەمەی خوارەوە وێنەی کۆچکردووەکەیە بەو پەتایە، خوای گەورە بە شەهیدی لەقەڵەم بدات و جێگەی بەهەشتی بەرین بێت.



# دەنگۆی وەستاندنی نوێژی هەینی لە کوردستان

٢٧ی٢ی٢٠٢٠

دوای بڵاوبوونەوەی دەنگۆی ئەنجامنەدانی نوێژی هەینی لە مزگەوتەکان بەهۆی ڕێگری لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشی کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان، کە ببووە باسێکی گەرمی نێو تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و تەنانەت بەشێك لە نوێژخوێنان.

بۆ رەواندنەوەی ئەو دەنگۆیەو دڵنیایی دان بە خەڵکی کوردستان سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان بەرێز د.عبداللە مەلا سەعید راگەیاند: سەبارەت بە گرتنەبەری رێوشوێنی پێویست بۆ رێگری لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشی کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان، کە بەهۆی بڵاوبوونەوەی لە زۆربەی وڵاتان و بەتایبەت لە وڵاتە دراوسێیەکانمان، ئەگەری بڵاوبوونەوەی لێ دەکرێت، پێویستە هاوڵاتیان پابەندی رێنماییەکانی هەردوو وەزارەتی ناوخۆو تەندروستی بن و بە تەواوەتی هاوکار بن بۆ هەر ئەگەرێك لەو بارەوە.

سەبارەت بە دەنگۆی داخستنی مزگەوت و ئەنجام نەدانی وتاری هەینی بەو هۆیەوە، هاوڵاتیان و موسڵمانان دڵنیا دەکەینەوە، کە لە ئێستادا نوێژی هەینی ئەنجام دەدرێت و هیچ بڕیارێك بۆ نەکردنی نوێژی هەینی لە ئارا نیە، ئەگەر خوانەخواستە دۆخی کوردستان کەوتە مەترسی بڵاوبوونەوەی ئەو نەخۆشیە ئەوە مەسەلەیەکی ترەو (لکل حادث حديث)، بەڵام داوا لە وتاربێژانی بەرێز دەکەین، کە بە لەبەرچاوگرتنی دۆخی ئێستاو هاوکاریەك بۆ هەڵمەتی خۆپارێزی سەلامەتی نوێژخوێنان رەچاوی کات بکەن و وتارەکانیان کورت بکەنەوە.

ئاماژەی بەوەشدا کە: گرنگە وتاربێژان لە وتارەکانیان ئاماژە بە گرنگی خۆپارێزیو جێبەجێکردنی رێنماییەکانی تەندروستیو پاکوخاوێنی بکەن، هەروەك گرنگیشە خەڵك هۆشیار بکەنەوە، کە بە ورەیەکی بەرزو دوور لە دڵەڕاوکێ و نانەوەی دەنگۆی نادروست و بڵاوکردنەوەی ترس و بیم لەناو خەڵك خۆیان رابێنن، وە نزای خێرو سەلامەتی بۆ کوردستان بکەن.

سەرۆکی زانایان راشیگەیاند: خۆشبەختانە کوردستان تا ئێستا سەلامەتە، بەڵام رێکاری خۆپارێزی شتێکی پێویستەو ئیسلامیش لەچەندین دەق هۆشیارمان دەکاتەوە لەوەی لەو جۆرە حاڵەتانە هەم خۆپارێز بین هەمیش خەڵك بپارێزین.



# رۆڵی زانایانی ئایینی و دامەزراوەی ئایینی

## لە هەڵمەتی بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی ( كۆرۆنا )

زانایانی ئایینی لەسەر هەردوو ئاستی شەرعی و راوێژی تەندروستی وەك هەستكردن بە بەرپرسیارێتی رەوشەكەو هۆشیاركردنەوەی هاوڵاتیان، هەر لەسەرتای قۆناغی بڵاوبوونەوەی مەترسی ئەو ڤایرۆسە لە وڵاتانی دراوسێ، چەند هەنگاوێكی گرنگیان بەئاراستەی بەرچاو ڕوونی و خستنە ڕووی روانگەی شەریعەت و رێنمایی ئایینی لەو بارەوە گرتەبەر، لە كۆتاییەكانی مانگی شوباتدا لە پەیامێكدا یەكێتی زانایان رایگەیاند: بە پێویستی دەزانین بەرچاو ڕوونیەكی شەرعی بدەینە هاوڵاتیانمان بەمەبەستی خۆپاراستنی زیاتر لە مەترسی هاتنی ڤایرۆسی كۆرۆنا.

لەسەر ئاستی دامەزراوەیی ئایینیش یەكێتی زانایان بە سەرجەم لقەكانیەوە هاوشان لەگەڵ لایەنی پەیوەندارو ئیدارەی سنورەكان لەسەر خەت بوون بەئامانجی هاوكارو هەماهەنگ بوون لە هەڵمەت و پلانی ئامادەسازی هۆشیاری و خۆپارێزی لەو مەترسیە، تا كار گەیشتە ئەوەی لە كۆبوونەوەیەكی فراوانی ئەنجومەنی باڵای فەتوا لە ٣ی٣ی٢٠٢٠ دوای گەنگەشەكردنی دوا پێشهاتەكان تا ئەو بەرواره، لە پرێس كۆنفرانسێكدا كۆمەڵێك رێكاری شەرعی سەبارەت بە پرسی خۆپارێزی لەو مەترسیە بڵاو كردەوە.

زانایانی ئایینی لەسەرتاسەری كوردستان لەدەسپێكی هاتنی ئەم ڤایرۆسە وەك هەستكردن بە بەرپرسیارێتی ئایینی و ئینسانی و پیشەیی، هەوڵەكانیان چڕ كردەوە بۆ هاوكاروبوونی شێوازی بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسەكەو بە پەرۆشەوە چاودێری دۆخەكەیان دەكردو هەموو جۆرە ئامادەییەكیان لەو پێناوە دەربڕی، كە دەكرێ لێرەدا ئاماژە بە چەند لایەنێكی ئەو خزمەتانە بكەین:

**یەکەم**: بەر لەهاتنی ئەم ڤایرۆسە چەندین وتاریان لەسەر بابەتی پەتاو روانگەی ئیسلام بەمەبەستی هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتیان پیشکەش و تەرخان کرد.

**دووەم**: وەك دامەزراوەی ئایینی لەگەڵ لایەنی پەیوەندار لەسەر خەت بوون و هەوڵ و ئامادەیی و هەڵوێست و هەنگاوی هەمەلایەنەی خۆیان خستە ڕوو.

**سێیەم**: بەشێکی مامۆستایان لەرێی کەناڵەکانی راگەیاندنەوە شرۆڤە و تێڕوانینی ئیسلامیان دەخستە ڕوو، کە ئیسلام چەندە بایەخی بە خۆپارێزی لەکاتی هەبوونی پەتا داوە.

**چوارەم**: لەرێی سۆشیال میدیاو وتارو لایڤی راستەوخۆوە، بەردەوام پەیامی گرنگی هۆشیاری ئایینیان بڵاودەکردەوە.

**پێنجەم**: لەکاتی راگرتنی بڕیاری نوێژی هەینی و بەکۆمەڵ و داخستنی مزگەوتەکان، بەو پەڕی سینگفراوانیەوە لەپێناو بەرژەوەندی و تەندروستی هاوڵاتیان پابەند بوون و، سەلامەتی و گیانی خەڵکیان لەپێشتر دانا.

**شەشەم**: لەرێی نووسین و بابەت و روونکردنەوەی شەرعی و راگەیاندنەوە، چەندین پرسی پەیوەست بەم نەخۆشیەیەکان گەنگەشە و بڵاو دەکردەوە، کە چەند نمونەیەك لەو پەڕاوە دەخەینە روو..

# پەیامی یەکێتی زانایان
## دەربارەی خۆپاراستن لە نەخۆشی کۆرۆنا


بسم الله الرحمن الرحيم

یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان — إتحاد علماء الدين الإسلامي في كوردستان

مەکتەبی تەنفیزی — المكتب التنفيذي

پەیامێك لە یەکێتی زانایان دەربارەی خۆپاراستن لە نەخۆشی کۆرۆنا

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

﴿وَعَلَى اللَّهِ فَتَوَكَّلُوا إِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ﴾ سورەتی ئەلمائیدە : ٢٣ .

دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵەکانی تایبەت بە نەخۆشی کۆرۆنا لە چەند وڵاتێکی دراوسێ و هەوڵەکان بۆ ڕێگرتن لەم نەخۆشییە، بەپێویستی دەزانین چەند بەرچاوڕوونییەکی شەرعی بدەینە بەر دیدی هاوڵاتیانمان بەمەستی خۆپاراستنی زیاتر لە هاتنی ئەم نەخۆشییە.

سەرەتا پێویستە هاوڵاتیانی کوردستان بە پشت بەستن بە خوداو ورەیەکی بەرزو بەهێزەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو بابەتە بکەن، چونکە لەلایەکەوە بە بەراورد لەگەڵ نەخۆشییەکانی دیکە، هێندە ترسناك نییە، هەروەها سوپاس بۆ خودا تا ئێستا هیچ حاڵەتێك لە کوردستان تۆمارنەکراوە، بۆیە پێویست بە ترس و دڵەڕاوکێ ناکات، بەپێچەوانەوە ئەوانەی ترس و تۆقان لەسەر ئەم بابەتە بڵاودەکەنەوە بۆ قازانجێکی بازرگانی ماددی یان هەر شتێکی دیکە دەکەونە ژێر بەرپرسیارێتی بەرامبەر خوداو مرۆڤایەتی، بۆیە پێویستە ڕاگەیاندنەکان بە تیڤی و ڕادیۆو نووسین و هەموو ئەوانەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان شت بڵاودەکەنەوە، دوورکەونەوە لە شڵەژاندنی کۆمەڵگا.

لە هەمان کاتدا وەك هەوڵێکی خۆپارێزی پێشوەختە، داوا لە هاوڵاتیانمان دەکەین بە چاکی پابەندی ڕێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی بن، چونکە باشترین ڕێگەچارە گرتنەبەری ڕێکارە تەندروستییەکانە. لە هەمان کاتدا پێویستە تا ئەو ماوەیەی ئەو بابەتە کۆتایی دێت، هەموو گردبوونەوەی پرسەو بووك گواستنەوەو تەواوی کۆبوونەوەکانی بۆنە کۆمەڵایەتی و هونەری و تەواوی بوارەکانی دیکە سنووردار بکرێن، بۆ ئەم مەبەستە داوا لە مسوڵمانان دەکەین بە دڵێکی گەورە مامەڵە لەگەڵ بابەتەکانی وەك پرسەو هاوشێوەکانی بکەن، گلەیی لە خەڵك نەکەن.

لە هەمووشی گرنگتر ئێمە مسوڵمانان هەمیشە پشتمان بە خوای گەورە بەهێزەو، بە ورەیەکی بەرزەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو بابەتانە دەکەین، چەکی ئێمە شان بە شانی ڕێکارە تەندروستییەکان، دوعاو پاڕانەوەو بەخۆداچوونەوەیە بەرامبەر خوداو خەڵك، بە ئومێدی ئەوەی خوای گەورە وڵاتی ئێمەو تەواوی مرۆڤایەتی لەو نەخۆشییە بپارێزێت و شیفای نەخۆشەکانیش بدات.

یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان

٢٠٢٠/٢/٢٦

ناونیشان : هەرێمی کوردستان – هەولێر (٦٠مەتری) بەرامبەر پەرلەمانی کوردستان

www. zanayan.org

email :mektebzanayan@gmail.com

**بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان**

{وَعَلَى اللَّهِ فَتَوَكَّلُوا إِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ}

**دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵەکانی تایبەت بە نەخۆشی کۆرۆنا لە چەند وڵاتێکی دراوسێ و هەوڵەکان بۆ ڕێگرتن لەم نەخۆشییە، بەپێویستی دەزانین چەند بەرچاو ڕوونییەکی شەرعی بدەینە بەر دیدی هاوڵاتیانمان بەمەستی خۆپاراستنی زیاتر لە هاتنی ئەم نەخۆشییە.**

**سەرەتا پێویستە هاوڵاتیانی کوردستان بە پشت بەستن بە خوداو ورەیەکی بەرزو بەهێزەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو بابەتە بکەن، چونکە لەلایەکەوە بە بەراورد لەگەڵ نەخۆشییەکانی دیکە، هێندە ترسناك نییە، هەروەها سوپاس بۆ خودا تا ئێستا هیچ حاڵەتێك لە کوردستان تۆمارنەکراوە، بۆیە پێویست بە ترس و دڵەڕاوکێ ناکات، بەپێچەوانەوە ئەوانەی ترس و تۆقان لەسەر ئەم بابەتە بڵاودەکەنەوە بۆ قازانجێکی بازرگانی ماددی یان هەر شتێکی دیکە دەکەونە ژێر بەرپرسیارێتی بەرامبەر خوداو مرۆڤایەتی، بۆیە**

پێویستە راگەیاندنەکان بە تیڤی و رادیۆو نووسینو هەموو ئەوانەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان شت بڵاودەکەنەوە، دوورکەونەوە لە شڵەژاندنی کۆمەڵگا.

لە هەمان کاتدا وەك هەوڵێکی خۆپارێزی پێشوەختە، داوا لە هاوڵاتیانمان دەکەین بە چاکی پابەندی رێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی بن، چونکە باشترین رێگەچارە گرتنەبەری رێکارە تەندرووستییەکانە. لە هەمان کاتدا پێویستە تا ئەو ماوەیەی ئەو بابەتە کۆتایی دێت، هەموو گردبوونەوەی پرسەو بووك گواستنەوەو تەواوی کۆبوونەوەکانی بۆنە کۆمەڵایەتی و هونەری و تەواوی بوارەکانی دیکە سنووردار بکرێن، بۆ ئەم مەبەستە داوا لە مسوڵمانان دەکەین بە دڵێکی گەورە مامەڵە لەگەڵ بابەتەکانی وەك پرسەو هاوشێوەکانی بکەن، گلەیی لە خەڵك نەکەن.

لە هەمووشی گرنگتر ئێمە مسوڵمانان هەمیشە پشتمان بە خوای گەورە بەهێزەو، بە ورەیەکی بەرزەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو بابەتانە دەکەین، چەکی ئێمە شان بە شانی رێکارە تەندروستییەکان، دوعاو پاڕانەوەو بەخۆداچوونەوەیە بەرامبەر خوداو خەڵك، بە ئومیدی ئەوەی خوای گەورە وڵاتی ئێمەو تەواوی مرۆڤایەتی لەو نەخۆشییە بپارێزێت و شیفای نەخۆشەکانیش بدات.

**یەکێتی زانایانی**

**ئایینی ئیسلامی کوردستان**

**٢٦ی٢ی٢٠٢٠**

## ئەنجومەنی باڵای فەتوای یەکێتی زانایان ڕێکارە شەرعیەکانی تایبەت بە خۆپارێزی لە نەخۆشی کۆرۆنا ڕاگەیاند




رۆژی٣ی٣ی٢٠٢٠ سەبارەت بە تاوتوێ کردنی پرسی بابەتە پەیوەستەکانی (پەتای کۆرۆنا) کۆبوونەوەی فراوانی ئەنجومەنی باڵای فەتوا لە بارەگای مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان بەڕێوەچوو، دوای گەنگەشەکردنی پرس و بابەتەکان و دیارکردنی ڕێکاری شەرعی بۆ خۆپارێزی لە نەخۆشی کۆرۆنا ئەم دەرەنجامەکەی بەم شێوەیە بۆ رای گشتی راگەیێندرا:

### بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

وەك هەنگاوێك بۆ خۆپاراستن لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشی ڤایرۆسی کۆرۆنا ( covid 19)، ئەنجوومەنی باڵای فەتوای یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان لە رۆژی سێشەممە ٢٠٢٠/٣/٣ بە ئامادەبوونی سەرجەم ئەندامانی کۆبوویەوە، لە کۆبوونەوەکەدا دوای تاوتوێکردنی هەموو ڕەهەندەکانی نەخۆشییەکەو، لێکۆڵینەوەی وردی دەقە شەرعییەکان و مەبەستەکانی شەریعەت، ئەنجومەنی باڵای فەتوا بڕیاری لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە دا:

**یەکەم:** ئەرکێکی شەرعی یە کە هاوڵاتیان بە وردی پابەندی تەواوی رێنماییە تەندروستی و ئەمنییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بن تایبەت بە خۆپارێزی لە پەتای کۆرونا.

**دووەم:** بە پێی شەرع ناتوانرێت لە ئێستادا وتاری هەینی مزگەوتەکان ڕابگیرێت، تەنیا لەو شوێنانە نەبێت کە بە دڵنیاییەوە نەخۆشییەکەی لیٚ بڵاوبۆتەوەو دەبێتە (پەتا– وباء) دەکرێت بەشێوەی کاتی تا کۆتاییهاتنی ڤایرۆسەکە بەهەماهەنگی لەگەڵا ئەوقاف و تەندروستی و لێژنەی فەتوای سنورەکە نوێژی بە جەماعەت وتاری هەینی ڕابگرن.

**سێیەم:** کۆبوونەوە ئاینی و کۆمەلایەتیەکانی دیکەی وەك: (ئیسڕاو میعراج، مەولودخوێندنەوە، ئاهەنگەکانی بووك گواستنەوە، مەڕاسیمی پرسەدانان) بە پێویستیەکی شەرعی دەزانین لەم بارودۆخەدا لە هەموو شوێنێك رابگیرێن، لە پرسەدا تەنیا بەشداری شووشتن و نوێژکردن و ناشتنی تەرمەکان بکرێت، وەلە سەر گورستان کۆتایی بە پرسەکە بهێنرێت.

**چوارەم:** ئەوانەی کە بە فایرۆسی (کۆرونا) گیان لەدەست دەدەن پلەی( شەهید) یان هەیە،وە لایەنی پەیوەندار بەرپرسە لەرێکارەکانی بەخاکسپاردنی بە پێی ئەحکامەکانی شەریعەتی ئیسلام.

**پێنجەم:** ئەو کەسانەی نەخۆشن یان مەترسی توشبوونیان هەیە دەتوانن ئەو ماوەیە تا نەخۆشییەکە دەڕوات بەشداری نوێژی هەینی و جەماعەت نەکەن. **شەشەم:** پێویستە سەرجەم چالاکییەکانی تایبەت بە وانەگوتنەوەی ئایینی شەوانەو رۆژانە لە مزگەوتەکان و تەواوی ناوەندەکانی فێرکردنی قورئان و بابەتەکانی ئایینەکانی دیکە لەم قۆناغە هاوشێوەی قوتابخانەکان رابگیرێت.

**حەوتەم:** سەردانی نەخۆش نەکرێت چ لە ماڵەوە یان لە نەخۆشخانە، بە (تەلەفۆن) وەیا بە ( نامە) ئەم سوننەتە ئەنجام بدرێت.

**هەشتەم:** هەموو ئەوانەی لەو وڵاتانە گەڕاونەتەوە کە ڤایرۆسەکەی تێدایە بە تایبەت لە ئێرانەوە، واجبێکی شەرعیە کە بە زووترین کات سەردانی لایەنی پەیوەندیدار

بکەن بۆ پشکنین و دڵنیابوونەوە لە نەخۆشییەکەو پاراستنی خۆیان و خێزان و هاولاتیان، بە پێچەوانە گوناهبار دەبێت.

**نۆیەم:** هەر کەسێك گومانی ئەم ڤایرۆسە لە خۆی بکات، حەرامە تێکەڵی و سەردانی خەڵك بکات تەنانەت بۆ (جومعەو جەماعەت) تیش بێت، بەڵکو پێویستە بە زووترین کات سەردانی لایەنی پەیوەندیدار بکات.

**دەیەم:** داوا لە وتاربێژە بەڕێزەکان دەکەین لەو ماوەیەدا وتاری هەینی کورت بکەنەوە، هەروەها پاکوخاوێنی مزگەوتەکان زیاتر ڕابگیرێت و، ئامۆژگاری هاوڵاتیان بکەن دەستنوێژەکانیان لە ماڵەوە ئەنجام بدەن.



لە کۆتاییدا: وێرای نزاو پارانەوەمان کە خوای گەورە هەموو لایەکمان پارێزراو بکات، دووپاتی دەکەینەوە کە مەبەست لەو ڕێکارە شەرعیانە خۆپاراستنەو ڕێکاری کاتین، بە پێویستی دەزانین ورەمان بەهێز بێت و پشت بە خوای گەورە ببەستین و تۆبەو ئیستغفاری زیاتر بکەین و هاوکاری یەکتر بین، هەمیشە لە دوعاو پاڕانەوەو خێرو سەدەقەکردن بەردەوام بین.

**یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان**

**ئە نجومەنی باڵای فەتوا**

٣ی ئاداری/٢٠٢٠ زایینی - ٨ی رەجەبی ١٤٤١ کۆچی - ١٣ی رەشەمێ ٢٧١٩ کوردی

# چەند وتارێکی پێشنیارکراو پەیوەست بە خۆپارێزی لە کۆرۆنا

سەرەتاکانی قۆناغی ڤایرۆسی کۆرۆنا مامۆستایانی ئایینی لە رێی وتاری هەیینەوە زۆر جەختیان لەوە کردەوە، کە پێویستە بەپێی تێگەیشتن لە شەریعەتو پابەندی رێنماییەکانی خۆپارێزی، موسڵمانان پابەند بنو هەوڵبدەن هۆشیار بن لە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو نەخۆشیە، بۆ ئەو مەبەستە چەندین وتاریان لەو بارەوە لە مینبەری مزگەوتەکانەوە پێشکەشی هاوڵاتیان کرد، بەتایبەت وەزارەتی ئەوقافو کاروباری ئایینیو لیژنەی بۆردی وتاری هەیینی چەند ناونیشانێکی گرنگ و پەیوەستیان دەستنیشان کرد، کە تەعبیر بوون لە دۆخەکەو خستنەڕووی فەلسەفەی ئیسلام بۆ خۆپارێزیو هاوکاریکردنی یەکترو دان بەخۆدا گرتنو رێگری کردن لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکە، کە ئەمەی خوارەوە نمونەیەکە دەیخەینە ڕوو..

وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی

وتاری هەینی

لیژنەی باڵای ئامادەکردنی وتاری هەینی

٣١ی کانونی دووەم/ ٢٠٢٠ی زایینی - ٦ی جمادی الآخرة/ ١٤٤١ هجری -١١ی ڕێبەندان/ ٢٧١٩ی کوردی

## وشیاری خۆپاراستن لە نەخۆشییەکان

- هەڵوەستەی یەکەم: هەموو ساڵێك رۆژی (٤)ی شوبات بە رۆژی بەرەنگاربوونەوەی شێرپەنجە داندراوە، ئەمەش لەجێگەی خۆیەتی، چونکە تەنیا لە ساڵی ٢٠١٩ بەژمارەی (١٢،٩ملیۆن) کەس تووشبوونە، ساڵان (٧،٩ ملیۆن) کەس بەم هۆیەوە گیان لەدەستدەدەن. ئەوە سەرباری پەیدابوونی کۆرۆناو چەندان نەخۆشی دیکەی گوازراوە.
- هەڵوەستەی دووەم:
  گرنگترین هۆکارەکان:
  (نەبونی وەرزشی رۆژانە، ژینگەیەکی ناتەندروست، نەبونی خواردنی تەندروست، قەڵەوی، جگەرە و نێرگەلە کێشان ، خواردنەوە کحولیەکان)
  رێگەچارەکانیشی:
  (وەرزشکردن، زۆر کردنی خواردنی سەوزە و میوە، دوورکەوتنەوە لەجگەرە و نێرگەلە کێشان و خواردنەوە کحولیەکان، دابەزاندنی کێش).
- هەڵوەستەی سێیەم: لە روانگەی ئیسلامەوە ئەمە وەکو تاقیکردنەوە دادەندرێت بۆ چاکەکاران و ئاگادارکردنەوەشە بۆ خراپەکاران: ﴿وَلَنَبْلُوَنَّكُمْ بِشَيْءٍ مِنَ الْخَوْفِ وَالْجُوعِ وَنَقْصٍ مِنَ الْأَمْوَالِ وَالْأَنْفُسِ وَالثَّمَرَاتِ وَبَشِّرِ الصَّابِرِينَ * الَّذِينَ إِذَا أَصَابَتْهُمْ مُصِيبَةٌ قَالُوا إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّا إِلَيْهِ رَاجِعُونَ * أُولَئِكَ عَلَيْهِمْ صَلَوَاتٌ مِنْ رَبِّهِمْ وَرَحْمَةٌ وَأُولَئِكَ هُمُ الْمُهْتَدُونَ﴾ ((وَنَبْلُوكُمْ بِالشَّرِّ وَالْخَيْرِ فِتْنَةً وَإِلَيْنَا تُرْجَعُونَ )). بۆیە قەت تووشی بێئومێدی مەبن، چونکە پێغەمبەر دەفەرمووێت: ((ما أنزل الله داء إلا أنزل له شفاء)): رواه البخاري)، هەروەها ئەو خواناسانەی بەم دەردانەشەوە دەمرن بە شەهید هەژماردەکرێن، چونکە پێغەمبەر دەفەرمووێت: (من قتل في سبيل فهو شهيد، ومن مات في سبيل الله فهو شهيد، ومن مات في الطاعون فهو شهيد، ومن مات في البطن فهو شهيد، والغريق شهيد):( رَوَاهُ مُسلِمٌ).
- هەڵوەستەی چوارەم: رێکارەکانی خۆپاراستن:
  ١. خاوێنی لاشەو بەرگ: کە ئیسلام دەستنوێژ و چەندان خۆشوشتنی داناون.
  ٢. خواردن و خواردنەوەی پاك و حەڵاڵ: (وَيُحِلُّ لَهُمُ الطَّيِّبَاتِ وَيُحَرِّمُ عَلَيْهِمُ الْخَبَائِثَ) (الأعراف: ١٥٧).
  ٣. ژینگەپارێزی: پیس نەکردنی شوێنە پاکەکان، دانانی دەست لەسەر زار و چەندان شێوازی دیکەی پێویست.
  ٤. دوعاو پارانەوەی زۆر.
  ٥. پابەندبوون بە رێنمایی پزیشکییەکان.

وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی

ووتاری هەینی

لیژنەی باڵای ئامادەکردنی ووتاری هەینی/ دیوانی وەزارەت

١٩ی حوزەیران/ ٢٠٢٠ی زایینی- ٢٧ی شەوال/ ١٤٤١ هجری -٢٨ی جۆزەردان/ ٢٧٢٠ی کوردی

## (گەڕانەوەی هیوا)

سرووشتی ژیان وایە کە هەمیشە، هەوراز و نشێو و خۆشی و ناخۆشی تێدایە، بۆیە گرنگە لە کاتە سەخت و ناخۆشەکاندا ببینە چرای ڕووناکی هیوا و، ئومێد لە دڵی یەکتردا داگیرسێنین، بەتایبەتی کە ئێستا دنیا بە گشتی و کوردستان بەتایبەتی بە چەندان دۆخی سەختدا تێپەڕدەبێت، کاتی ئەوەیە مرۆڤە مەزنەکان لە هەموو ئاستێك ئومێدی راستەقینە بخەنە ناو دڵی خەڵك و هیوایەکی راستەقینە ببووژێننەوە.

هەڵوەستەی یەکەم: خوای گەورە لە دوو ئایەتی قورئانی پڕ لەبەخششدا هانمان دەدات بۆ ئەوەی هیوابڕاو و بێ ئومێد نەبین لە گەڕانەوەی هیوا و خوشی بۆ نێو دڵی تاك و کۆمەڵگە.
ئایەتی یەکەم دەربارەی دۆڕانی مسوڵمانانە لە جەنگی ئوحود، کە دەفەرمووێت: ﴿وَلَا تَهِنُوا وَلَا تَحْزَنُوا وَأَنْتُمُ الْأَعْلَوْنَ إِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ﴾ (آل عمران: ١٣٩).
بەگوێرەی ئەم ئایەتە پیرۆزە بارودۆخەکە هەرچەندە سەخت و دژوار بێت، بەڵام سەرەنجام رزگاربوون لە نەهامەتییەکان و زاڵبوون و سەرکەوتن مسۆگەرە، بە مەرجێك باوەڕداربن، بە جۆرێك هەریەکە و بە ئەندازەی خۆی لە ئاست بەرپرسیارێتی دۆخەکە دابێت.
ئایەتی دووەمیش دەربارەی ئەو کەسانەی بێ تاقەت و بێهیوان لە ژیانی دنیا دەفەرمووێت:﴿وَلَا تَهِنُوا فِي ابْتِغَاءِ الْقَوْمِ إِنْ تَكُونُوا تَأْلَمُونَ فَإِنَّهُمْ يَأْلَمُونَ كَمَا تَأْلَمُونَ وَتَرْجُونَ مِنَ اللَّهِ مَا لَا يَرْجُونَ وَكَانَ اللَّهُ عَلِيمًا حَكِيمًا﴾ (النساء: ١٠٤).
ئەو ئایەتە ئاماژە بەوە دەکات کە سرووشتی ژیانی دنیا وایە هەمووان تێیدا ماندوودەبن و ئەزیەت دەخۆن وەکو خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿لَقَدْ خَلَقْنَا الْإِنْسَانَ فِي كَبَدٍ﴾ (البلد:٤). (كبد) واتە: (تعب ومشقة).
کەواتە کاتێك ئازار و نەهامەتی دێن مانای وانییە کۆتایی دنیایە، بەڵکو ئەوە شێوازی ژیانە و دەبێ هەنگاوێك بێت بۆ هەڵسانەوە.
جیاوازییەکە ئەوەیە ﴿وَتَرْجُونَ مِنَ اللَّهِ مَا لَا يَرْجُونَ﴾ مسوڵمان هیوای بە خودا و رۆژی دوایی هەیە کەسانیتر ئەوەیان نییە.

هەڵوەستەی دووەم: بۆیە ئازیزان دەستگرتن بەم سێ خاڵەی خوارەوە دەبێتە مایەی بەخشینی هیوا و ئاوات بۆ تاك و کۆمەڵگە.
یەکەم: متمانە و بیروباوەڕی پتەومان هەبێت بە وەعد و بەڵێنەکانی خودا کە داویەتی بە ئیمانداران و مسوڵمانان، وەکو پێغەمبەر موسا سەلامی خوای لێ بێت کە فەرمووی:﴿قَالَ كَلَّا إِنَّ مَعِيَ رَبِّي سَيَهْدِينِ﴾ (الشعراء: ٦٢). یان وەکو باوکی پێغەمبەران ئیبراهیم سەلامی خوای لێ بێت کاتێك فڕێ درایە ناو ئاگرەکە فەرمووی:(حَسْبُنَا اللَّهُ وَنِعْمَ الْوَكِيلُ) صحيح البخاري (٦/ ٣٩). پێشەوای پێغەمبەرانیش محەممەد (دروودی خوای لەسەر بێت) لە ناخۆشترین دۆخدا کاتێك لەکاتی هیجرەت و لەو کاتەی لەناو ئەشکەوتی (ثور)دا خەرك بوو دوژمنەکانیان بیاندۆزنەوە بە ئیمامی ئەبوبەکری فەرموو: «مَا ظَنُّكَ بِاثْنَيْنِ اللَّهُ ثَالِثُهُمَا» صحيح البخاري (٦/ ٦٦).
دووەم: پارانەوە و خۆ هاوێشتنە دەخیلی خودا، خودای باڵادەست زۆری حەز لێیە لێی بپاڕێیەوە و خۆت دەخالەتی ئەو بکەی ﴿أَلَيْسَ اللَّهُ بِكَافٍ عَبْدَهُ﴾(الزمر:٣٦)
سێیەم: روحم و بەزەیی هاتنەوە بە یەکتری و یارمەتیدانی یەکتر، وەك پێغەمبەری سەروەر دەفەرمووێت: (ارْحَمُوا مَنْ فِي الْأَرْضِ يَرْحَمْكُمْ مَنْ فِي السَّمَاءِ) سنن الترمذي (٣/ ٣٨٨).

هەڵوەستەی سێیەم: بەڕێزان یەکێك لە ناخۆشییەکانی قۆناغی ئێستای مرۆڤایەتی بوونی ڤایرۆسی کۆرۆنایە، بەڵام دڵنیابن بە خۆپارێزی و دوعاو هیممەتبەرزی ئەم قۆناخەش تێدەپەڕێنین.

# کۆرۆناو

## کۆمەڵێك بابەتی پەیوەست

# پەتای كۆرۆناو روانگەی ئیسلام

**د.عبدالله مەلا سەعید گرتكی**

سەرۆكی یەكێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی كوردستان



خستە ڕووی تێڕوانینی ئیسلامو دەقەكانی شەریعەت لەمەڕ مامەڵەی دروستو پێویست بۆ خۆپارێزیو خەڵك پارێزی لەمەترسی ڤایرۆسی كۆرۆنا ئەركێكی پێویستە.

بۆ ئەوەی بزانین ئیسلام چۆنو تا چەند بایەخی بە پرسی سەلامەتیو پارێزراوی مرۆڤ داوە، دەبێ لە پەیوەندی نێوان ئایینو مرۆڤ ورد بینەوەو كە ئایا لە بنەڕەتدا تەواوكەری یەكترن یان دوو شتی لێكجیان؟

جارێ دەبێ ئەوە بزانین لە ڕووی تیۆریەوە ئیسلام ڕۆڵ بە مرۆڤ دەدات، بەو پێیەی ئیسلامە مرۆڤ ئاراستە دەكاتو ڕێڕەوی ڕاستەقینەی بۆ دیارو خێرو شەڕی بۆ دەستنیشان دەكات، بەڵام لەڕووی پراكتیكو عەمەلیەوە مرۆڤە ڕۆڵ بە ئیسلامو دەقەكان دەداتو لەسەر ئەرزی واقیع جێبەجێی دەكات، بۆیە چەقی یەكەمو كۆتا لە دیدی ئیسلام لەناو كۆی دروستكراوانی خودا مرۆڤە.

ئەگەر سەیری قورئانو دەقە پیرۆزە كان بكەین، ڕاشكاوانە ئەو ڕاستیە دەردەكەوێت، كە پێگەو ڕێزی مرۆڤ لەسەروو هەموو شتێكەوەیە، (وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ وَحَمَلْنَاهُمْ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ وَرَزَقْنَاهُمْ مِنَ الطَّيِّبَاتِ وَفَضَّلْنَاهُمْ عَلَى كَثِيرٍ مِمَّنْ خَلَقْنَا تَفْضِيلًا).

بۆیە لە پێناو پاراستنو سەلامەتبوونی خودی ئەو مرۆڤە چەندین دەقو ڕێساو بنچینەی تایبەت هەن، كە ئاماژە بە گرنگی ڕێكارەكانی پاراستنی مرۆڤو

بەرژەوەندیەكانی و دوورخستنەوەی زیان و مەترسیەكان لێی دەكەنەوە.

یەكێ لەو فەرمودانەی باس لە چۆنیەتی خۆپارێزی لە نەخۆشیە گوستراوەكان دەكات ئەوەیە كە دەفەرموێ: (**إِذَا سَمِعْتُمْ بِهِ بِأَرْضٍ فَلَا تَقْدَمُوا عَلَيْهِ وَإِذَا وَقَعَ بِأَرْضٍ وَأَنْتُمْ بِهَا فَلَا تَخْرُجُوا فِرَارًا مِنْهُ**).

بۆیە كاتێ ئیمامی عومەر ویستی بچێتە شامو لە رێگەدا عەرزیان كرد، كە ناخۆشی (تاعون) لە شام بڵاوبۆتەوە، وەستانێكی كردو دواتر كە ئەبو عوبەیدەی جەراح ئەم فەرمودەی خوێندنەوە، چوونی بۆ شام رەت كردەوە، ئەمەش بۆ قۆناغێكی وەك ئێستا نمونەیەكی گرنگە بۆ بەرچاو ڕوونی خەڵك كە لە ئاست وەها پەتایەك رێكاری خۆپارێزی بگرنە بەرو نەبنە مایەی تەشەنەكردن یان پشتگوێ خستنی رێنمایی و هەنگاوە پێویستەكان.

بەو پێیە بێت لەرووی تێگەیشتن لە دەق دروست نیە مرۆڤ ببێتە هۆكاری لە شوێنی بڵاوبوونەوەی پەتا بچێتە دەرەوە، هەروەك دروستیش نیە مرۆڤ سەردانی شوێن یان شارێك بكات كە پەتای لێ بڵاو بۆتەوە، چونكە لەهەردوو حاڵەت مەترسی زیان و تەشەنەكردنی لێ دەكرێت و لەوانەیە دەرەنجامی باش نەبێت یان بە زیانی زۆرتر تەواو ببێت، ئەمەش رێك پێچەوانەی ئەو فەرمودەیە، كە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) لەو بارەوە دەفەرموێ: (**لا ضَرَرَ ولَا ضِرَار**). كە بەهیچ شێوەیەك دروست نیە مرۆڤ زیان بەخۆی و دەوروبەری بگەیەنێ.

یەكێ لە بنچینەو مەبەستە پێویستەكانی شەریعەت سەلامەتی گیانی مرۆڤە (حفظ النفس) لەو پێناوە هەموو جۆرە هەڵسوكەوت و كردەیەكی قەدەغەو حەرام كردووە، كە زیانی بۆ گیانی مرۆڤ لێ بەدی بكرێت، یان ببێتە مایەی شڵەژاندن و شێواندنی باری جەستەیی و دەروونی مرۆڤ.

تەنانەت رێكترین بەرنامەی پاك و خاوێنی لەرووی رووكەش و ماددی و مەعنەوی و كۆی شتە پاك و حەڵاڵ و تەندروستەكان هەر لەپێناو سەلامەتی مرۆڤ داناوەو هەموو شتە زیانبەخش و پیسەكانیشی لێ قەدەغەو حەرام كردووە، وەك

لەو ئایەتەی خوای گەورە دەفەرموێ: (وَيُحِلُّ لَهُمُ الطَّيِّبَاتِ وَيُحَرِّمُ عَلَيْهِمُ الْخَبَائِثَ) هەرچیەك پاكو باشە حەڵاڵی دەكاو هەرچیەكیش پیسو نارێكە حەرامی دەكات.

لە سۆنگەی ئەمانەی سەرەوەو چەندین رێساو دەقی تر، یەكێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی كوردستان لە میانی هەست كردن بە بەرپرسیارێتی ئایینیو ئینسانی، هەر لەسەرەتای دەنگۆی بڵاوبوونەوەی مەترسی ئەو ڤایرۆسە (كۆرۆنا) كۆمەڵێك هەنگاوی گرنگی لەمەڕ هۆشیار كردنەوەی هاوڵاتیانو هاوكاری دەزگا پەیوەندارەكان بۆ سەرخستنی ئەو پرۆسەیە گرتە بەرو بەجددی كاری لەسەر كرد، بە حوكمی پێگەی زانایان لەناو كۆمەڵگەو مینبەری مزگەوتەكان كە كاریگەری زۆری بەسەر ئاراستەی كۆمەڵگەو هۆشیاركردنەوەی هاوڵاتیانەوە هەیە ئەو هەنگاوەی بە شێوەیەكی بەرفراوان دەسپێكردو سەرجەم لقەكانی راسپارد بۆ راوێژ لەگەڵ دەزگا مەعنیەكانو جێبەجێ كردنی رێكارە پێویستەكان بۆ ئەو مەبەستە.

دوای ئەمەش یەكێتی زانایان لە ٢٦ی٢ی٢٠٢٠ پەیامێكی تایبەتی لەو بارەوە بڵاوكردەوەو تێیدا جەختی لەوە كردنەوە، كە پێویستە هاوڵاتیان وەك هەوڵێكی خۆپارێزی پێشوەختە، بە چاكی پابەندی رێنماییەكانی وەزارەتی تەندروستی بن، چونكە باشترین رێگەچارە گرتنەبەری رێكارە تەندرووستییەكانە. لە هەمان كاتدا پێویستە تا ئەو ماوەیەی ئەو بابەتە كۆتایی دێت، هەموو گردبوونەوەیەكان سنووردار بكرێن.

یەكێتی زانایان هەڵمەتی هۆشیاری هاوڵاتیانی فراوانتر كردو لەسەر ئاستی كوردستانو بە مەبەستی گەنگەشە كردنی دۆخەو دیاركردنی رێكاری شەرعی لەو بارەوە رۆژی ٣ی٣ی٢٠٢٠ لەبارەگای مەكتەبی تەنفیزی یەكێتی زانایان بە بەشداری سەرجەم ئەندامانی ئەنجومەنی باڵای فەتوا كۆبوونەوەیەكی فراوان بەرێوەچوو، كە تێیدا وێرای شرۆڤەی بابەتیانە مەترسی نەخۆشی كۆرۆنا،

تەوەری کۆبوونەوەکەی لەسەر سیٚ تەوەر خستە بەرباسەوە:
یەکەم: دیاریکردنی رێکاری شەرعی پەیوەست بە خۆپارێزی لە نەخۆشی کۆرۆناو خستنەرووی هەڵوێست و تێڕوانینی ئیسلام لەو بارەوە.
دووەم: شێوازی هاوکار بوون و نەخشەرێی پاڵپشتی و سەرخستنی هەنگاوەکانی حکومەتی هەرێم تایبەت بەو پرسە لە چوارچێوەی رێکارە ئیدارییەکانی هەردوو وەزراەتی ناوخۆو تەندروستییەوە.
سێیەم: گفتوگۆکردن لەمەڕ راگرتنی مەراسیم و دروشمە ئایینیەکان لە کوردستان.
سەرەنجام کۆبوونەوەکە بە هەشت رێکاری شەرعی پوخت و واقعی لە دەزگاکانی راگەیاندن بڵاو کرایەوەو لە نێویشیاندا ئاماژە بەوەکرا، کە هەر کات مەترسی بڵاوبوونەوەی ئەو نەخۆشیە زیاتر بوو، ئەوە دەزگا مەعنیەکان بۆیان هەیە بڕیار لە سرووت و دروشمەکانی ئایینی وەك نوێژی بە کۆمەڵ و راگرتنی وتاری هەینی بدەن.
ماوەتەوە بڵێم: مایەی خۆشحاڵیە کە مامۆستایانی ئایینی رۆڵی دیارو بەرچاویان هەبوو لە هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگەو پاڵپشتی بڕیاری حکومەت و نیشاندانی ئەو راستیە کە ئیسلام لە پێناو سەلامەتی و خزمەتی مرۆڤ هاتووەو هەر کات ژیان و تەندروستی مرۆڤ کەوتە مەترسی دەکریٚ سەرجەم مەراسیمە ئایینیەکان رابگیرێن، هاوکات لەگەڵ دەرچوونی ئەم بڕیارە سەرجەم مامۆستایان پابەند بوون و سەلماندیان کە مرۆڤ لەهەموو شتێك لە پێشترە، بۆیە پێویستە سەرجەم رێکارەکان لە پێناو دووربوونی کوردستان لە مەترسی ئەو پەتایەو بڵاوبوونەوەی بگیرێتە بەر.

# کۆرۆناو واقیعبینی لیژنەی فتوای هەرێمی کوردستان



م. مەلا خالد حەمە تۆفیق

هەمیشە لە مێژووی ئیسلامدا فەتوا ڕۆڵێکی گرنگ و هەستیاری بینیوەو" کاریگەری بووە لەسەر کۆمەڵگەو ژیانی هاوڵاتیان" چونکە بەشێوەیەکی گشتی کۆمەڵگە موسڵمانەکان چاویان لە پێشەواو زاناکانیان بووە کە هەڵوێست و ڕێڕەوی ڕاست و دروستیان بۆ دەستنیشان بکەن و لەهەرهەڵەو گوناهو دەرەنجامێکی خراپی دنیایی و قیامەتی بیانپارێزن.

لێرەوە دەبێ زانایانی ئاینی بەشێوەیەکی گشتی و پسپۆڕانی بواری فەتوا بەتایبەتی ترسناکی گرنگی پێگەو ئەرکیان بزانن و بەهیچ شێوەیەك کەمتەرخەمی نەکەن.

ئەوەی کەلەم کات و ساتەدا کە(ڤایرۆسی کۆرۆنا) بڵاوبوەتەوە بینیمان و بەدی دەکەین بریتیە لە فتوای زانایانی زۆرێك لە وڵاتانی ئیسلامی دەربارەی ڕاگرتنی ئەنجامدانی ڕێ و ڕەسمی نوێژی هەینی و نوێژە بەکۆمەڵەکان لە مزگەوتەکان.

لیژنەی باڵای فتوای هەرێمی کوردستان زوو کۆبوویەوەو چەند بڕیارو ڕاسپاردەیەکی پێویستیان دەرکردو داوایان لە موسڵمانان کرد پابەندبن پێوەی. بەڵام ئەوە بوو زۆری بەسەردا نەچوو سەرەتای ڤایرۆسەکە گەیشتە سلێمانی و یەکەم تووشبوو لەوێ تۆمارکرا و گومانی ئەوەش هەبوو کە کەسانی تریش تووش بووبن و بەخۆیان نەزانیبێ و ئەمەش ببێتە هۆکاری زیاتر بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکەو پاشان ئەستەم بێت کۆنترۆڵ کردنی و ڕێ لێگرتنی" بۆیە لیژنەی

فـەتوای سـلێمانی زوو بـەزوو کۆبوونـەوەو پـاش لێکۆڵینـەوەی بارودۆخەکـەو وەرگرتنی رای پزیشکە پسپۆڕەکان و بەهەماهەنگی لەگەڵ پارێزگارو بەرپرسانی ئیـداری پارێزگاکـە بڕیاریانـدا بـە ڕاگـرتنی نوێـژی هـەینی و سـەرجەم نوێـژە بەکۆمەلەکان و فتوایاندا کە تەنها بانگ بدرێت و خەڵك نەڕۆن بۆ مزگەوت و بانگ بێژیش پـاش بانگەکە بڵێـت: (صـلوا فی بیـوتکم)واتـە: نوێـژەکانتان لەماڵـەکانتان بکەن.

تا ئێرە تـەواوەو جێی دەست خۆشیەو پێویستە ئەو هەست بە بەرپرسیارێتی کردنە بەرز بنرخێنرێت و مێژوو بۆیان تۆمار بکات.

بـەڵام ئـەوەی جێـی سـەرنج و پەنـد وەرگرتنـە ئەوەیـە کـە پـاش ڕاگەیانـدن و بڵاوکردنەوەی فتواکە دەست بەجێ لیژنەی فەتواو ئەو مامۆستا بەڕێزانە کەوتنـە بەر نەشتەری توانج و تۆمەتی جۆراوجۆر لەلایـەن هەندێك لـە زانایـان و کەسانی ترەوە" هەندێك بە ئاشکراو هەندێك لەژێر لێوەوەو لێرەو لەوێ بەداخەوە درێغیان نـەکرد لـە بێ بایـەخ کردنـی فتواکەو نادروسـتی لای موسـڵمانان. بـەڵکو هەنـدێك زۆر بەتووڕەیی هەواڵی تووشبوونی ئەو زانا بەڕێزە تووش بوەیان بە ڤایرۆسەکە ڕەد دەکردەوەو بە پیلانیان دەزانی دژی موسڵمانان.

وە ئەوە بوو ژمارەیەکی بەرچاویش لـە موسـڵمانانی بەپـەرۆش و خـوێن گـەرم بـۆ مزگـەوت و نوێـژە بەکۆمەڵـەکان فتـواو بڕیارەکـەیان شـکاندو لـەدەرەوەی هەنـدێك لەمزگەوتەکان و لەسەر شۆستەکان نوێژەکانیان ئەنجام دەدا.

لێرەوەو پاش ئەو واقیعـەی کە دەیبیـنین سـەرزەوی چۆن گرفتـار بـووە بەدەسـت ئـــەم نەخۆشـــی و پـــەتاوە" ئـــەوەتا وڵاتـــە پێشـــکەوتوو خـــاوەن تەکنـــەلۆژیاو زلهێزەکانی دنیاش بە گیرهاتوون و بۆیان کۆنترۆڵ ناکرێت جێـیٚ خۆیـەتی بڵـێین دەست خۆش لیژنەی فتوای باڵاو لیژنەی فتوای سلێمانی بەڕاسـتی سـەلماندتان خـاوەن زانسـتی قـوڵ و فـراوانن و " واقیـع بـین و وردبـین و دووربیـنن و" دڵسـۆزو خەمخۆری گەلن و" خۆتان بە بەرپرسیاری دنیاو دواڕۆژی ئەم گـەل و نیشـتیمانە

دەزانن.

لەوانەیە هەندێك بەڕێز بڵێن: فتواکەیان کاتەکەی زوو بوو بۆیە جێی گلەیی بوو" منیش دەڵێم: جا باشە ئەگەر نەخۆشیەکە بڵاو بوویەوەو کار لەکار ترازا ئیتر پاش چی؟! گرنگ ئەوەیە زوو فریا بکەویت و ڕێی لێ بگریت.

زانایانی کورد لە مێژوودا هەمیشە پێشەنگ و ئازاو بوێرو خاوەن زانستی فراوان و نیشمانپەروەرو دڵسۆز بوون و خزمەتی زۆریان بەگەلەکەیان و ئاینی پیرۆزی ئیسلام کردووەو" باشترین بەڵگەش ئەو هەموو پەڕتووك و نوسراوانەیە لەزۆربەی زانستە شەرعیە جۆراو جۆرەکاندا" کە هەندێکیان وەك سەرچاوەو پڕۆگرامی خوێندن لە زانکۆو پەیمانگا و خوێندنگە ئیسلامیەکاندا لە جیهاندا دەخوێنرێن و سوودیان لێ وەردەگیرێت.

لە هەندێك وڵات و دوای ئەوەی کارلەکار ترازا و پاش بڵاو بوونەوەی ڤایرۆسەکە تازە بەخەبەر دێنەوەو فتوای ڕاگرتنی نوێژی هەینی و نوێژە بەکۆمەڵ و پرسەکان دەدەن.

بۆیە با پەند لەڕووداوەکان وەرگرین و با گومانی باش بەزانایانی بەڕێزو لیژنەی فتوا بەرین و هەوڵ و تێکۆشان و زانست و تێگەشتن و واقیعبینی و دڵسۆزیان بنرخێنین.



# روانگەی شەریعەت‌و سیستەم‌و بایەخی خۆپارێزی‌و کەرەنتینە



## مەلا عبداللە شێرکاوەیی

ئەوەی رێکخراوی تەندروستی جیهانی‌و تەندروستی زۆربەی وڵاتان پەیوەست بەخۆپارێزی‌و بایەخدان بە سەلامەتی بە پێویستی دەزانێت، چواردە سەدەیە ئیسلام باسی لێوە کردووە، کەواتە ئیسلام نەك ناكۆك نیە لەگەڵ زانستی نوێ، بگرە هەرچیەك لەو سەردەمەی پێشکەوتن‌و تەکنەلۆژیا بە باش ببیندرێت، یان ئیسلام باسی لێوە کردووە، یان یەکدەگرێتەوە لەگەڵ ناوەرۆك‌و جەوهەری ئیسلام!

سیستەمی خۆپارێزی‌و پەروەردەی تەندروستی‌و بەرگری جەستە لە دیدی شەریعەتدا پرسێکی هەستیارو پڕ بایەخە، وەك چۆن ئیسلام رێساو خۆراك‌و رێچکەی دروستی بۆ لایەنی رۆحی مرۆڤ دیارکردووە، بەهەمان شێوە بنچینەی گرنگی بۆ پارێزگاری‌و سەلامەتی جەستە داناوە، بەو پێیە جەستەی تەندروست زیاتر لەبارە بۆ پێشوەچوون‌و گەشەی هزرو ژیرو قودرەتی ئیدارەدان‌و هەڵسەنگاندن‌و راگرتنی هاوسەنگی، ئەوەی هۆشیاری‌و هەستی بایەخدان بەجەستەی کەم یان لاواز بێت، ئەگەری سوودو خزمەت‌و بەرهەمی کەمتر لێ چاوەڕوان دەکرێ.

بۆیە قورئان کاتێ وێنایەکی مێژوویی باس دەکات، جەخت لە هەردوو بنەمای زانست‌و جەستەی تەندروست دەکاتەوە، بۆ نمونە لە پیشاندانی تایبەتمەندی‌و کەسێتی (تالوت پێغەمبەر- سەلامی خوای لەسەر بێت) بەسەر بەنی ئیسرائیل

دوو خەسڵەت رەچاو دەکات، توانای زانستیو جەستەیی وەك دوو پێکهاتەی گرنگ لە دیارکردنی رێچارەو بیرکردنەوەی دروست دادەنێ، وەك دەفەرموێ: (إِنَّ اللَّهَ اصْطَفَاهُ عَلَيْكُمْ وَزَادَهُ بَسْطَةً فِي الْعِلْمِ وَالْجِسْمِ)البقرة: ٢٤٧، واتە: بەڕاستی خوا (تالوت)ی هەڵبژاردووەو پەسەندی کردووە بەسەرتانداو زانستو زانیاری زۆرو لاشەیەکی بەهێزو گەورەشی داوەتێ.

پەیوەست بەهەمان میتۆد، پێغەمبەری ئیسلام (درودی خوای لەسەر بێت) ئاماژە بەو سیما گرنگەی هێزو توانای جەستەیی، هاوشێوەی لایەنی ئیمانیو رۆحی دەکات، بەو پێیە بنچینەی ژیانێکی ساغلەمو پڕ وزەو هێزی پێشکەوتن بێ بوونی پەروەردەیەکی تەندروست بەرهەم نایێت، بۆیە دەفەرموێ: (الْمُؤْمِنُ الْقَوِيُّ خَيْرٌ وَأَحَبُّ إلي اللَّهِ من الْمُؤْمِنِ الضَّعِيفِ) رواه مسلم.

تەندروستیو لەشساغی گەورەترین بەخششە لە دونیا، چونکە ژیانو بەختەوەری پەیوەستن بە تەندروستیەکی باش، بۆیە تا ئەوپەڕی بایەخدان ئیسلام گرنگی بەم پرسە داوەو زۆر پێداگیرە بۆ پاراستنی، تەنانەت پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) هانی یاوەرو دۆستانی داوە، کە نزای تەندروستیەکی باش بکەن، چونکە دوای ئیمان هیچ شتێك بەئەندازەی ساغیو تەندروستی گرنگو گەورە نیە، وەك دەفەرموێ: (سَلُوا اللَّهَ الْمُعَافَاةَ فَإِنَّهُ لَمْ يُعْطَ أَحَدٌ مِثْلَ الْيَقِينِ بَعْدَ الْمُعَافَاةِ) رواه ابن حبان.

لەوەش زیاتر پێغەمبەر (سەلامی خوای گەورەی لەسەر بێت) بەهایەکی گرنگی بۆ پیشەو پێگەی زانستی پزیشکی داناوەو بەرنامەیەکی تۆکمەو وردو هەمەلایەنەو گشتی بۆ لایەنی پزیشکی ئاماژە پێکردووە، کە گەورە زانایانی ئیسلام بە (الطب النبوي) ناوی دەبەنو لەرووی چارەسەری جەستەییو مەعنەوی ئاماژە بە کۆمەڵێك دەردو دەرمان دەکاو سەرنج دەخاتە سەر بەشێکی خواردنو خواردنەوەو میوەو وەرزشو خۆپارێزی ..هتد.

لە شێوازی راگرتنی هاوسەنگی چەندو چۆنیەتی خواردنو گرنگی دان بە گەدەو

شێوازی جوان هاڕینی خواردەمەنیەکان‌و زۆر نەخواردن‌و لەبەرچاوگرتنی تەندروستی گەدەو کۆ ئەندامی هەناسەدان، کە زۆر جار گوێبیستی ئەوەین گەندە سەرچاوەی بەشێکی زۆری نەخۆشیەکانە، پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) هێمای بۆ ئەوە کردووە، کە پێویستە مرۆڤ بۆ تێرکردنی جەستەو وەرگرتنی وزەو ئاسایی بوونی هەناسە گەدەی خۆی بکاتە سێ بەش، بەشێکی بۆ خواردن بەشێکی بۆ خواردنەوەو بەشەکەی تریش بۆ ئاساییبوونی هەناسە، کە بەپێی توێژینەوەی پسپۆڕان ئەم هەنگاوە کاریگەری ئەرێنی زۆری هەیە لە پاراستنی جەستەو گێڕانەوەو کەمردنەوەی نەخۆشی، ئەمەش بایەخدانی پێغەمبەرە بە بواری پەروەردەی تەندروستی و خۆپاریزی، وەك دەفەرموێ: (**ما مَلَأَ آدَمِيٌّ وِعاءً شَرًّا من بَطْنٍ بِحَسْبِ بن آدَمَ أُكُلَاتٌ يُقِمْنَ صُلْبَهُ فَإِنْ كان لَا مَحَالَةَ فَثُلُثٌ لِطَعَامِهِ وَثُلُثٌ لِشَرَابِهِ وَثُلُثٌ لِنَفَسِهِ**) رواه الترمذي. کە ئەمە بە بنچینەیەکی گرنگ و کۆکەرەوەی خۆپارێزی هەژمار دەکرێت.

وەنەبێ ئیسلام تەنها لە چوارچێوەی دەق ئاماژەی بە گرنگی ئەو بابەتە کردبێ، بەڵکو هەر کەس شارەزایی لەبواری شەریعەتەوە هەبێت ئەو راستیەی بۆ دەرەکەوێت، کە ئیسلام کۆمەڵێك رێسای تایبەت بە سەلامەتی جەستەو پەروەردەی تەندروستی لەخۆ گرتووە، کە بەدرێژایی مێژووی ئیسلام هەموویان جێی بایەخ‌و تێڕامانی پزیشکان‌و زانستی پزیشکی‌و تەنانەت تەکنەلۆژیای سەردەم بوونە، کە بە فاکتەری سەرەکی پاراستنی مرۆڤ لە زۆربەی نەخۆشیە کوشندەو باوەکان دادەنرێن.

بە وردبوونەوەو تێڕامان لە کۆی دەق‌و رێکارە شەرعیەکانی تایبەت بە سیستەمی بەرگری جەستەو پەروەردەی تەندروستی، ئەو راستیە روونتر دەرەکەوێت، کە ئیسلام چەند بە گرنگیەوە لە رێنمایی خۆپارێزی‌و سەلامەتی مرۆڤ دەڕوانێت‌و باسی لێوە کردووە:

## یەکەم: پاك‌و خاوێنی

بابەتی پاك‌و خاوێنی لە ئیسلامدا زۆر بایەخ پێدراوە، بناغەی زۆرینەی سەرچاوە فیقهیەکان بە باسی (پاك‌و خاوێن)ی دەست پێدەکات، چونکە یەکێکە لە کۆڵەگە گرنگەکانی ژیان‌و تەندروستی مرۆڤ‌و گەشەکردن‌و سەلامەتی لە نەخۆشیە کوشندەکان، شتە زیان بەخش‌و پیسەکانی لێ حەرام کردووەو پابەندیشی دەکات بە چەند ڕێسایەکی پاك‌و خاوێنی‌و دەرەنجام پەیوەستی دەکات بە چەمکی ئیمانەوە، هەروەك دەفەرموێت: (إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ التَّوَّابِينَ وَيُحِبُّ الْمُتَطَهِّرِينَ) البقرة: ٢٢٢. یان (الطُّهُورُ شَطْرُ الإيمان) رواه مسلم، واتە: پاك‌و خاوێنی بەشێکە لە بەشەکانی ئیمان.

ئەمە پاك‌و خاوێنی جەستەو جلوبەرگ‌و ماڵ‌و شوێن‌و خواردن‌و خواردنەوەو دەرەکی‌و ناوەکی‌و تەنانەت دەروونیش دەگرێتەوە، بۆیە ئیسلام لەچەند لایەکەوە بایەخ بەو پرسە دەدات‌و پێداگیری لەسەر دەکات، لەوانە:

١- **دەستونوێژ**: ئەمە مەرجی یەکەمی خواپەرستیەکی وەك نوێژە، خوای گەورە لە قورئانی پیرۆز فەرمانی پێ دەکات‌و دەفەرموێ: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا قُمْتُمْ إِلَى الصَّلَاةِ فَاغْسِلُوا وُجُوهَكُمْ وَأَيْدِيَكُمْ إِلَى الْمَرَافِقِ وَامْسَحُوا بِرُءُوسِكُمْ وَأَرْجُلَكُمْ إِلَى الْكَعْبَيْنِ)المائدة:٦، واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە: کاتێك ویستتان هەستن بۆ نوێژ (پێش ئەوە دەست نوێژ بگرن، بەم شێوەیە): سەرەتا ڕووخسارتان بشۆن، ئینجا دەستەکانتان لەگەڵ ئەنیشکتاندا، پاشان دەستی تەڕ بهێنن بەسەر سەرتاندا، قاچەکانیشتان بشۆن لەگەڵ قولە پێتاندا.

هاوشان پێغەمبەری ئیسلام(درودی خوای لەسەر بێت) بەدەر لە شۆردنی ئەندامە دیارکراوەکانی جەستە لەکاتی دەستونوێژدا، ئاوو لە لووت‌و دەم وەرکردن‌و دەستهێنان بە گوێچکەکان‌و شۆردنی نێوان پەنجەکان‌و سێ جار بەکارهێنانی ئاوو لە ئەندامەکان بە سوننەت دادەنێ، کە مەبەستی سەرەکی لەپاڵ بەجێگەیاندنی ئەم ئەرکە، پاك‌و خاوێنی ڕاگرتن‌و بایەخدانە بە

سەلامەتی و پەروەردەی تەندروستی.

پسپۆڕان و زانایانی بواری پزیشکی باس لە کۆمەڵێك سوودی گرنگی لایەنی تەندروستی دەستونوێژ دەکەن، وەك:

أ_ ئەو شۆردنەی دەست و دەم و چاوو ئەندامەکان لەکاتی دەستونوێژدا، فاکتەری لاچوونی چەوری و پیسی و ئارەقەیە لەسەر پێست و کاردانەوەی زۆری هەیە لە چالاککردنی جەستەو ڕێخۆشکردنی هەڵمژینی هەوای پاك و هاوسەنگکردنەوەی لێدانی دڵ و دواجار لەرێی هەستەوەرەکانەوە کاریگەری ئەرێنی لەسەر دەرون و تەواوی جەستە دروست دەکات.

ب_ پاکبوونەوەی لووت لە ڤایرۆسەکان و پاراستنی چاوو لە پیسی و میکرۆب و نەخۆشیەکان.

ج_ پاراستنی پێست لە نەخۆشیەکان و بەتایبەت دەست و دەم و چاو، کە شوێنی بەرکەوتەو وەرگری نەخۆشی و میکرۆبن، ئەگەر رۆژانە بەو شێوەیە بشورێن بەرگری پێویست مسۆگەر دەکەن و مرۆڤ دەپارێزن.

د_ پاراستنی سگ لەو ڤایرۆس و میکرۆبانەی زیاتر لەرێی دەمەوە دەچنە ناوی و نەخۆشی بڵاودەکەنەوە .

٢- **خۆشۆردن**: ئیسلام زۆر بە روونی باسی لە گرنگی و پێویستی خۆشۆردن کردووە، لەهەندێ حاڵەت بە واجبی دادەنێت، وەك: (دوای سەرجێی و ئیحتیلام بوون (**وَإِنْ كُنْتُمْ جُنُبًا فَاطَّهَّرُوا**) و سوری مانگانەی ئافرەت و هتد..). وە پتر لە ١٥ حاڵەتیش بە سوننەتی داناوە مرۆڤ خۆی بشوات.

پسپۆڕان لەبارەی خۆشۆردنەوە دەڵێن: دوای سەرجێی و لەشگرانی، جەستە وزەو چالاکی خۆی لەدەست دەدات، تەنها بەخۆشۆردن چالاك دەبێتەوە.

٣- **ددان شوشتن**: پاك و خاوێن راگرتنی دەم و ددان خواستێکی دیکەی ئیسلامە، بۆیە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) دەفەرموێ: (**لَوْلَا أَنْ أَشُقَّ على أُمَّتِي أو على الناس لَأَمَرْتُهُمْ بِالسِّوَاكِ مع كل صَلَاةٍ**)رواه البخاری. یاخود

دەفەرموێ: (السِّوَاكُ مَطْهَرَةٌ لِلْفَمِ)رواه البخاری. ئامانج لە بەکارهێنانی سیواك زیاتر بۆ پاك و خاوێن راگرتنی دەم و ددان و نەهێشتنی بۆن و پیسەکانی ناو دەم و سەر پوك و رەچاوکردنی لایەنی تەندروستیە.

٤- **ئەندامەکانی تری جەستە**: ئیسلام بایەخ بە پاك و خاوێن راگرتنی تەواوی جەستە دەدات، لە مووی زیادو نینۆکردن و کوتکردنەوەی سمێڵ و پاکی بن هەنگڵ و.. هتد. وەك پێغەمبەر خوا (درودی خوای لەسەر بێت) دەفەرموێ: (خَمْسٌ من الْفِطْرَةِ الْخِتَانُ وَالِاسْتِحْدَادُ وَنَتْفُ الْإِبْطِ وَتَقْلِيمُ الْأَظْفَارِ وَقَصُّ الشَّارِبِ) رواه البخاری.

٥- **پاك‌وخاوێنی جلوبەرگ**: ئیسلام لەکاتی پەرستشەکاندا بەتایبەت نوێژ پاك و خاوێنی جلوبەرگ بە پێویست دەزانێت، ئەگەر کەسێك بە بەرگی پیسەوە نوێژ بکات و ئاگاداری پیسیەکەش بێت ئەوە نوێژەکەی دروست نیە، ئەمە ئاماژەیەکی گرنگە کە ئیسلام چەندە بایەخ بە خاوێنی جلوبەرگ دەدات، ئەوەندەش ئامانجیەتی مرۆڤ رابێنێ لەسەر بایەخدان بە خۆ پاك ڕاگرتن، کە دواجار ئەمە کاردانەوەی بەسەر تەندروستی و پاکڕاگرتنی دەرونیشەوە هەیە، خوای گەورەش لەقورئانی پیرۆز دەفەرموێ: (وَثِيَابَكَ فَطَهِّرْ) المدثر:٤. واتە: پۆشاکت (دڵ و دەروونت، رەفتارت، هەر هەمووی) خاوێن بکە (خۆت و شوێنکەوتووانت).

٦- **تارەتگرتن و دەست شۆردن**: لەئەمەشدا ئیسلام بە پێویستی دەزانێت مرۆڤ لەکاتی سەرئاوکردن خۆی بەجوانی بەئاوو پاك بکاتەوە، ئەمەش بۆ لابردنی پیسی و سەلامەتی جەستە و پاك ڕاگرتن و تەندروستی مرۆڤە.

هەروەك ئاماژە بەوەش دەکات مرۆڤ لەکاتی هەڵستانی لەخەوو دەستەکانی خۆی بشوات ئینجا بەکاریان بێنێ، هەروەك پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) دەفەرموێ: (إِذَا اسْتَيْقَظَ أَحَدُكُمْ مِنْ مَنَامِهِ فَلا يَغْمِسَنَّ يَدَهُ فِي إِنَائِهِ حَتَّى يَغْسِلَهَا ثَلاثًا فَإِنَّهُ لا يَدْرِي أَيْنَ بَاتَتْ يَدُهُ)رواه البخاری. تەنانەت لەکاتی خواردنیش پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) فێری کردوین دەستەکانمان بشۆین، وەك

دەفەرمویٚ: (بَرَكَةُ الطَّعَامِ الوُضُوءُ قَبْلَهُ وَالوُضُوءُ بَعْدَهُ) .

٧- **پاكو خاوێنی كەلو پەلی ناو ماڵ**: وەك كەرەستەی خواردن‌و خواردنەوەو داپۆشینی ئەو شتانەی پێویستیان بە داپۆشین هەیە، هەروەك پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) دەفەرمویٚ: (غَطُّوا الْإِنَاءَ وَأَوْكُوا السِّقَاءَ وَأَغْلِقُوا الْبَابَ)رواه مسلم. واتە: سەری قاپ‌و خواردنەكان داپۆشن‌و سەری شلەمەنیەكانیش جوان بگرن‌و دەرگاكانیش دابخەن.

بەو ئەندازەیە ئیسلام گرنگی بە پاك‌و خاوێنی داوە، كە هۆكاری گەشەی جەستەو زامنی سەلامەتی‌و پەیڕەوكردنی سیستەمی پەروەردەیەكی تۆكمەی تەندروستی‌و بەرزكردنەوەی بەرگری لەشە لەكاتی نەخۆشی‌و ناخۆشیدا.

ئێستا لەگەڵ هاتنی ڤایرۆسی كۆرۆنا هەموو دونیا بەتایبەت رێكخراوی تەندروستی جیهانی‌و پزیشكان‌و پسپۆڕانی بواری نەخۆشیە كوشندەو درمیەكان، تەئكید لەو پاك‌و خاوێنیانە دەكەنەوە، كە هۆكاری چارەسەری‌و زاڵبوونە بەسەر نەخۆشیەكەدا.

### دووەم: خواردن‌و خواردنەوە

جەستە پێویستی بە خواردنە بۆ ئەوەی وزە وەربگرێت‌و چالاك بی‌و توانای بەرێوەبردنی كاروبارەكانی ژیانی هەبێت، لەسەر ئەو بنەمایە ئیسلام هاتووە لایەنی خواردن‌و خواردنەوەی مرۆڤی رێكخستووەو رێنمایی‌و رێكاری گرنگی لەو بارەوە داناوە، بەتایبەت رەچاوكردنی هاوسەنگی‌و زیادەڕەوی نەكردن لە خواردن‌و خواردنەوە، وەك خوای گەورە دەفەرمویٚ: (وَكُلُوا وَاشْرَبُوا وَلَا تُسْرِفُوا إِنَّهُ لَا يُحِبُّ الْمُسْرِفِينَ)الأعراف: ٣١. واتە: بخۆن‌و بخۆنەوە (لە نازو نیعمەتەكان) بەڵام زیادەڕەوی مەكەن، چونكە بەڕاستی خوا لە سنوور دەرچووان‌و زیادەڕەوانی خۆش ناوێت .

ئەو زیادەڕەویە مەترسی لەسەر گەدەو شێوازی هەزمكردنی دەبێت، بۆیە ئیسلام

لە چۆنیەتی و چەندایەتی و شێوازی خواردن و ڕەچاوکردنی ئادابی پەیوەستەوە، بایەخێکی زۆری بەم پرسە داوە، کە هەر کەس پێوەی پابەند بێت وێڕای سوود بینین و خۆراهێنان لە پەروەردەی تەندروستی خواردن، ئەگەری نەخۆشی و کاردانەوەی نەرێنی لەخۆی دوور دەخاتەوە و سەلامەتی خۆی زامن دەکات .

لەسەرو هەموو ئەمانەشەوە هەڵبژاردنی خواندنی پاك و خاوێن و خۆپارێزی لە خواردنە پیس و قەدەغە کراوەکان، خوای گەورە لە قورئانی پیرۆز دەفەرموێ: (**يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُلُوا مِنْ طَيِّبَاتِ مَا رَزَقْنَاكُمْ وَاشْكُرُوا لِلَّهِ إِنْ كُنْتُمْ إِيَّاهُ تَعْبُدُونَ * إِنَّمَا حَرَّمَ عَلَيْكُمُ الْمَيْتَةَ وَالدَّمَ وَلَحْمَ الْخِنْزِيرِ وَمَا أُهِلَّ بِهِ لِغَيْرِ اللَّهِ**)البقرة: ١٧٢و١٧٣. واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، بخۆن لەو ڕزق و ڕۆزیە چاك و باشانەی کە پێمان بەخشیوون و بەردەوام سوپاسگوزاری خوا بکەن ئەگەر ئێوە تەنها ئەو دەپەرستن، (خوای پەروەردگار) تەنها مردارەوە بوو و خوێن و گۆشتی بەرازو ئەو ماڵاتانەی کە ناوی غەیری خوایان لەکاتی سەربڕیندا لەسەر هێنراوە، حەرامی کردووە لێتان.

أ_ خواردنە قەدەغەکراوەکان: بەپێی ڕوانگەی شەریعەت مەرجە خواردنەکان حەڵاڵ و پاك بن، نەك پیس و حەرام، چونکە ئەمە کاردانەوەی ڕاستەوخۆی لەسەر تەندروستی مرۆڤ دەبێ و زانستی پزیشکی و پسپۆڕانی بواری تەندروستیش بە هەموو ئاست و پێوەرێك جەخت لەو ڕاستیە دەکەنەوە، کە خواردنی پاك سوودبەخشە و خواردنی پیس زیانی زۆری هەیە.

لە ئیسلامدا مرداربوو، گۆشتی سەگ و بەراز، مەیمون و پشیلە، دڕندەو باڵندەی نینۆکداری بەهێز، قالۆچەو سیسارك، مارو دووپشك، مشك و جورج و.. هتد، ڕێگەپێدراوو حەڵاڵ نین، لەو بارەوە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) دەفەرموێ: (**نهى عن كل ذِي نَابٍ من السِّبَاعِ وَعَنْ كل ذِي مِخْلَبٍ من الطَّيْرِ**)رواه مسلم. یان دەفەرموێ: (**خَمْسٌ من الدَّوَابِّ كُلُّهَا فَوَاسِقُ تُقْتَلُ في الْحَرَمِ الْغُرَابُ وَالْحِدَأَةُ وَالْكَلْبُ الْعَقُورُ وَالْعَقْرَبُ والفارة**)رواه مسلم.

بەپێی راپۆرتی زانستی نویٚ دەرکەوتووە: کە خواردنی گۆشتی ئەو جۆرە دڕندانە بەتایبەت سەگو بەرازو مشك، دەبێتە هۆی دروستبوونی نەخۆشی کوشندە لە جەستەی مرۆڤ، لەوانەش نەخۆشی (تریشینیا)و سەرهەڵدانی نەخۆشی (کۆرۆنا) لە ئێستادا، کە پزیشکان ئاماژەی بۆ دەکەن، چونکە ئەو جۆرە ڤایرۆسو میکرۆبە مەترسیدارەو بەزوویی لەجەستە تەشە دەکاو لەچارەسەر دەردەچێت.

ب_ خواردنەوەی عارەقو بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان

ئیسلام خواردنەوەی عارەقو مادە هۆشبەرەکانی لەپێناو سەلامەتیو تەندروستی مرۆڤ حەرام کردووە، چونکە بەپێی توێژینەوە زانستیو پزیشکیەکان دەرکەوتووە زیانو مەترسی زۆری لەسەر لایەنی تەندروستی مرۆڤ هەیە، خوای گەورە دەفەرمویٚ: (إِنَّمَا الْخَمْرُ وَالْمَيْسِرُ وَالْأَنْصَابُ وَالْأَزْلَامُ رِجْسٌ مِنْ عَمَلِ الشَّيْطَانِ فَاجْتَنِبُوهُ) المائدة: ٩٠. واتە: دڵنیابن کە عەرەقو قومارو گۆشتی ماڵاتی سەربڕاو بۆ غەیری خوا لەو شوێنانەی کە خەڵك بەپیرۆزی داناوە نەك ئیسلام، بورج و حەرام و حەلاڵ زانین بەهۆی هەڵدانی زارەوە ئەمانە هەر پیسنو لەکاروکردەوەی شەیتانن، کەواتە ئێوەش خۆتانی لیٚ دوور بگرنو خۆتانی لیٚ بپارێزن.

لە ئێستادا روون بۆتەوە، کە وڵاتە زلهێزەکانو رۆژئاوا گەیشتونەتە ئەو قەناعەتە، کە بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکانو خواردنەوەی مەی بۆتە نەگبەتێكو کۆمەڵگەی لەبەریەك هەڵوەشاندووە، وێڕای زیانە تەندروستیو مادديەکان، فاکتەری سەرهەڵدانی سەدان نەخۆشی کوشندەی گیانینو مەترسیەکانی لە ئەژمار نایەن، بۆیە لەزۆربەی وڵاتان بەپێی یاساش قەدەغکراون، بەڵام نەیانتوانیوە بنبڕی بکەن، بۆیە ئیسلام پتر لە چواردە سەدەیە بایەخی تەواوی بەو پرسە داوەو بەهەموو شێوەیەك قەدەغەی کردووە، لەپێناو کەرامەتو عەقڵو پاراستنی گیانو ماڵو بایەخدان بەتەندروستی مرۆڤەوەیە .

## سێیەم: خۆپارێزی و کەرەنتینە

ئیسلام پێشکەوتووە لە دانانی رێکاری خۆپارێزی و گرتنەبەری هۆیەکانی سەلامەتی، ئەوەی بە زاراوەی هەنوکە پێی دەگوترێ (کەرەنتینە– الحجر الصحی)، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ گرنگیدانی شەریعەت بە تەندروستی مرۆڤ و شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ نەخۆشیە گواستراوەو درمی و پەتا باوەکان، بۆ ئەو مەبەستە ئیسلام رێگرە لە تێکەڵاو بوون لەگەڵ کەسانی نەخۆش یان لەکاتی بڵاوبوونەوەی پەتا لەبەر مەترسی گواستنەوەی نەخۆشی.

دەتوانین بڵێین ئایینی پیرۆزی ئیسلام پێش هەر وڵاتێك یان پێشکەتنێکی زانستی، ئەو یاسا و شێوازەی پارێزبەندی داهێناوە، کە ئێستا لەسەردەمی ڤایرۆسی (کۆرۆنا) تەواوی وڵاتانی دونیا پەیڕەوی لێ دەکەن، چونکە باشترین و گونجاوترین رێکاری تەندروستیە بۆ رێگرتن لە تەشەنەکردنی نەخۆشی و بڵاوبوونەوەی پەتا.

- پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) دەفەرموێ: (**إذا سَمِعْتُمْ بِالطَّاعُونِ بِأَرْضٍ فلا تَدْخُلُوهَا وإذا وَقَعَ بِأَرْضٍ وَأَنْتُمْ بها فلا تَخْرُجُوا منها**) رواه البخاری. واتە: ئەگەر بیستان نەخۆشیەکی کوشندە لە خاکێکدا بڵاوبۆتەوە، مەچنە ئەوێ، ئەگەر لە خاکی ئێوەدا ئەو نەخوشیە کوشندەیە پەیدا بوو لێی دەرمەچوون.

-تەنانەت ئەم خۆپارێزیەی بۆ نێو ئاژەڵانیش لەکاتی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی پەسند کردووە، پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) دەفەرموێ: ( **لَا يُورِدَنَّ مُمْرِضٌ على مُصِحٍّ**) رواه البخاری، واتە: با ئاژەڵی نەخۆش بەسەر ساغەکان نەڕۆن و تێکەڵیان نەبن.

– رێچارەیەکی تری خۆپارێزی بریتیە لەو فەرمودەیەی کە دەفەرموێ: (**فِرَّ من الْمَجْذُومِ كما تَفِرُّ من الْأَسَدِ**) رواه البخاری. واتە: رابکە لەو کەسەی تووشی گولی بووە، وەك چۆن لەبەر شێر رادەکەی. تەنات لە کاتی هاتنی شاندی (سەقیف) بۆ لای پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) بۆ وەرگرتنی بەیعەت، کە زانی

کەسێکی گڕوویان لەگەڵدایە، لەبەر مەترسی بڵاوبوونەوەی نەخۆشیەکەی پێی فەرموو: بگەڕێوە!، وەك هاتووە: (كان في وَفْدِ ثَقِيفٍ رَجُلٌ مَجْذُومٌ فَأَرْسَلَ إليه النبي صلى الله عليه وسلم ارْجِعْ فَقَدْ بَايَعْنَاكَ) رواه ابن ماجة.

-عوتبەی کوڕی عامر (رەزای خوای لەسەر بێت) دەڵێ: پرسیم لە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) رزگاربوون و خۆپارێزی لە چیدایە؟ ئەویش فەرموی: (أَمْسِكْ عَلَيْكَ لِسَانَكَ وَلْيَسَعْكَ بَيْتُكَ وَابْكِ على خَطِيئَتِكَ) رواه الترمذي. واتە: زمانی خۆت بگرە (شتی نادروست بڵاو مەکەوە)، لە ماڵی خۆت دانیشە (زۆر مەچووە دەرو تێکەڵاو مەبە)، بۆ گوناهەکانی خۆت بگری (تەوبە بکە تا بەڵا لاچێت).

-خوای گەورەش دەفەرموێت: (وَلَا تُلْقُوا بِأَيْدِيكُمْ إِلَى التَّهْلُكَةِ) البقرة:١٩٥، واتە: خۆتان مەخەنە ناو دۆخێکەوە بفەوتێن و ژیان لە دەست بدەن، ئەم ئایەتە ئاماژەیە بەوەی پێویستە مرۆڤ خۆی بپارێزێت، نەك کەمتەرخەم بێ و ببێتە هۆکاری زیان بەخۆگەیاندن، چونکە لەو حاڵەتەدا گوناهبارو تاوانبار دەبێت.

– پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) دەفەرموێ: (لاضَرَرَ وَلاَضِرَارَ) واتە: دەستپێشخەری زیان گەیاندن و لەبەرامبەریشدا زیان لێدان دروست نیە. ئەمەو چەندین یاسای تر کە شەرعناسان لە یاسای فیقهی باسیان لێوە کردووە.

سەیرکە! رێك دەڵێی تەواوی ئەو فەرمودەو رێکارە گرنگانە بۆ رۆژگارێکی وەك ئێستای سەردەمی کۆرۆنا گوتراون، کە هەموو جیهان جەخت لە سەر پابەندیو گرتنبەری رێکاری وەك ناوەرۆکی ئەو فەرمودانە دەکاتەوە، رەنگە زۆرێك لە وڵاتانیش بێ ئاگا بن لەو بایەخدانەی ئیسلام بە سیستەمی پەروەردەی تەندروستی و خۆپارێزی لەکاتی پەتاو بڵاوبوونەوەی نەخۆشی و تاعوندا، کە ئامانجی سەرەکە لەو ئاماژانە تۆقکردن و رێگریکردنە لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشی گوازراو لە کاتی پەتاو ڤایرۆسی کوشندەدا.

ماوەتەوە بڵێم: یەکێ لە بنچینەو مەبەستە پێویستەکانی شەریعەت سەلامەتی

گیانی مرۆڤە (حفظ النفس) لەو پێناوە هەموو جۆرە هەڵسوکەوت و کردەیەکی قەدەغەو حەرام کردووە، کە زیانی بۆ گیانی مرۆڤ لێ بەدی بکرێت، یان ببێتە مایەی شڵەژاندن و شێواندنی باری جەستەیی و دەروونی مرۆڤ، کە لە جەستەو رۆح پێکهاتووە، ئیسلام کۆمەڵێك رێکاری گرنگی رۆحی و جەستەیی بۆ دیار کردووە، کە هەموویان زەمینەی یارمەتیدانی ساغی و تەندروستی باش دەدەن.

بەدیویێکی تر مرۆڤ لەژێر بەرپرسیارێتی سەلامەتی جەستەی دایەو ئەرکی لەسەر شانە بیپارێزێت، وەك پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) فەرمویەتی: (**فإن لِجَسَدِكَ عَلَيْكَ حقًّا**). واتە: جەستە ماف لەسەرت هەیە.

خۆپارێزی و گرنگی دان بە لایەنی تەندروستی خواستێکی شەرعیەو پێویستیەکی ژیانی هەر مرۆڤێکە، کاتێ ئەو پرسیارە لە پێشەوامان کرا، کە ئایا چارەسەری وەرگرن یان نا؟ چی فەرموو؟ (**يا رَسُولَ اللَّهِ ألا نَتَدَاوَى؟ قال: نعم يا عِبَادَ اللَّهِ تَدَاوَوْا فإن اللَّهَ لم يَضَعْ دَاءً إلا وَضَعَ له شِفَاءً**) رواة الترمذي.

ئێستا لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی (کۆرۆنا COVID-19 ) کە رووبەڕووی جیهان بۆتەوەو ژمارەیەکی زۆر تووش بووەو رێژەیەکی زۆریش گیانیان سپاردووە، هەموو ئەو وڵاتانەی نەخۆشیەکەیان تێدا بڵاوبۆتەوە، رێکارو رێنمایی گرنگ و پەیوەستیان گرتۆتە بەر، کە پێیان وایە سەرەکیترین چارەسەر خۆپارێزی و پاك و خاوێنی و مانەوەیە لەماڵ.

ئەوەی جێی سەرنج و مایەی خۆشحاڵیە زۆرینەی هەرە زۆری ئەو رێنمایی و رێکارانەی رێکخراوی تەندروستی جیهان و کەرتی تەندروستی وڵاتان جەختی لێ دەکەنەوە، چواردە سەدەیە ئایینی پیرۆزی ئیسلام باسی لێوە کردووە، کەواتە هەرچیەك ئیسلام باسی کردبێ نەك پێچەوانە نیە لەگەڵ زانستی نوێ، بگرە هەر رێنمایەکی خۆپارێزی و بە ئامانجی سەلامەتی مرۆڤ هاوکات لەگەڵ پێشکەوتنەکانی سەردەم ئیعلان دەکرێ رێك لەگەڵ کرۆك و جەوهەری ئیسلام یەك دەگرێتەوە.!!

# پێویستە پابەند بین بە ڕێنماییەکان



د. حسن محمد پشدەری*

موسڵمانانی ئازیز پێویستیەکی شەرعیە کە پابەند بین بەڕێنماییە تەندروستیەکانەوە بەتایبەت مانەوە لە ماڵەوە.

وە بە هیچ شێوەیەك دڵتەنگ مەبن. ئێمە موسڵمانین پێغەمبەری ئازیزمان-دروودی خوای لێبێت- دڵنیایی پێ داوین کە هەر دەردو پەتایەك خودای گەورە بینێرێت چارەسەرو دەرمانیشی بۆ دەنێرێت ئەوە سوننەتییێکی خودایە لەسەر زەوی إن شاء الله بەم زوانە خودای گەورە هیدایەتی زانایان دەدات بۆ دۆزینەوەی دەرمان بۆ ئەم ڤایرۆسە.

بڕوانن بۆ دڵنیاییەکانی سەروەرمان -دروودی خوای لێبێت- قَالَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: " مَا أَنْزَلَ اللهُ عَزَّ وَجَلَّ دَاءً، إِلَّا أَنْزَلَ لَهُ دَوَاءً، عَلِمَهُ مَنْ عَلِمَهُ، وَجَهِلَهُ مَنْ جَهِلَهُ " رواه الامام احمد صحيح لغيره (شعيب ارنؤوط).

واتە: خودا هیچ دەردێکی دانەبەزاندووە مەگەر دەرمانێکیشی بۆ دابەزاندووە جا ئەوەی زانی زانیی وە ئەوەی نەیشیزانی نەیزانی- مەبەستی ئەوەیە ئەوەی خۆی ماندوو بکات دەیدۆزێدۆتەوە- عَنْ جَابِرٍ، عَنْ رَسُولِ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَنَّهُ قَالَ: «لِكُلِّ دَاءٍ دَوَاءٌ، فَإِذَا أُصِيبَ دَوَاءُ الدَّاءِ بَرَأَ بِإِذْنِ اللهِ عَزَّ وَجَلَّ» مسلم، واتە: بۆهەموو دەردێك دەرمانێك هەیە ئەگەر دەرمانەکە بەر دەردەکە کەوت بە فەرمانی خودای شکۆمەند وگەورە نەخۆشەکە چاك دەبێتەوە.

عن عبد الله، عن النبي صلى الله عليه وسلم قال: «ما أنزل الله داء، إلا أنزل له دواء» ابن ماجة محمد فؤاد عبد الباقي﴾ في الزوائد إسناد حديث عبد الله بن مسعود صحيح. رجاله ثقات. واتە: خودا هیچ دەردێکی دانەبەزاندووە مەگەر دەرمانێکیشی بۆ دابەزاندووە.

**عَنْ أُسَامَةَ بْنِ شَرِيكٍ، قَالَ: جَاءَ الْأَعْرَابُ مِنْ هَا هُنَا وَهَا هُنَا، فَقَالُوا: يَا رَسُولَ اللَّهِ، أَنَتَدَاوَى؟ فَقَالَ: «تَدَاوَوْا فَإِنَّ اللَّهَ عَزَّ وَجَلَّ لَمْ يَضَعْ دَاءً إِلَّا وَضَعَ لَهُ دَوَاءً، غَيْرَ دَاءٍ وَاحِدٍ الْهَرَمُ»** ابو داود صحيح

**واتە: دەشتەکییەك هاتە خزمەت پێغەمبەر –درودی خوای لێبێت– ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا ئایا چارەسەری وەرگرین کاتێك نەخۆش دەکەوین؟ فەرمووی بەڵێ چارەسەری وەرگرن چونکە خودای شکۆمەندو گەورە هیچ دەردێکی دانەناوە مەگەر دەرمانێکیشی بۆ داناوە جگە لە دەردێك نەبێت کە ئەویش پیرییە.**

**ئیمامی تیرمیزی ئیبن حەببان و ئیبن خوزەیمەوە چەندین زانای دیکەی فەرموودە بەهەمان مانا یان نزیك لەم مانایە ئەم فەرمودەیان ڕیوایەت کردووە. بۆیە دڵتەنگ مەبن بەس تەنها ئەوەی پێویستە پابەند بین بە ڕێنماییەکانەوە، خودای گەورە هەموان بپارێزێت.**

**٢٣-٣-٢٠٢٠**

*** ئەندامی ئەنجومەنی باڵای فەتوا**



# خۆپارێزی لە ئیسلامدا واجبە



## علی محمد هێرۆیی

بێگومان لەشەریعەتی ئیسلامدا گرتنەبەری هۆکارەکان پێش پشت بەستنە بە خودا، واتا موسڵمان ڕێنماییە تەندروستیەکان جێبەجێ دەکات ئینجا دوعا دەکات و دەڵێ (**توكلت على الله**)، ئەمەش لە سوننەتی پێغەمبەردا د.خ وارده، بۆ نمونە لە غەزای بەدردا پێغەمبەری خودا د.خ سوپای ئامادە کرد، شوێنی شیاوی هەڵبژارد، پلانی جەنگی دانا، ڕیزی موجاهیدانی ڕێك کرد، ئینجا دەستی بەرز کردەوە بۆ ئاسمان، وە کاتێك هاوەڵە بەڕێزەکە لێی پرسی حوشترەکەم ببەستمەوە و بڵێم توكلت على الله یان نەیبەستمەوەو بڵێم توكلت على الله؟ ئازیزی دڵمان د.خ پێی فەرموو: بیبەستەوە ئینجا بڵێ توكلت على الله....

وە دەربارەی خۆ پارێزی لەم جۆرە نەخۆشیانە چەندین فەرموودەی زێڕین هەن کە بڕوا ناکەم لە هیچ ئاینێکی تردا ڕێنمایی ئاوا هەبێت، بۆ نمونە پێغەمبەر د.خ دەفەرمووێ: (**وإذا رأيت المجذوم ففر منه كما تفر من الأسد**) کاتێك گولێکت بینی لەبەری ڕابکە چۆن لە شێرێك ڕادەکەی. لە فەرموودەیەکی تردا دەربارەی نەخۆشیە گواستراوەکان فەرموویەتی: کە لە شوێنك بڵاو بۆوە بۆی مەچن، کە لە شارەکەی خۆتان بڵاوبۆوە لێی دەرمەچن. هەتا ئازیزمان (د.خ) ڕێگری کردووە لەوەی حەیوانی ساغ و نەخۆش تێکەڵی یەکتر بکرێن.

هەر بۆیە زانایانی ئیسلام مەترسی بڵاوبوونەوەی نەخۆشیان بە یەکێك لە هۆکارەکانی ڕێپێدان بۆ ئامادەنەبوونی جومعەو جەماعەت داناوە، بۆ نمونە قاضي عياض ر.ح دەفەرمووێ: گول و بەڵەك ڕێگریان لێدەکرێ بۆ ئامادە بوونی جومعەو جەماعەت و تێکەڵاو بوونی خەڵکی. ئیبن حەجەری هەیتەمیش ر.ح دەفەرمووێ: هۆکاری ڕێگری کردن لە کەسی گول بۆ جومعەو جەماعەت و خەڵکی زیانیەتی بۆ کۆمەڵگا، کە زانرا زیانی هەیە ڕێگری کردن لێی واجبە. ئەمانە زانای مەزهەبی شافیعی بوون، بەهەمان شێوە ئەمە ڕای هەرسێك مەزهەبەکەی تریشە لەبەر درێژبوونەوە وتەی ئەوانم نەنوسی.

# خۆ پاراستن لە ڤایرۆسی کورونا



د.سیروان کەرکوکی

هەڵبەتە ئەم نەخۆشییەی کە ئێستا بەربڵاوە، زیاتر لە٣٠ وڵاتی گرتۆتەوە، بێجگە لە شاری (ووهان )ی چین لە چەند ولاتێکی ئەوروپییش تەشەنەی سەندووە (فەرەنسا، ئەڵمانیا، کەنەدا، ئیتاڵیا، ئیسپانیا، بەلجیکا، سوید، – فینلەندا و بەریتانیا) هەروەها لە ئەمریکا و رووسیا، لە وڵاتە عەرببیەکانیش (عێراق، کوەیت، بەحرەین و میسر) لە وڵاتانی دیکەی ئاسیاش (ئوسترالیا، پاکستان، کۆریای باشوور، هیندستان، تایوان، سریلانکا، ڤێتنام، فلیپین، تایلاند، مالیزیا، سەنگافورا، نیپاڵو – کامبودیا)، واتە لەم تەشەنەسەندنە ترسی ئەوە هەیە کە زیاتر بڵاو ببێتەوە، بۆیە پێویستە زوو بە زوو رێی لێ بگیرێت و هەر رێگایەك هەیە، بیگرینە بەر بۆ ئەوەی تووشی نەبین، نابێت ئەم پرسە گرنگە پشتگوێ بخەین.

ئێمەی موسڵمان دەبێت ئاگادار بین و سەبارەت بە رێنماییەکانی قورئانی پیرۆز و فەرموودەدکانی پێغەمبەر(دخ) بۆ دەربازبوون لە نەخۆشی و پەتا کوشندەکان تەماشا بکەین کە چییان فەرمووە، سەرنج بدەن خودا چ دەفەرموێت: (وَلَا تُلْقُوا بِأَيْدِيكُمْ إِلَى التَّهْلُكَةِ)البقرە: ١٩٥، واتە: خۆتان مەخەنە ناو بارودۆخێکەوە بفەوتێن و ژیان لە دەست بدەن، ئەم ئایەتە فێری ئەوەمان دەکات کە خۆمان بپارێزین و دووربکەوینەوە بەتایبەت لەو شوێن و جێگەیانەی کە بزانین کۆتایی بە ژیانمان دێت، هەڵبەتە ئێمە واتا گشتگیرەکەی ئەم ئایەتەمان وەرگرتووە، بە

پێی ئەو قاعدە ئوسووڵییە: ﴿العبرة بعموم النص لا بخصوص السبب﴾.

کەواتە ناکرێت راستەوخۆ لە کەسی تووشبوو نزیك ببینەوە، یان بچینە ئەو شوێنەی کە نەخۆشییەکەی تێدا بڵاو بووەتەوە، چونکە خۆمان دەبینە هۆکاری ئەوەی تووشی ئەو نەخۆشییە بین، لەوانەشە تیا بچین و ئەوەش کارێکی ناشەرعییە، بە پێی ئەو فەرمانەی خودا کە دەفەرموێت : (وَلا تُلْقُوا بِأَيْدِيكُمْ إِلَى التَّهْلُكَةِ).

راستییەك هەیە، دەبێت ئاماژەی پێ بکەین، کە ئەو نەخۆشییە بە پێی قسەی پسپۆڕو شارەزایانی تەندروستی تاوەکو ١٥ رۆژ کەسی تووشبوو هیچ نیشانەیەکی نەخۆشییەکەی لێ دەرناکەوێت، ئەمە مانای وایە دوورکەوتنەوە لە شوێنە گشتییەکان واجبە بەتایبەت لە سەرەتای ئاگاداربوونەوەمان لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکە خوانەخواستە لە شارەکەمان، دەبێت باوەڕمان بە پسپۆڕو شارەزایانی تەندروستی هەبێت، بڕوانن خودا لەم بارەیەوە چ دەفەرموێت: (فاسألوا أهل الذكر إن كنتم لا تعلمون)النحل:٤٣.

دیارە یەکێك لە ئامانجە خوداییەکان (المقاصد الشريعة) پاراستنی بەرژەوەندیە پێویستییەکانە (الضروريات الخمس) کە بریتین لە (پاراستنی ئایین و نەفس و نامووس و سامان و ژیریی).

ئەوەی مەبەستمانە ئاماژەی پێ بکەین، پاراستنی نەفسە، دەبێت ئەوەی پێویستە بۆ مانەوەی ژیان و بەردەوامبوونی درێغی و کەمتەرخەمیی لێ نەکەین، وەك: گرنگیدان بە تەندروستی لە رووی خواردنی پاك و چۆنیەتی دوورکەوتنەوە

لەو شوێنانەی گومانی لێ دەکرێت، لێوەی تووشی پەتای کوشندە بین، خۆپاراستن لە نەخۆشییە کوشندەکان، بە چوونە لای پزیشك بۆ چارەسەرکردن و وەرگرتنی عیلاج و بەکارهێنانی داودەرمان.

سەبارەت بەو نەخۆشییە وچۆنیەتی خۆپاراستن لێی موسڵمانان دەبێت گوێڕایەڵی رێنمایی پزیشکە بەڕێزەکان بن، چونکە ئەو پرسە پەیوەستە بە مان و نەمانەوەو، لەو رووەوە بە هەر کەمتەرخەمییەك لە بەرامبەر خودای گەورە لە قیامەتدا بەرپرسیار دەبین.

پێغەمبەر (دخ) هۆشیاریی پێ داوین کە دەفەرموێت: (**إذَا سمِعْتُمْ بالطَّاعُونَ فِي أَرْضٍ، فَلاَ تَدْخُلُوهَا، وَإِذَا وقَعَ بِأَرْضٍ، وَأَنْتُمْ بهَا، فَلاَ تَخْرُجُوا مِنْهَا**)رواه البخاری، واتە: ئەگەر بیستان نەخۆشیەکی کوشندە لە خاکێکدا بڵاوبۆتەوە، مەچنە ئەوێ، ئەگەر لە خاکی ئێوەدا ئەو نەخوشییە کوشندەیە پەیدا بوو، دەرمەچن لێی.

بۆیە بە پێویستی دەزانین، سەرجەم موسڵمانان پێشوەخت لە ئامادەباشییەکی تەواودا بن، بۆ رووبەڕووبوونەوە و خۆپاراستن لەو نەخۆشییە کوشندەیە، بەوەی بێ جیاوازی خۆیان لە شوێنە گشتییەکان بە دوور بگرن، بۆ ئەوەی ژیانیان لە مردن بپارێزن، چونکە ئەوەی جێی مەترسییە لە سەرەتاوە کەسی تووشبوو تاوەکو ١٥ رۆژ هیچ نیشانەیەکی پەتاکەی لێ دەرناکەوێت، دەکرێت دوو هەفتە موسڵمانان نەچن بۆ نوێژی جومعە، یان دەتوانن نوێژی جەماعەت نەکەن، هەر بۆ ئەوەی ئامانجە خواییەکە (المقاصد الشریعة) بپێکن، کە بریتییە لە (پاراستنی نەفس)، کە لە بەرژەوەندییە پێویستییەکان (المصالح الضروریة) هەژمار

دەکرێت، گرنگ ئەوەیە لە سەرەتاوە بەربەستێك دروست بکرێت، چونکە لەو دوو هەفتەیەدا نیشانەکان دەردەکەون، ئەگینا کەسی تووشبوو لە سەرەتاوە بچێتە جومعە و جەماعەتیش زۆر ئاساییە هیچ نیشانەیەکی لێ دەرناکەوێت، بەوەش خەڵکێکی زۆر دەبنە هەڵگری ڤایروسەکە و کار لە کار دەترازێت، داوا لە مامۆستایانی بەڕێزی ئایینی دەکەم، کە زۆر بوێرانەتر لەسەر ئەم بابەتە هەڵوەستە بکەن، چونکە مان و نەمانی ژیانمانی لە سەرە.

داواکارم لە خودای باڵادەست وڵاتمانو سەرجەم هاونیشتمانییانی هەموو جیهان لە بەڵاو موسیبەت و نەخۆشییە کوشندەکان بپارێزێت.

٢٠٢٠/٣/٩



# کۆرۆنا

## لەبەردەم میزی هیندستان و نوێژەکەی ترامپ و شەهیدی فەتوادا



**د. جەعفەر گوانی**

لەگەڵ هاتنی کۆرۆنا کۆمەڵە هەنگاوێکی ئایینی گرنگ هاوێژران، لەوانە دیتمان هیندۆسەکان میزی مانگایان دەخواردەوە، ترامپ داوای کۆبوونەوەی نوێژو دوعای دەکرد، ئەنجومەنی باڵای فەتوای هەرێمو هەموو ناوەندەکانی دیکەی فەتوا لە جیهاندا کۆمەڵە فەتوایەکیان دەکرد، ئەوەش بەڵگەیە لەسەر رۆڵو کاریگەری بەرزکردنەوەی مەعنەویات بەتایبەتی لە روانگەی ئایینەوە.

لەناو ئەو حاڵەتانەدا هیندۆسەکان بەشێوەی کردەیی دۆڵکەو پەرداخی میزی مانگایان لەسەر شەقامەکان داناو خەڵکیش بە ریزو بە پیرۆزییەوە خواردیانەوە، بەبێ ئەوەی کاردانەوەی زۆری لێبکەوێتەوە.

ترەمپ لە یەکەم شەودا، لەلایەکەوە باری نائاسایی راگەیاند، لەلایەکی دیکەش داوای لە هاوڵاتیانی کرد رۆژی یەکشەممە وێکڕا رووبکەنە کەنیسەو لە خوا بپاڕێنەوەو نوێژ بکەن، ئەوەی لە ئەمریکاش نییە، لە شوێنی خۆی بچێ بەشداری بکات، کەسیش بەشێوەی ناشیرین وەسفی بڕیارەکەی ترامپی نەکرد، چونکە دەزانن لەم قۆناغەدا بەرزکردنەوەی لایەنی رۆشنبیری لەلایەك و ریزگرتن لە هەست و سۆزی خەڵك لەلایەکی دیکە، گرنگە.

لێرە لەهەرێمی کوردستان، ئەنجومەنی باڵای فەتوای کوردستان روونکردنەوەیەکی دەربارەی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو پرسە دا، کۆمەڵە بابەتێکی گرنگی وروژاند، لەوانە: (جێبەجێکردنی رێکارە پزیشکی و ئەمنییەکان ئەرکێکی ئایینییە چۆن نیشتیمانی و مرۆییە)، (یەکەمین دەزگا بوو فەتوایان دا دەکرێ وتاری هەینی و نوێژی بەکۆمەڵ رابگیرێت ئەگەر دڵنیابوون لە مەترسی بڵابوونەوەی ڤایرۆسەکە)، (پێویستە هەموو کۆبوونەوەکان بە ئایینی و کۆمەڵایەتی و سەردانی نەخۆشەوە رابگیرێن)، (هەموو شێوازێکی وانەگوتنەوە بە ئایینیشەوە رابگیرێن) لەگەڵ چەند روونکردنەوەیەکی دیکە کە کۆی قسەکان بریتی بوو لە (شکۆی مرۆڤ لەپێش هەموو شتێکەوەیە).

ئەنجومەنی فەتواو مامۆستایانی ئایینی وەکو هیندۆسەکان داوای شتێکی پێچەوانەی پزیشکیان نەکردووە، بەڵکو پێشتریش پشتگیری میزحوشتر بە تێکەڵی شیریان نەکردووە، وەکو ترەمپیش داوای کۆبوونەوەیان نەکردووە، بەپێچەوانەوە دەرگای مزگەوتەکانیان داخست بۆئەوەی کۆبوونەوە دروست نەبێت، بە خەڵکیان گوت، خودا لە ماڵەوەشە، تا ئەو دۆخە دەڕوات با ماڵەکانتان ببێتە مزگەوت و شوێنی بەردەوامی پاڕانەوە، دوای هەنگێ دێینەوە ماڵەوەو مزگەوت و هەموو شوێنێك دەکەینە مزگەوت. کەچی بەداخەوە کەسانێك کەوتوونەتە بەر گیانی ئەنجومەنی باڵای فەتوا بەتایبەتی لە راگرتنی وتاری هەینی و هەژماردنی کوژراوان بە شەهید.

پوختەی فەتواکە دەڵێت: هەرکاتێك لایەنی پەیوەندیدار لە وەزارەتی تەندروستی گەیشتنە قەناعەت ئەو مەترسییەی هەیە، ئەوە بەبێ سێ و دوو هەموو چالاکی مزگەوتەکان رادەگرین، واتە قسەکە لەسەر کاتەکەیە نەك خودی کارەکە، هەربۆیەش کە ئەو بڕیارە درا، مامۆستایان و زانایانی ئایینی بە تەواوی و بێ

دوودڵی پابەندی بوون.

سەبارەت بە شەهیدیش (ئەوە هەرچەندە لەوانەیە کاتەکەی گونجاو نەبووبێت)، بەڵام قەت مانای خۆ بە کوشتیدان نییە، بۆنموونە ئەوەی لە بەرەی جەنگی هەقویستی دەکوژرێت لە ئیسلامدا شەهیدە، بەڵام ئەگەر کەسێك بچێت خۆی بکوژێت یان لە مەیدانی جەنگ کەمتەرخەمی بکات ئەوە بە بکوژی خۆی دادەندرێت و چاوی وە بەهەشتیٚ ناکەویت، بەهەمان شێوە لە روانگەی ئیسلامەوە چۆن دەرد هەیە دەرمانیش هەیە، پێغەمبەریش دەفەرموویێت: (نەخۆشەکان چارەسەر بکەن، هیچ دەردێك نییە دەرمانی نەبێت، بێجگە لە پیری و مردن)، بۆیە واجبە هەموو رێکارەکانی خۆپارێزی بگیرێنەبەر، وەك ئیمامی عومەر فەرمووی لە دەست قەدەرەوە هەڵدێین بەرەو قەدەرێکی دیکەوە، بۆیە پاش گرتنەبەری هەموو رێکارەکان وەك بەکارهێنانی دەرمان و مانەوە لە ماڵ و ئاگادارکردنەوەی لایەنی پێوەندیدار، جا ئەگەر کەسێك بەو نەخۆشییە مرد، ئەوە بە شەهید هەژمار دەکرێت، بەڵام ئەوی خۆی بە دەستەوە نەدات و کەمتەرخەم بێت ئۆباڵی کوشتنی خۆیی و هەموو ئەوانەی لە کەمتەرخەمی دەبێتە هۆکاریان، لە ئەستۆی خۆیدایە، کەواتە شەهیدبوونەکە بۆ کێیە؟ بۆ کەسێکە دوای هەموو رێکارەکان ئەوجا دەمرێت، یان کارمەندێکی تەندرووستی و ئەوانەی ئیش لەگەڵ ئەو دۆخە دەکەن (خوا بیان پارێزێت) دوای ئەوەی بە جددی هەموو رێکارە پێویستەکان دەگرنەبەر و هیچ قسوری و کەمتەرخەمی ناکەن، بەدەر لە توانا تووشی مەرگ هاتن، ئەوە بە شەهید هەژمار دەکرێن، ئەوەش هاندانە بۆ ئەوەی بە دڵسۆزی و خۆپارێزییەوە بەرەو کارەکە بچن و لە هەمان کاتدا بزانن چ کارێکی گەورەو پیرۆز دەکەن، لەلایەکی دیکەش دڵدانەوەی خانەوادەی مردووەکانە.

# کێ شەهیدی تاعونەو کێ تاوانبارە؟

مەلا مەجید رواندزی

١



هەڵبەتە نەخۆشی تاعون کە لە فەرموودەکان هاتوە پێشتر ناو بووە بۆ زۆربەی پەتاو ناخۆشیە ڤایرۆسیەکان کە بەکۆمەڵ خەڵکیان لەناو بردوە،چونکە پێشتر ئەو تاقیگەو ناوە زانستیانە نەبوون بۆ دیاری کردنی جۆری ڤایرۆس و ناوی نەخۆشیەکە بۆیە (تاعون) ناوێکی گشتی بوو بۆ زۆربەی ئەو دەردو پەتایانە کە ئەمڕۆش بە جۆرێك و شێوازێکیتر سەر هەڵئەدەن بۆیە وەك زانایان فەرمویانە هەمان حوکمی ئەو تاعونەیان هەیە کە پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم)لە فەرمودەکان باسی کردوە.

جا یەکێ لەو فەرمودانەی پەیامبەر (صلى الله عليه وسلم)کە باسی تاعون دەکات دەفەرموێ(: الگاعون شهادە لکل مسلم) بەڵام تۆ بڵیی هەرکەسێ بەو نەخۆشی و ڤایرۆسە بمرێ شەهیدە ئەم جۆرە قسانە بەو ڕەهایە ڕاست نین بەڵکو پلەی شەهیدی تایبەتە بە مرۆڤی بڕوادار ئەویش بەچەند مەرجێك کە لەم فەرموودەیە رونکراوەتەوە وەك دەفەرموێ(**فليسَ مِن عَبْدٍ يَقَعُ الطَّاعُونُ، فَيَمْكُثُ في بَلَدِهِ صَابِرًا، يَعْلَمُ أنَّه لَنْ يُصِيبَهُ إلَّا ما كَتَبَ اللَّهُ له، إلَّا كانَ له مِثْلُ أجْرِ الشَّهِيدِ**)

واتە هەر بەندەیەك لە شارێك یان ولاتێك بوو پەتایەکی کوشندە(تاعون) لەو شوێنە سەری هەڵداو ئەو کەسەش ئارامیگرت و لەو شارە مایەوەو دەرنەچوو – بۆ ئەوەی ڤایرۆسەکە نەگوازرێتەوە بۆ شوێنەکانیتر– باوەڕی تەواویشی بە خوداو تەقدیراتی خودا هەبوو پاشان –دوای گرتنەبەری هۆکارەکانی خۆپاراستن– توشی ڤایرۆسەکە بوو وە بەو نەخۆشیە مرد ئەوە پلەی شەهیدی

پی ئەبەخشرێ،

بەڵام وەك زانایان دەڵێن نابێ بە بیانوی شەهید بوون بۆ ئەو شوێنە بچیت کە نەخۆشیەکەی تێدا بڵاوە یان گوێ بە پارێزکردن نەدات،کەواتە شەهیدی تاعون ئەو کەسەیە باوەڕی تەواوی بە خوداو قەزاو قەدەر هەیەو بەپێی تواناش بۆ سەلامەتی جەستەی ڕێنمایەکانی تەندروستی جی بەجی دەکات و خۆی دەپارێزی بۆ ورەبەرزی ونەترسان و نە روخان و نە شلەژانی لایەنی ڕۆحیش پشت بە خودا دەبەستی و بۆ سەلامەتی خەڵکیتریش ئەگەر توش بوو نا چێتە هیچ شوێن و شاریکیتر و ئارام ئەگریت ئەگەر مرد شەهیدە.

تاوانباریش ئەو کەسەیە بە بیانوی وەدەستهێنانی پلەی شەهادەت بەرەو ئەو شوێنە بڕوات کە نەخۆشیەکەی تێدا بڵاوە یان ڕێنمایەکانی پزیشکی پشتگوێ ئەخات یان خۆی توش بوەو خۆی ناپارێزیت خەڵکیتریش توش ئەکات یان لەو شوێنە ڕائەکات کە نەخۆشیەکەی تێدا بڵاو بۆتەوە وەك پەیامبەر (صلى الله عليه وسلم)دەفەرموێ:( **الفارُّ منَ الطاعونِ كالفارِّ منَ الزحفِ**)ئەو کەسەی لە ترسی تاعون ڕائەکات وەك ئەوکەسە وایە کە لە بەرەی جەنگ لە کاتی غەزاو جیهاددا ڕائەکات دیارە ئەوە یەکێکە لە تاوانە گەورەکان،چونکە(لأنَّه قد يكونُ مُصابًا بالمَرَضِ فيَنقُلُه إلى مَكانٍ آخَرَ، ويَنشُرُ الوَباءَ فيَتَسبَّبُ في ضَرَرٍ بالِغٍ للنَّاسِ)دەبێتە هۆی بڵاو بونەوەی نەخۆشیەکەو توشبونی خەڵکی زیاتر بەمەش گوناحی ئەو کەسانەشی دەکەوێتە ئەستۆ کە بە هۆی ئەو توش دەبن و دەمرن.

# حەرامکراوەکانی دوێنێ و قەدەغەکراوەکانی ئەمڕۆ!

٢

ئەم کۆرۆنایە ئەگەرچی پەتایەکە تەواوی جیهانی لە پەل و پۆ خستوەو تێکڕای خەڵکی بە دەستیەوە گیری خواردووە،بەڵام فێری زۆر شتیشمان دەکاتوو زۆرێکیش لەو ڕاستیانەی کە تا دوێنێ نکولیمان لێ ئەکردن ئەوڕۆ نیشانمان ئەدات.

ئەمڕۆ کەشتی ژیان کون بووە ئەگەر بەری لینەگیریٚو بەربەستی بە هێزی بۆ دانەنرێ لە لێواری نقوم بوونایە...

جا بۆ ڕزگار بوونی کەشتی ژیانو سەلامەتی مرۆڤەکان جۆرەها ڕێنماییو ڕێسای تایبەت پەیرەو دەکرێن وەك: داخستنی یانەی شەوانەو قومارخانەو باڕو مەیخانەو تێکەڵاوی زۆرو داپۆشینی دەستو دەم و ڕوخسارو خواردنی گۆشتی هەندی جۆری باڵندەو ئاژەڵو تەنانەت مەترسی گەیشتۆتە ئاستێك لە هەندێ شوێن بازاڕو هاتووچۆو مزگەوت و شوێنە ئاینیەکانیش ڕاگیراون !

هەموو ئەو ڕێوو شوێنە توندانە بۆ سەلامەتیو تەندورستیو خزمەتی مرۆڤایەتی گیراونە بەر کەسیش ڕەخنەی نیە تەنها نەزانەکانو بەرژەوەندی خوازەکان نەبێت کە جۆری یەکەمیان نەزان جاهیلن لە حیکمەتی ئەو قەدەغەو ئیجرائاتە تێناگەن بۆیە نەك ڕێنماییەکان بەهەند وەورناگرن بەڵکوو دژایەتیشیان دەکەن و قسەی قەبەش لەو بارەیەوە دەکەن...

جۆری دوەمیشیان ڕەنگە تێبگەنو بزانن ئەو ئیجرائاتانە بۆ پاراستنو سەلامەتی خەڵکی دانراون بەڵام لەگەل بەرژەوەندیو حەزو ئارەزویان ناگونجێت بۆیە دەکەونە دژایەتی ئەو قەدەغە کراوانەو لایەنی پەیرەو کار چونکە ئەوەی گرنگە لای ئەوان قازانج کردنو تێر کردنی حەزو ئارەزواتە نەك بەرژەوەندی گشتیو تەندورستی هاوڵاتیان...

ئەوەی مەبەستمە هەموو ئەو شتانەی لە ئیسلام حەرام کراون خودا حەرامی کردوون خودایەك کە خاڵق و دورستکەری مرۆڤەکانە ئەشزانی چ شتێك بۆ تەندروستی و ژیانی مرۆڤەکان باشەو چ شتێکیش خراپە( **أَلَا يَعْلَمُ مَنْ خَلَقَ وَهُوَ اللَّطِيفُ الْخَبِيرُ** )هەمووی بۆ خزمەت و پاراستن و بەرژەوەندی مرۆڤایەتییە تەنها نەزان و مەسلەحەت چیەکانیش دژایەتی خودا ئەکەن و ئەیانەوێ سنورە حەرامەکان ببەزێنن...

جا هەر لێرەشەوە گرنگی فەرمان بەچاکەو ڕێگری لە خراپە (الامر بالمعروف والنهي عن المنكر)مان بۆ دەر ئەکەوێت کە ئیسلام زۆر جەختی لەسەر کردۆتەوە (**كُنتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ**)چونکە ئەرك و واجباتیان ڕێگری کردنە لە کون بوونی کەشتی ژیان و لێنەگەڕێن خەڵکێك بۆ بەرژەوەندی خۆیان و بەناوی ئازادی کەشتی ژیان کون بکەن و تەواوی جیهان بەرەو چارەنووسی نادیار ببەن، کە ئەمڕۆ ئەو ئەرکە لە ئەستۆی هێزە ئەمنییەکان و زاناو پزیشك و بگرە هەموو تاکێکی کۆمەڵگاش دایە.

کەواتە ئەوشتانەی دوێنێ خودا بۆ بەرژەوەندی بەندەکانی خۆی لە ئیسلامدا حەرامی کردوون ئەمڕۆ لە بەرگێکیترو بەناوێکیترو بەجۆرێکیتر هەر بۆ بەرژەندی مرۆڤەکان قەدەغە کراون بەڵام ئەوەی دوێنێ لای هەندێ خەڵك عەیبەو دواکەوتووی بوو ئەوەی ئەمڕۆش وشیاری و مرۆڤدۆستی و نیشتمان پەروەریە.



# لەنێوان داخستنی

## مزگەوتەکان بەڕەهایی و هەڵپەساردنی جومعەو جەماعەت لەبەر پێشهاتێکی کاتی خوێندنەوەیەکی فیقهی و واقعی.

**کەمال ئەمین گوڵپی- خورماڵ**



لەم کاتەدا زۆرجار ڕاستەوخۆ یان بە تەلەفۆن یاخود لە ڕێگا جۆراوجۆرەکانی پەیوەندی کردنەوە وەك واتساپ و ڤایبەرو تلیگرام و مێسنجەرەوە ئەو پرسیارەمان لێدەکرێت، ئەوە بۆچی مزگەوتەکان داخران و ئێوەی زانایانی ئاینی هیچ هەڵوێستێکتان نەبوو لەوبارەوەو بگرەبوونە هۆکاری داخستنیشیان؟

لەڕاستیدا ئەم مەسەلەی داخستنی مزگەوتەکان بۆ خەڵکی ئاسایی و پرسیار کردن لەم بارەوە لەدوو ڕوانگەوە دەکرێت تەماشا بکرێت.

یەکەم: ئەم پرسیارە دەرخەری وابەستەبوونی دڵی موسوڵمانانە بە پیرۆزی مزگەوت وفەزڵی زیاتری پەرستشەکان لەمزگەوت و نواندنی دڵسۆزییە بۆ پەیامی خوایی، کە ئەمە تائێرە جێگای دڵخۆشی و دەستخۆشییە.

دووەم: دیوی دووەمی ئەم پرسیارە تاڕادەیەك لە نەزانییەوە سەرچاوە دەگرێت کەدەبێت ئێمەی زانایان ئەم لایەنە ڕۆشنبکەینەوە وزیاتر هەوڵبدەین ئەو مەترسییە حەقیقیەیی کە هەیە لەسەر مرۆڤایەتی بەهۆی تێکەڵبوونەوە بیخەینە بەرچاوی موسڵمانان و ئەهلی مزگەوتەوە.

ئەم پرسیارکردن و دڵگەرمییەیی موسڵمانان ئەوە دەسەلمێنێ کە کەس لەگەڵ داخستنی دەرگای مزگەوتەکاننییە بەڕەهایی و یەکجاری، کە ئەمە خۆشبەختانە هەموو زانایان و موسوڵمانان لەسەری یەکدەنگن تا ئاستی ئیجماعی ڕاشکاوی سەردەم دەڕوات، ئێمە زۆرجار کە کتێبە ئوسوڵیەکانمان دەخوێند واهەستمان

دەکرد لەم سەردەمەدا کۆدەنگی(ئیجماع) زۆربەزەحمەت دێتەئاراوەو زۆرجاریش پەلمان دەهاوێشت‌و دەمان گووت هیچ پێشهاتێك نییە کە یەکدەنگی سەرجەم زانایانی جیهانی ئیسلامی لەسەربێت هەندێکیش بەمەشەوە نەدەوەستان هەرنکۆڵی بوونی ئیجماعیشیان دەکرد لەمێژووی موسڵماندا، بەڵام بەڕاستی کۆرۆنا چۆن زۆرشتی تری دەرخست ئاوهاش ئەم لایەنەشی دەرخست کە بەلایەنی کەمەوە لەمەسەلەیەکی گرنگی وابەستە بە ژیانی موسوڵمانەنەوە توانرا یەکدەنگی هەبێت لە سەر ئەم لایەنە کە هیچ زانایەك لەسەر داخستنی دەرگای مزگەوتەکان بەیەکجاری و بۆ هەمیشەنییە، بۆ مەسەلەی هەڵپەساردنی جومعەو جەماعەتیش لە مزگەوتەکاندا بەهۆی پێشهاتێك‌و بیانوێکی شەرعییەوە ڕێگە پێدراوە، هەرچەندە لەسەرەتاوە تۆزێ بەزەحمەت ئەم مەسەلەیە گوزەرا بەسەر زانایان و موسڵمانانەوە، بەڵام دواجار زانایان دیسانەوە یەکدەنگبوون لەسەر ئەوەی کە بەهۆی کۆرۆناوە جومعەو جەماعەت تاوەختێکی کاتی‌و گوزەری لەمزگەوتەکاندا ئەجام نەدرێت و تەنها بانگبێژ بانگبدات و دواتر مزگەوت بەسەر نوێژ خوێناندا دابخات، تائێرە جیاوازی داخستنی مزگەوتەکان بەڕەهایی‌و هەڵپەساردنی جومعەوجەماعەت تێیاندا ڕۆشنبوویەوە، لەگەڵ ئەمەشدا سەرنجتان بۆ ئەم چەندخاڵەی خوارەوە ڕادەکێشم.

١– لەو ڕووانگەیەوە کە دەبینین مزگەوت پیرۆزترین شوێنی سەر ڕووی زەمینەو خۆشەویسترین شوێنە لای خوای گەورە و جێگای کۆبوونەوەی پاکترینی مرۆڤەکانی سەرزەوییەو زەمینەی دەستخستنی نووری خواییەو پۆل پۆل ملائیکە لەحەرەم‌و بەردەرگاکانیان ڕادەوەستن‌و یەك یەك ناوی ئامادەبوون تۆماردەکەن‌و نوێژکردن تێیاندا دەیان گرفتی کۆمەڵایەتی‌و پەروەردەیی چارسەردەکەن، بە پێوەرە زاهیریەکە کەتەماشادەکەین هیچ دقێکی ڕاشکاومان لەبەردەست نییە بۆ داخستنی مزگەوتەکان‌و هەڵپەساردنی پەرستش تێیاندا ولەمپەر دروستدەکات لەبەردەماندا، بەڵام کاتێك تەماشای ڕۆحی شەریعەت

دەکەین‌و مەقاسدیانە بۆ کایەکە دەڕوانین دەبینین لەبەر ئەو زیانە چاوەروان کراوەی کە لە ئارادایە زۆر بەجوانی ئەوەمان بۆ ڕۆشن دەبێتەوە کە ڕێگە پێدراوە بۆ ماوەیەکی کاتی پەرستش بەکۆمەڵ لەمزگەوتەکاندا هەڵبسپێرین‌و بە موسڵمانان بگوترێت بۆ کاتێکی دیاری کراو گوزەرکراو دەکرێت نەچینە مزگەوتەوە کەبەڕاستی ئەم بڕیارەش بوێرێکی باشی ویست لەسەرەتاوە کە دەستی بۆبرا، بۆیە لێرەدا جێی خۆیەتی سوپاسی ئەو فەتوا بوێرانە بکرێت کە زانایانمان دریانکرد، وەك مامۆستا خالد حمە توفیق دەڵێت: بەبێ گەڕانەوە بۆ ناوەندە عەرببیەکان زانایانی خۆمان دەرکیان بەو مەترسییە حەقیقیەکرد و بڕیاری خۆیانیاندا.

٢- خۆشبەختانە هیچ نکۆڵییەك نییە لەسەر پیرۆزی وپاداشتی بونیادنانی مزگەوتەکان وزیادە فەزڵی پرستش تێیاندا، بەڵام ئەوەندەی کە قسەدەکرێت لەسەر هەڵپەساردنی پەرستشەکانە لەمزگەوت ئەویش لەبەر پێشهاتێکی هەڵاوێرییە لە ئەسڵەکە کە بریتییە لەبڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی (کۆڤید نۆزدە) ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ، کە ئەم ڤایرۆسە توانای گەشەکردن‌و خێرا بڵاوبوونەوەی هەیە لەشوێنە قەرەباڵغەکان‌و بەریەککەوتنی مرۆڤەکان، بۆ ئەوەی لەم دەردو پەتا حەقیقیە خۆمان‌و خۆشەویستانمان بپارێزین لە مردن باشترین چارەسەر دوورکەوتنەوەیە لەشوێنە قەرەباڵغەکان‌و خۆکەرەنتینەکردنە، دەی مزگەوتەکان بەهۆی زۆر بەرکەوتنی موسوڵمانان لەگەڵ یەکتری بەهۆی ئەنجامدانی پێنج فەرزەو کۆبوونەوە لەمزگەوتەکاندا زەمینەیەکی باش دەبێت بۆ بڵاوبوونەوەی ئەوڤایرۆسە، کە ئەمەی دەیڵێن هیچ لەبەهای پاکی‌و پیرۆزی مزگەوت کەمناکاتەوە،ئەگەر بەم زوویە خەم نەخورایەو ئەوە بەدڵنیاییەوە ئێستا هیچ حاڵمان لەحاڵی وەڵاتانی دەوروبەر باشترنەبوو دەبینین ئێران ئیتالیا فەرەنسا چەندان وڵاتی تر کەدرەنگ کەوتنەخۆ توشی کارەساتی مرۆیی بوون.

٣- ئێمە بنەمایەکمان هەیە دەڵێت: ئەگەر دەستت برد بۆ گۆڕانی هەر دیاردەیەك

ئەوە دەبێت بەدیلت پێبێت جا پێشنیاری بکەیت‌و دەست بۆ گۆڕانی ئەو دیاردەبەریت، دەی ئەوە کە گوتراوە جومعەو جەماعەت لەمزگەوتەکاندا هەڵپەسێرن، بۆ هەردوو حاڵەتەکە بەدیل هەیە. بۆ نوێژی بەکۆمەڵ لەمزگەوتدا، بەدیلەکەی نوێژی بەکۆمەڵە لەماڵەوە، بۆ نوێژی جومعەش بەدیلەکەی نوێژی نیوەڕۆیە، هەروەك چۆن کەسی ڕێبوار نوێژی جومعەی لەسەر نییەو دوو ڕکعات نوێژی نیوەڕۆ دەکات بەقسر لەباتی نوێژی هەینی و کەسی نەخۆش‌و موقیمە ناتوانێ بچێت بۆ مزگەوت ئەوە چوار ڕەکعات نوێژی نیوەڕۆ دەکات لەباتی نوێژی هەینی، ئەبێت ئەوەش بزانین ئەم داخستنەش تەنها مزگەوتەکانی نەگرتووەتەوەو بازارو شوێنە گشتییەکانیشی گرتووەتەوە.

٤- پابەندبوون بەگرتنەبەری هۆکارەکانی خۆپارێزی دژنییە لەگەڵ پەیامی خواییدا و خۆپارێزی وەرگرتنی چارەسەر بۆ نەخۆشی هۆکارن، دەی هۆکار گرتنەبەریش بێ سوود نییە لە سەر مرۆڤ و دژیش نییە بە ڕێنمایە شەرعییەکان، لەگەڵ گرتنەبەری هۆکارەکانیش ئێمە ئیمانمان وایە ئەوەی خوا نەیکات نابێت، ئەوەی کە هۆکار دەگرینەبەر هەرهەمان شتە کە خوا دەیکات نەك هۆکارەکان، چونکە موئەسیری حەقیقی تەنها خوایە، هەر ئەو خوایەش بە ئەندازەیەك هۆکاری کردووەتە مایەیی پارێزگاری مرۆڤ لەدونیا و دواڕۆژدا.

٥- دەبێت ئاماژە بەوەبکەین کەزۆربەی ناوەندە فیقهی و لایەنە تایبەتەکان بەفەتوای شەرعی لە جیهانی ئیسلامیدا، فەتوای ئەوەیانداوە کە داخستنی دەرگای مزگەوتەکان بەکاتی هیچ گرفتێکی شەرعی ناخوڵقێنی، وەك ئەنجومەنی فەتوای باڵای لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان‌و یەکێتی زانایانی جیهانی ئیسلامی‌و دامەزراوەی زانایانی ئەزهەرو دامەزراوەی گەورە زانایانی سعودیەو کۆربەندی فەتوای ئیمارات‌و خانەی فەتوای ئەوردن‌و سەرۆکایەتی ئاینی وڵاتی تورکیا وەزارەتی ئەوقافی قەتەرو سەڵتەنەتی عومان‌و سوریا فەتوای داخستنی کاتی مزگەوتەکانیان داوە.

٦- بۆیە هەڵپەساردنی پەرستشەکان هەتا لە حەرەمی مەککی و مزگەوتی نەبەوی لەبەر پێویستی هەرگیز ناچێتە خانەی ﴿وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّن مَّنَعَ مَسَاجِدَ اللَّهِ أَن يُذْكَرَ فِيهَا اسْمُهُ وَسَعَى فِي خَرَابِهَا أُولَئِكَ مَا كَانَ لَهُمْ أَن يَدْخُلُوهَا إِلَّا خَائِفِينَ لَهُمْ فِي الدُّنْيَا خِزْيٌ وَلَهُمْ فِي الْآخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٌ﴾ البقره (١١٤). چونکە ئەم هەڵپەساردنە بۆ پاراستنی گیانی مرۆڤە.

٧- ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ مێژووی موسوڵمان هەڵپەساردنی نوێژی جومعەو جەماعەت لە مزگەوتەکانداو داخستنی دەرگاکانیان بەڕووی نوێژ خوێناندا شتێکی تازەنییە چەند جارێك ئەم دەرگاداخستنە ڕوویداوە لەمێژوودا، وەك ئەوەی کە دەگێرنەوە لە ساڵەکانی(٦٥٦هـ) لەبەغداد چەند مانگێك دەرگای مزگەوتەکان داخراوەو جومعەو جەماعەتیان تێدانەکراوە، هەر لەساڵی (٨٢٧هـ) لەبەر بڵاوبوونەوەی پەتایەکی قورس لە مەککە کە وەك گوتراوە ڕۆژانە چل کەس مردوون بەهۆیەوە بۆ ڕێگری لەو پەتایە مزگەوتەکان داخراون ئیبن حەجر دەڵێت: ئیمامی حەرەم لەو ڕۆژانەدا تەنها دووکەس زیاتر لەپشتییەوە نەبوون بۆ نوێژکردن و جەماعەتکردن، هەروەها(عبدالرحمن الجبرنی) لەکتێبە بەناوبانگە مێژوییەکەیدا بەناوی(عجائب الآثار في التراجم الاخبار) دا دەڵێت: مزگەوتەکانی شام و میسر لە ساڵەکانی(١٢١٥هـ) لەبەر نەخۆشی و مردنی ئیمام و بانگ بێژەکان داخران و بانگیشیان تێدانەدرا.

٨- گومان لەوەدانییە کە لە ئەمڕۆدا دەرگای مزگەوتەکان داخراوە لەبەر بەرژەوەندی تاکەکەس نییە بەڵکو لەبەر بەرژەوەندی گشتییە، واتە لەبەر ئەوەیە سروشتی ئەم نەخۆشییەوایە هەرەمی دادەبەزێت و لەیەك کەسەوە بۆ دوو کەس و لەوانیشەوە بۆ چوارو لەوانیشەوە بۆ شانزەو... کەواتە ڕێگریەکە بۆ لادانی زیانە گشتییەکەیە.

٩- لەبنەما فیقهیەکانە کە دەڵێت: ڕێگرتن لەزیان لەپێشترە لەگەیاندن و دەستەبەرکردنی بەرژەوەندی گشتی، واتە ڕێگرتن لەوەی کە مرۆڤ توشی زیان

بێت لەپێشترە لەوەی کە سودی بۆ بهێنێ(درء المفاسد مقدم علی جلب المصالح).

لە کۆتایدا جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە هیچ زانایەك یان مسوڵمانێك ڕازی نانییە لەسەر ئەوەی کە بەیەکجاری دەرگای مزگەوتەکان دابخرێن و پشت لە مزگەوت بکەن، لەبەر ئەوە موسوڵمان سورن لەسەر بە پایان گەیاندنی شەعائیرەکان بەتایبەت تر جومعە جەماعەت بۆ بەپایان گەیاندنی ئەم کارەش هیچ کەمتەر خەمی ناکەن، بەڵام لەبەر پێشهاتێکی نەخوازراوی وەك پەتای کۆرۆنا کە بەرۆکی مرۆڤایەتی گرتووەو فیعلەن دوژمنێکی حەقیقیی مرۆڤایەتییە لەم حاڵەتەدا لەبەر پاراستنی گیانی یەك مرۆڤ ئاساییە مزگەوتەکان دابخەن و ماڵەکەیان بکەن مزگەوت و ڕووگەی پەرستشەکانیان، بۆیە ئەگەر لەکاتی ئاسایدا ئاتوچۆکردن بۆ مزگەوت فەزیلەت و مایەیی پاداشتبوو بۆ موسوڵمان ئەوا ئێستا ئەو فەزیلەت وپاداشتە لەوەدایە کە مزگەوتەکان دابخەیت و ئامادەی نوێژە بەکۆمەڵەکان نەبیت، ئەگەر جاران بەدەست ئەنقەست سێ جومعەت نەکردایەو نیشانەی دووریی بوو ئەوا ئێستا بە ئامادەبوونت و ئەنجامدانی و خەڵك کۆکردنەوە بۆ بەرپاکردنی نوێژی جومعە نادروستەو دەچێتە خانەی قەدەغەکراوەکانەوە، چونکە ئەم هەڵپەساردنە لەبەر بیانوێکی شەرعییە، چونوونەچوون پێوەندی بە عەزیمەت و روخستەوەنییەو کارێکی تاکە کەسیش نییە بگرە نەچوون بەرژەوەندی گشتی تێدایە، ئەگەر ئەمە بۆ مزگەوتەکان وابێت ئەوە بە ئەولاتر بۆ هەموو کۆبوونەوەکانی تر وایەو ئامادەبوون تێیاندا قەدەغەیە.

جا بۆیە مادام ئەم نەخۆشییە لە ئارادایەو پاداشت لەوەدایە لەماڵەوەبین بمێنینەوەو دەرنەچین واجبە لەسەر حکومەت بە هەموو شێوەیەك کار ئاسانی بکات بۆ هاوڵاتیان و دەست بەجێ مووجەی تەواوی فەرمانبەران بدات و ئەو ئازیزانەش کاری ڕۆژانە دەکەن بەجۆرێك لەجۆرکان ڕازیانبکات تا ناچارنەبن

بچنە دەرەوەو بەدوای بژێویانەوەبن، ئەگەر حکومەت بەم ئەرکەی خۆی هەڵنەستێت کەمتەرخەمی بکات لە ئەمڕۆدا وەك ئەوەی جاران هەر کەمتەر خەمی کردووە ئەوە بەدڵنیاییەوە هەرچێکمانکردووە لە خۆپاڕێزی کورد گوتەنی ڕێسەکەمان هەمووی دبێتەوە خوری، ئەوکاتە ئیتر کەس ناتوانیٚ بەر بەشۆرشی برسیەکان بگرێت و کۆرۆناش دبێتە بکوژی ڕاستە قینەمان.



# کودەتای کۆرۆنا



د. محمود زمناکۆیی

پاش بڵاوبوونەوەی فایرۆسی کۆرۆنا، پێم خۆشبوو، زۆر بە کورتی چەند خاڵێك بە بیرخۆم و ئێوەی بەڕێزیش بێنمەوە:

١- هیچ کارێك لەم بوونەوەرەدا ڕوونادات – بێجگە لە موعجیزات و خەوارق – بە بێ بوونی دوو شت: هۆکار و، ئیرادەی خوای موتەعال. هەروەها هیچ کارێکی خوا بێ حیکمەت وبێ مەبەست نیە، جا ئێمە بیزانین یان نەیزانین.

٢- خێر ئەسڵی وجودە و، شەڕ شتێکی عاریزییە، وکاری خوا هەمووی خێرە، و ئەوەی لە بەرچاوی من وتۆ شەڕە، خوا ئەنجامی دەدات نە لە بەر ئەوەی شەڕە، بەڵکو لەبەر ئەو خێرە زۆرەی کە لە هەناوی هەڵی گرتووە و، ڕوانینی خودا بۆ شتەکان جوزئی نیە، بەڵکو کولی و گشتیە و علمی موحیتی هەیە بە گشت شتەکان لە زەڕە تا مەجەڕڕە.

٣- هەر بەڵا و موسیبەتێك خوا دەینێرێت، کۆمەڵێ پەند و وانە لەخۆ دەگرێت، لەوانە: (تنبيه للغافلين، وعبرة للناجين، وعقوبة للعاصين، وابتلاء للمؤمنين). واتە: بۆ وشیارکردنەوەی بێ ئاگایانەو پەندە بۆ رزگاربووان، و سزایە بۆ سەرپێچیکاران، و تاقیکردنەوەیە بۆ باوەڕداران.

٤-ڤایرۆسی کۆرۆنا کە بە میکرۆسکۆب نەبێ نابینرێ پەیامی ئیلاهیی و پیشاندانی هێزی بێ سنووری خوایە بۆ مرۆڤی گۆی زەوی کە: سەرکەش

ومەغرور نەبن، و بە توانا و پێشکەوتنی خۆتان نە نازن!.

ئەوەتا هێرشی ئەم فایرۆسە لاواز و زۆر بچوکە تەواوی دەوڵەتان و دەسەڵات و پێشکەوتن ودەزگاکان و میدیاکان....و مرۆڤایەتی خستوەتە ترس و دڵەڕاوکێ و باری نائاسییەوە و، تا ئێستا نەیان توانیوە ڕێی لێبگرن، وچارەسەری بکەن و، تا ئەو وەختەی خوا ویستی لە سەر بێ بەردەوام دەبێ و، مرۆڤیش بەهەموو پێشکەوتنەکانیەوە هیچی پێناکرێت.

(يَا أَيُّهَا النَّاسُ ضُرِبَ مَثَلٌ فَاسْتَمِعُوا لَهُ إِنَّ الَّذِينَ تَدْعُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ لَنْ يَخْلُقُوا ذُبَابًا وَلَوِ اجْتَمَعُوا لَهُ وَإِنْ يَسْلُبْهُمُ الذُّبَابُ شَيْئًا لَا يَسْتَنْقِذُوهُ مِنْهُ ضَعُفَ الطَّالِبُ وَالْمَطْلُوبُ)الحج ٢٢.

٥- بەرنامەی ئیسلام جوانترین وپاکترین بەرنامەیە بۆ بەختەوەر کردن و جوانکردنی ژیانی مرۆڤ. جوانترین بەرنامەی هەیە بۆ تەندروستی و پاکوخاوێنی لەشی مرۆڤ، شتە پاکەکانی بۆ حەڵاڵ کردوەو شتە خراپ و پیس وزیان بەخشەکانی لێ قەدەغەکردووە: (يحل لهم الطيبات ويحرم عليهم الخبائث). ئەم ڤایرۆسەش وەك چاودێران دەڵێن: لە ئەنجامی خواردنی گیانلەبەرە پیسەکانەوە لە چین سەریهەڵداوە کە، هەموو شتێکی پیس دەخۆن، وەك بەراز و سەگ و مشك و مار و دووپشك و شەمشەمەکوێرە و.....هتد.

٦- ترس لە نەخۆشی و تووش بوون بەم ڤایرۆسە شتێکی سروشتیە، بەڵام نابێ بگاتە ئاستی بێ ئاگایی لەم ڕاستیە:

کە خوا ( فاعل ومؤثر)ە لە سەر هەموو شتێك، کاریگەری هیچ شتێ زاتی نیە، بەڵکو تەنیا هۆکارن بۆ جێبەجێ کردنی ویستی بێ سنووری خوا.و کە هیچ مرۆڤێك نامرێت، تا ئەجەلی کۆتایی نەیەت و، ئەجەلیش دیاری کراوەو چرکەیەك

پاش و پێش ناکەویٚو، بە نەخۆشیی وساغی و، گەنجی وپیری نیە، بەڵکو بڕیاری بڕاوەی خوایە و، لە کات وچرکە وشوێن وبە هۆکاری دیاریکراوی یەخەمان دەگرێت: ﴿وَمَا كَانَ لِنَفْسٍ أَن تَمُوتَ إِلَّا بِإِذْنِ اللَّهِ، كِتاباً مُؤَجَّلا﴾. بەڵام خۆپاراستن و، دەستگرتن بە هۆکاری چاکبوونەوە و چارەسەر واجبە و، بەشێکی گرنگە لە مانای( توکل)، وکەمتەرخەمی تێیدا گوناهە.

٧- لە کۆتایدا دەڵێم، ئەم دوعایانە زۆر بکەن: يا أَللهُ، يا أَلله، يارافعَ السَّماءِ، يا باسِطَ الأرضِ، يا مُجيبَ دعوةِ المُضطرينَ، عَجِّل لنا الشفاءَ وٱرفع عنا البلاء. اللَّهمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنَ الْبَرَصِ، وَالجُنُونِ، والجُذَامِ، وسَّيِءِ الأَسْقامِ. اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنْ زَوَالِ نِعْمَتِكَ وَتَحَوُّلِ عَافِيَتِكَ وَفُجَاءَةِ نِقْمَتِكَ وَجَمِيعِ سَخَطِكِ.

خوای موتەعال بە لوتفی خۆی، هەمووومان بپارێزێت و، شیفای بە پەلەش بۆ تووشبووان بنێرێت. اللهم ئامین.

٧ رجب ١٤٤١ – ٢/ ٣/ ٢٠٢٠



# چەند سەرنجێك لە سەر کۆرۆنا



مەلا عبداللە دەروەکۆتری*

١- خوای گەورە لە قورئاندا فەرمویەتی:( قُلْ لَنْ يُصِيبَنَا إِلَّا مَا كَتَبَ اللَّهُ لَنَا هُوَ مَوْلَانَا وَعَلَى اللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ الْمُؤْمِنُونَ) التوبە ٥٩.

(ئەی پێغەمبەر بڵێ: هیچ موسیبەتو ناخۆشیو کارەساتێکمان توش نابێ، ئەوەنەبێ کە خوا لە لای خۆی بۆمانی نوسیوە، خواش پشت و پەناو، یارمەتی دەرو سەرخەر و پارێزەرمانە، بۆیە باهەرچی ئیماندارە پشت بە خوا ببەستێو تەوەککولی لە سەر مەولای خۆی بێت). ئەم ئایەتە سەرچاوەی ورە بەرزیو نەبەزینو دڵ ئارامیە بۆ کەسو کۆمەڵگەی ئیماندار. چونکە:

ا_ وشەی(مولی) واتە ئەوکەسەی سەرپەرشتیت دەکاتو قازانج و خێری بۆت دەوێ و لە شەڕ و ناخۆشی دەتپارێزێ! کەواتە ترسو دڵە ڕاوکێی بۆ چییە کاتێك مەولای تۆی ئیماندار خوایەکی بەبەزەیی و بە دەسەڵات و بە توانا بێت و هەموو شتێك لای ئەو ئاسان و کون فەیەکون بێت؟!

ب_ خوای گەورە فەرمانمان پێدەکات پشتی پێ ببەستین، ئەوە خۆی نیعمەتێکی گەورەیە کەڕێگەی داوین پشتی پێ ببەستین، چونکە ئەگەر لە دونیادا کەسێکی خاوەن بڕیارو دەسەڵاتێکی سنوردار پێت بڵێ من لە پشتت و لەگەڵتدام ئەوە چەند دڵت پێی خۆشدەبێو مەمنونی دەبی؟!! لەکاتێکدا لە لایەك دەسەڵاتی ئەو سنوردارەو بۆی هەیەنەتوانێ هیچت بۆ بکات! وەکو شیفاو چاکبونەوەو ... هتد. لە لایەکیش لەوانەیە خاوەن وەعدی خۆی نەبێت!

ج_ لەدرێژەی چیرۆكو بەسەرهاتە قورئانیەکان حەقیقەتی(مولی) بونی خوای میهرەبان بۆ کەسە نزیكو پێغەمبەرانو شوێنکەوتوانی ڕاستیان دەدرەوشێتەوە،

بۆنمونە:

یەك: خوای گەورە ئاگری سوتێنەری بۆ ئیبراهیمی پێغەمبەری فێنكو سەلامەت کرد و لە شەڕی دوژمنانی پاراست.

دوو: دەریا بە فەرمانی خوا موسا پێغەمبەری نەخنکاند! هەرچەند فرعەونی خۆبەخوازان ئەوەی دەویست، بەڵام ویستی خوا ئەوەبوو کە دەبێ فیرعەون خزمەتیشی بکات و لەماڵەکەی خۆیدا گەورەبێتو دواییش کۆشك و تەختو تاجی تەفروتونا بکات!

سێ: ماسیو نەهەنگی گەورە نەیتوانی یونس پێغەمبەر لە قوڵایی دەریاو لەتاریکایی شەودا بخوات! بەڵکو فڕێیدایە کەنار دەریا و ڕزگاری بوو!!

چوار: زۆر نمونەو بەسەرهاتی تر لە قورئانو فەرمودەو ژیانی پێغەمبەری خۆشەویستمان هەیە لەوبارەوە، لەبەر درێژبونەوەی بابەتەکە نایاننوسم.

٢_ ئەگەر خوای گەورە کەسێکی ئیمانداری بە نەخۆشیەکی درمی گواستراوەی وەکو تاعون و کۆرۆناو هاوشێوەکانی مراند ئەوە بە گوێرەی حەدیسی سەحیحی پێغەمبەر پلەی شەهیدی هەیە، کەواتە تۆی ئیماندار لە چی دەترسیو بۆ نیگەرانی لەمردنێك کە پلەکەی شەهیدی بێتو سەرەنجامەکەی بەهەشتو لێخۆشبونی خوابێت؟!!

٣_ تەوەککول لە سەر خوا ئەوەناگەیەنێ کەسی موسوڵمان ڕێکارە خۆپارێزی و تەندروستیەکان نەگرێتە بەر و ئیهمالی بکات!!

چونکە زانایان دەفەرمون تەوەککول لە کردەوەکانی دڵە و پەیوەندی بە جەواریح و ئەندامەکانی جەستەوە نییە، بەڵکو دەبێ هەموو وەسائیلێکی سەرکەوتن بەکاربێنی ئنجا تەوەککولت لەسەر خوابێت و کار و بارت عایدی ئەو بکەی.

وەکو عومەری کوڕی خەتتاب فەرموی: ئەگەر گەنم نەچێنیو بڵێی تەوەککولم لەسەرخوایە گەنمم بۆ بروێنێ ئەوە نەزانی و خوانەناسینە.

بۆیە ئەگەر لەڕوی تەندروستیەوە بە پێویست زانرا بۆ خۆپارێزیو ئیحتیات کە

جومعەو جەماعەت ڕابگیرێت تاکو مەترسی بڵاو بونەوەی نەخۆشیەکە لادەچێت ئەوە زۆر ئاساییە لە ڕوی شەرعەوە، چونکە پارێزگاری لە گیانی مرۆڤ لە داخوازیە گەورەکانی شەرعە.

لە کۆتاییدا:

یەکەم: لە ئێستادا کە مەترسی بڵاو بونەوەی نەخۆشی کۆرۆنا هەیەو لە چەند وڵاتێك بڵاو بۆتەوە، پێویستە هەمومان بەئەرکی شەرعی خۆمان هەستین لە خۆپارێزی و پابەندبون بە ڕێنماییە تەندروستی و شەرعیەکان لە خۆپارێزی و دوعاکردن و گەڕانەوە بۆلای خوای باڵادەست و میهرەبان.

دووەم: ترس و دڵەڕاوکێ و خەفەتخواردن شتێکی ناشەرعی و نەهی لێکراوە لە قورئانداو پێغەمبەریش درودی خوای لێبێت بەردەوام دوعای خۆپارێزی لە ترس و دڵەڕاوکێ و خەمباری کردووە. لەڕوی زانستیش دەرکەوتووە کە بەرگری لەش لاوازدەکات و زەمینەی توشبون بەنەخۆشی و ڤایرۆسەکان ئاسان و لەبار دەکات

بۆیە هیچ مەترسەو پشت بەخوابەستەو هەرچی خوا ئیرادەی نەکات نابێت ئەگەر هەموو دونیاش بیەوێت. واعتصموا باللە هو مولاکم فنعم المولى ونعم النصير.

* ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان

# ئارامیو بڵاوکردنەوەی گەشبینی لە دیدی قورئان و سوننەتدا

مەلا فەرمان چۆمانی



لەوەتـــــەی ســـــەرهەڵدانی زاراوەی عەولەمـــــە (جیهـانگیری)(Globalization) هێنـدە واتاکـانی ئـەم زاراوەیـە بـەم شـێوازە کردەییـەی ئێسـتا بەرجەسـتە نـەبووە. ژیـانی مـەردومیان لـە تـەواوی جیهانـدا لـە بـارودۆخێکی پـڕ لـە دڵـەراوکێو تـرس و چـاوەروانیو لەدەسـتدانو دەرچـونو نەخۆشیو ناخۆشیدا دەگوزەرێت.

لە ئێستادا زۆربەی وڵاتانی جیهان گیرۆدەی دەستی (ڤایرۆسی کۆرۆنا) (COVID-19)بوونە، ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی بە پەتاو کاریسەی ناوبردووە بۆ سەر مرۆڤایەتی، ئەم ڤایرۆسە جوڵەی ژیان و بازرگانی و گوزەرانی لە سەرتاسەری جیهان پەککستووە.

مانەوە لە ماڵو خۆبەدوور گرتن لەقەرەباڵغیو شوێنە گشتیەکان باشترین چارەسەرو بەهێزترین چەکە بۆ ڕێگری کردن لە بڵاو بونەوەی پەتایەکی لەم جۆرە. لەو بارودۆخە ناهەموارەدا کە دەخوازێت دانیشتوانی ئەم هەسارەیە لە یەکتر دوور بکەونەوە و تێکهەڵی یەکتر نەبن و بەریەککەوتن نەبێت لە نێوانیاند، کە هێمای پەیوەندی کۆمەڵایەتی و مرۆیین. پەرستشە بە کۆمەڵەکان لە ناو پەرستگاکاندا قەدەغەکران و دەرگای مزگەوت و کلێساو پەرستگاکانی تر لە زۆربەی شارو ئاواییەکانی تووش بوو بەم ڤایرۆسە داخران. ئەمە بۆتە مەئسات وجۆرێك لە نائومێدی و خەمۆکی دروستکرد، وای لە خەڵکی کرد بیر لەوە بکاتەوە کە ئەم جیهانە هەنگاو دەنێت بەرەو وێرانی و کۆتایی هاتنی نزیکە.

ژینگەیەکی لەباری بۆ پڕ و پاگەندە و بڵاو کردنەوەی پشێوی و هەواڵی ناڕاست ڕەخساندوە. ئەم جەنگە دەروونیەی لە ڕاگەیاندنەکان بەگشتی و بەتایبەتیش لە

سۆشیاڵ میدیا لەگەڵ وڵاتیانی دەکەن، زۆر مەتدسیدارو ڕوخێنەرە. واتە ترس لە ڤایرۆسەکە و ئەو قەیرانانەی کە هێشتا کەس نازانێ درووست دەبن یان نا لە خودی کۆڤید نۆزدە مەترسیدارترە.

بۆیە دامودەزگاکانی فەرمی ئاینی و رێکخراو و خانەکانی فەتواو ئامۆژگاری، تیشکیان خستە سەر ڕێسای (پێش خستنی پاراستنی گیان "النفس" لە پێش پاراستنی ئاین).

لەڕاستیدا گیانی مرۆڤ بەراورد ناکرێت لەگەڵ هەر شتێکی تری وەك پەرستشەکان و نوێژی بەکۆمەڵ لە پەرستگاکاندا، لە کاتی بڵاو بوونەوەی پەتاو نەخۆشیە درمەکان.

هەڵواسین و ڕاگرتنی نوێژی بەکۆمەڵ و نوێژی هەینی لە مزگەوتەکانداو داخستنی دەرگای پەرستگاکان تا کاتێکی دیاری کراو، تەنها وەك بەر بەستێك دانراوە لە بەردەم بڵاو بوونەوەی وەها کارەساتێك، کەڕەنگە ڕوودانی هۆکارێك بوایە بۆ ئەنجام دانی چەندین سەرپێچی تر. هەڵبەتە ئەمە نەك هەر لادان نیە لە شەریعەت بەڵکو یەکێکە لە دیارترین مەبەستەکانی ئایینەکانە (مقاصد الادیان). ڕەنگە ئەم وتەیە جوانترین چوارچێوەبێت بۆ دەربڕینی ئەم مەبەستە کە دەڵێت: (ماڤ كرنۆشبەر لە پێش مزگەوتدایەو مرۆڤیش پێش کۆشك وتەلارە).

سەرەڕای ئەوەی ئەم بڕیارە پاڵپشتە بە دەقەکانی ئاینی و فیقهی بەڵام بۆتە هۆکارێك بۆ زیاد بوونی شڵەژانی دەروونی و دڵەراوکێ لەلای خەڵك.

پەرستشەکان باوەردارانی گرێداوە بە پەرستگەکانەوە لە ڕووی دەروونی و ڕۆحیەوە، تا حەدێك بۆتە بەشێك لە دینداری.

ئەمە وەك ئەوە وایە پێمان وابێت لە دۆخێکی وەها دا کە ناکرێت بەشێوازێکی ڕێکخراو ڕووبکەینە پەرستگەکان ئیتر هەمو دەرگا کان داخراون و تروسکاییەك بەدی ناکرێت. ئەمە بۆچونێکی هەڵەیە لەبەرئەوەی لە دۆخێکی مەترسیداری لەم جۆرەدا لەناوخودی دەقە شەرعییەکاندا چارەسەرو ڕۆشنایی و ئارامی دەروونی بەدی دەکەین. کورد وتەنی: بۆ ئیماندار هەمو شوێنێك ڕووگەیە و ڕێگا لە ڕەهرەوان

ناگیریت. باری تەعالا هەرگیز بەندەکانی خۆی نائومێد ناکات.

لەوانەیە پرسیار بکرێت ئایا لە ئایندا شتێك نیە بە ناوی فیقهی ئۆقرەو ئارامی؟ ڕێگایەك نیە بۆ بڵاوکردنەوەی ئومێد وئاسوودەیی لە کاتە سەخت و دژوارو ناخۆشەکاند؟ یانی دەکرێت ڕێگە چارەیەك نەبێت بۆ پەرستشێکی تایبەتی لەکاتی بڵاو بونەوەی ئەم جۆرە نەخۆشیە درمانە؟ هەروەك فیقهی زەروریات و پێویست هەیە بۆ هەر پێشهات و ڕووداوێك؟

لە ڕاستیدا تێڕوانین‌و وردبوونەوە لە ئایەتەکانی قورئان‌و فەرموودەکانی پێغەمبەر(درودی خودای لە سەر بێت)، لەگەڵ فیقی پێویستیەکان (فقه الضروريات والنوازل)، کە شەرعناسان لە زانستی بنچینەکانی فیقهیدا(اصول الفقه)–دا بنەماکانی پاراستنی نەفس و پارێزگاری گیان لە کاتی قەیرانەکاندا خستۆتیانە ڕوو، دەمانگەیێنێتە چەندین دەقی ڕاشکاو دیار بۆئەوەی مەردومیان بە سەلامەتی و تەندروستی بمێننەوە.

هەر هەمان دەق و فەرموودەو ڕێساکان فیقهێکی تریان لەخۆگرتووە دەگونجێت ناوبنرێت بە (فیقهی ئارامی و گەشبینی). شەریعەتی ئیسلام چۆن گرینگی بە یاساو ڕێسا تەشریعیەکان دەدات بەم شێوازەش گرنگی بەلایەنی دەرونی و ئاسودەیی ڕۆحی دەدات.

بۆ ئەوەی هاوسەنگی و هەماهەنگی ئەو هاوکێشە سروشتیەی کە حەق تعالی لەناو ئێمەی ئافراندوە تێك نەچێت و پارێزراو بێت. بۆ ئەوەی ئەرك و قورسایی لە سەر ئەرکبارەکان (المكلفين) لابدات، لە کاتی پێویست و ڕەوشی سەختدا.

تاوەکو ببێتە مایەی ئارامی و ئومێد، لە پێناو بەهێزکردنی ڕەوشی دەرونی و بەهێزکردنی سیستەمی بەرگری جەستەو تێپەراندنی قەیرانەکان بەشکڵێکی تەندروست.

توێژینەوەکان ئەوەیان سەلماندووە کە دڵەراوکێ‌و ترس وبیم سیستەمی بەرگری جەستە (المناعه)، لاوازدەکات کە بەرپرسی یەکەمە بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی مەترسی ئەو جۆرە ڤایرۆسانە.

بڵاوکردنەوەی ئارامی و فەراهەم کردنی ئاسایشی دەروونی و کۆمەڵایەتی، بڵاوکردنەوەی ئومێد لە کاتی قەیرانەکان و تاقیکردنەوە و ناخۆشیەکاندا، بەشێکی گەورەی پەرستشە، بە سەرنجدا بۆتاقیکردنەوەو نموونەی دایکی موسا ئەم راستیەمان بۆ دەردەکەوێت، کە تاکە دەرچەی ڕزگاربوونی لە زۆرداری فیرعەون، بریتی بوو لە فرێدانی کۆرپەکەی بۆ ناو دەریا.

لەوکاتەدا فیرعەون نێرینەکانی لە ناودەبردن، خودا دەفەرموێت ( **وَأَوْحَيْنَا إِلَى أُمِّ مُوسَى أَنْ أَرْضِعِيهِ فَإِذَا خِفْتِ عَلَيْهِ فَأَلْقِيهِ فِي الْيَمِّ**) واتە: ئێمە خستمانە دڵی دایکی موساوە کەشیری پێ بدا جا کە لە مووسا ترست هەبوو (فیرعەون و سیخورەکانی) پێی بزانن بیخەناو سندوقێکەوە و بیهاوێژە ناو دەریای نیلەوە، فەرمانی خوداش بەم شێوەیەبوو کە لەم کارەساتە ڕزگاری بێت، ئەڵبەتە لە سەرەتا کە سەیردەکەی کارەساتێکی گەورەو جەرگبرە و دڵ دێنێتە هەژان. چۆن دایکێك کۆرپەکەی دەخاتە رووبار؟!

بەڵام ئەوە ناخۆشیو تاقیکردنەوەیە لە داهاتودا بەخشش و ئومێد دروست دەکات، هەر بۆیەشە خودا فەرمووی (**وَلَا تَخَافِي وَلَا تَحْزَنِي إِنَّا رَادُّوهُ إِلَيْكِ وَجَاعِلُوهُ مِنَ الْمُرْسَلِينَ**) واتە: مەترسەو غەمبار مەبە، چونکە ئێمە ئەیگێرینەوە لات و هەرخۆت ئەبیتە دایەنی و لە ئایندەشدا دەیکەین بە یەکێ لە پێغەمبەران.

ئەم وتانە ئاوازی سەبرو شنەبای ئارامیو جەژنی شادیان لە دڵی دایکی موسادا سازکرد، مژدەی ئەوەی پێدا کە نەك تەنها کورەکەی سەلامەت دەبێتو دەگەڕێتەوە بەڵکو دەبێتە پەیامهێن و پێشەوای مەردوم گەلێك، ئەمە تروسکایی ئومێدە لە ناوەڕاستی شەوەزەنگی خەمۆکی و نارەحەتیدا.

ئەم راستیە لە سیاقی نموونەی ئەو خانمە پاكو بێگەردو خودا پەرستە، (مەریەمی کچی عیمران) دووبارە دەبێتەوە. کاتێك هەموان دەزانن مەریەم داوێن پاکبوو. وەك لە قورئاندا باسی پاکیزەی کراوە ئینجا باسی بارودۆخ و تاقیکردنەوە سەخت و دژوارەکەی دەکات لە کاتی دووگیانی و ئازاری مندالْ بووندا (**فَأَجَاءَهَا الْمَخَاضُ**

**إِلَى جِذْعِ النَّخْلَةِ قَالَتْ يَا لَيْتَنِي مِتُّ قَبْلَ هَذَا وَكُنتُ نَسْيًا مَّنسِيًّا**) واتە: ئینجا ژانی منداڵبوون گرتی و بردییە لای دارخورمایەك، تا لەکاتی منداڵبووندا لێی بخوا و پاڵیشی پێوەبدا، ئەو سا لەبەر پەرێشانی و حەیاو شەرمی خۆی گووتی: کاشکی بەرلە ڕوودانی ئەم ڕووداوە مردبام و بەیەکجاری لەبیر بچوومایەوە و هەرگیز باس نەکرابام.

ئەمە ئەو بارودۆخە دەرونیی و جەستەییە بوو کە تێی کەوتبوو و تیایدا دەخوولایەوە، لەو ساتەدا پێویستی بەئارامی و دڵنەوازی هەبوو بۆئەوەی دڵ و دەرون و گیانی ئاسوودەبکات و ئومێد و هیوای بۆ بگەرێنێتەوە، ئەم بانگەوازە خوداییە (**فَنَادَاهَا مِنْ تَحْتِهَا أَلَّا تَحْزَنِي** ..) واتە جا ئەو منداڵە کە لە دایك بوو بانگی لە مەریەم کردوو وتی: دایەگیان! دڵ زویرمەبەو خەفەت مەخۆ بەم ڕووداوە. ئەم مژدەیە بوە مایەی ئارامی و ئاسودەیی مەریەمی پاکیزە.

دوای ئەوەی نا ئومێد بوو لە ژیان و داوای مردنی دەکرد، ئینجا بەزەیی خودا و سوکنایی دڵ و ئومێدی بۆ گەرایەوە، (**فَكُلِي وَاشْرَبِي وَقَرِّي عَيْنًا**) واتە: لەو فەریکە خورمایە بخۆ و لەو ئاوەیش بخۆرەوە دەرونت ئاسوودەبێ.

یەکێك لە ئاکارە بەرزەکانی پێغەمبەرمان موحەممە (دروودی خودای لەسەر بێت) بوونی زەردەخەنەی بەردەوام بووە لە بەرامبەر هەر کەسێك کە چاوی پێکەوتبایە و گفتوگۆی لەگەڵ کردبایە، لەکاتیکدا لە گشت خەڵك زیاتر خەم و خەفەتی هەبووەو خەمی ڕزگار بوونی مرۆڤایەتی بوو.

لەگەڵ ئەمەشدا بزەی سەر لێوەکان و خەندەکانی دەبوونە چرای ڕۆشنکەرەوی دەروونی ئادەمیانی دەورووبەری، ئەمە نیشانەی کەسایەتی خاوەن متمانەو بەهێزە، ئەوەی لە گەردوندا ڕوودەدات بە فەرمانی خودایەو دەڕوات و کۆتای پێدێت، تەنها بەوەی ڕەزامەند و ئارامگربین.

پێشەوا عەلی فەرمووی: عن الإمام على بن أبى طالب: "كنا إذا حمي الوطيس واشتد القتال" احتمينا برسول الله (صلى الله عليه وسلم ) کە شەڕ گەرم دەبوو، لەناو جەنگدا بووین پشتمان بە سەروەرمان دەبەست و پەناگەمان بوو، وەك ئەوەیە

بڵێت: پێغەمبەر سەرچاوەی ئاسایش و ئارامی و ئۆقرەمان بوو، بوێربوو لە ڕووبەڕوو بوونەوەی دوژمن و ناخۆشی و کارەساتەکاندا.

گومانی تێدانیە هەریەك لە ئێمە بەرپرسیاریەتی پاراستن و پارێزگاری خودی خۆمان و گیان و دەروونمان لە ڕووی ماددی و مەعنەوی لەسەر شانە. کەسی وامان هەیە کە بەرپرسیاریەتی پاراستنی خێزانەکەی لە سەر شانە لە ڕووی دەرونی و جەستەییەوە، واتە پاراستنی لایەنی دەرونی هاوسەرو منداڵەکانی و باوك ودایك و ئەوانەی لە ژێر سەرپەرشتی ئەودان. چونکە سەرچاوەی ئارامی بۆ ئەمان و هیواو ئومێد دەکەوێتە ئەستۆی ئەو.

لەو ساتەوەختەی کە مرۆڤایەتی پێیدا تێدەپەرێت، توانای بڵاو کردنەوەی ئارامی و فەراهەم کردنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی ڕووبەڕووبوونەوەو ئاڵنگاریەکی گەورەیە کە پێویستە دانی پێدا بنێین.

لەوەش گەورەتر ڕوبەڕوبونەوەی ئەو کەسانەیە کە هەڵدەستن بە بڵاو کردنەوەی هەواڵە نەرێنیو تۆقێنەرەکان، دەبنە سەرچاوەی ناسەقامگیری کۆمەڵایەتیو دەروونی. ئارامی و ئاسودەی لێڵ ولاوازدەکەن و تروسکایی هیوا دەکوژن.

بۆیە پێویستە ئەو جۆرە نموونانەی سەرەوە بکرێنە سەرمەشقی گەڕاندنەوەی ئارامیو ئاسوودەیی، بەتایبەتی نموونە کانی قورئانو ژیانی پێغەمبەران .

سەرەنجام مەبەست لە چەمکی (فیقهی ئارامی) تێگەیشتنە لە مەبەستی خودا لە تاقیکردنەوە وبەڵاو ناخۆشیەکاندا، بەجۆرێك لەبڕی ئەوەی ببینە مایەی خەمۆکیو سەرپێچی، ببینە دەروازەیەکی گەورە بۆ چاکە بەهەموو جۆرەکانیەوە، وەك زەردەخەنەو دڵخۆشی و ئارامی، کە پێغەمبەر فەرموویەتی (تبسمك في وجه اخيك صدقة) خەندەو بزە کردن بەرامبەر بە براکەت خێرو سەدەقەیە.

ئەگەر کارەسات و بەڵاو ناخۆشی و ڕووداوەکان پێویستیان بە فیقهی زەروریات هەبێت ئەوە ئێمە زیاتر و زۆرتر پێویستیمان بە پراکتیزەکردنی فیقهی ئارامیو ئاسوودەییو بڵاو کردنەوەی گەشبینیە بە ئەندازەی دیاریکرا (علي قدر اهل العزم تاتي العزائم).

# فەلسەفەی خۆپارێزی

١

ئا:ناوچەی هەورامانی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان

فەلسەفەی خۆپارێزی پەوەستە بەکردەی مرۆڤەوەو دەرکەوتەیەکە لە دەرکەوتەکانی بونی مرۆڤ، هەر ئەمەش پێمان دەڵێت: مرۆڤ لەبووندا ئەرك و بەرپرسیاریەتی هەیەو دەبێت بەتەواوی هەستەوە بەدەم ئەم ئەرکەوە بچێت، گوێنەدان بە ئەرك و بەرپرسیاریەتی کوشتنی مانای مرۆڤ بوون و خودی بوونیشە، کەدەڵێن خودی بوون واتە ئەو ئامانجەی کە مرۆڤی لەپێناودا خوڵقاوە، کاتێك ئەم ئامانجە نەهاتەبوون ئیتر خودی بوونەکش دەفەوتێت، بۆیە ئێمە کاتێك دەتوانین بەئەرکی مرۆڤبوونی خۆمان هەستین ئەو دەمەیە کە بەتەواوی تەندروستین، پێویستیمان بە تەندروستیو گرنگیدان بەم لایەنە لەخۆیدا گرنگیدانە بە ڕۆڵی مرۆڤبوونمان، هەر ئەمەش وادەکات کە لە دیدی پەیامی خوایدا گرنگیدان بە تەندروستی ئەولەویاتی کارو تەواوی ئەنجامدانی ئەرکی پەرستشیشمانە، لەکاتێکدا پەرسشتشەکان لەسەر بنەمای زانست بونیاد نراون، دەی گرنگیدان بە تەندروستی هیچی کەمترنییە لە گرنگیدان بەدەستخستنی زانست و زانیاری.

بۆیە سەرقاڵ بوون بەزانستەوە لەئەنجامدانی سوننەتەکان مەقامی گەورەترە، چونکە ئەنجامدانی سوننەتێك بەزانستو بەرچاو ڕونییەو سەدقات لە ئەنجامدانی سوننەتێك بە تەقلیدو نەزانییەوە گەورەترە، بۆیە کەسی زاناو بەرچاو ڕوون لە تەرازووی شەرعی خواو تەواوی پێوەرە دونیاییەکاندا جیاوازیان وەك ڕووناکی خۆر دیارو درەوشاوەیە تا ئەو ڕادەیە بۆ دەرخستنی ئەو جیاوازییە وەحیی خوایی تەداخول دەکاتو دەفەرموویێت: ﴿قُلْ هَلْ يَسْتَوِي الَّذِينَ يَعْلَمُونَ وَالَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ ﴾ ﴿الزمر: ٩﴾.

ئیسلام بەتەواوی و لە گشت ئەحکامە فیقهی و ئیعتیقادییەکانیشدا بەتەواوی ڕەچاوی باری تەندروستی کەسی بەرباری کردووە، هەر لەسەر ئەم ئەساسەیە کاتێك لە ئیسلامدا شتێك دەبێتە یاساو ئەحکامی لەسەر بونیاد دەنرێت و مرۆڤ بەرباردەکات بەرامبەر ئەو ئەحکامانە لایەنی تەندروستی مرۆڤی فەرامۆش نەکردووە، دەی خۆ ئەوە ڕوونە کە زانست بە ئەحکامە شەرعییەکان و بنەما زانستیەکانی هەر زانستێکی تر کە دواجار خزمەت بە مرۆڤایەتی دەکات نایەتەدی مەگەر تەنها لەسەر تەندروستێکی تەواو نەبێت، بۆیە تەندروستی تەواویش نایەتەدی مەگەر لەسەر خۆپارێزیەکی بەهێز نەبێت لەگشت لایەنەکانەوە، دەست خستنی ماڵو سەروەت کە بڕبڕەپشتی ئابوری مرۆڤەو سەرجەم کارەکانی تر لە مەیدانی جوڵەو بزاوتدا بە پەرستشەکانەیشەوە وەك حەججی ماڵی خواو تێکۆشان لەپێناوی بڵاوکردنەوەی دینی خواو سەرجەم بەها بەرزەکان ناگەنە پایان ئیلا بە تەندروستێکی تەواوەوەنەبێت.

لێرەوەیە تەندروستی دەستماییەی مرۆڤەو مرۆڤ بەبێ تەندروستی تەواو هەرگیز ناتوانێ ڕۆڵی خۆی وەك پێویست ببینێ، بۆیە تەندروستی تەواو بنەمای خێر و خۆشییەکانە بۆ مرۆڤ، ئەسڵەن قورئان بۆ ئەوە هاتووە کە مرۆڤ لە بیرکردنەوەدا بەجوانی و تەندروستیانە بیربکاتەوەو لەوێشەوە ببێتە خاوەن دەرونێکی ئارام و ساخلەم، بۆیە وەحی خوایی هەرگیز لایەنی تەندروستی فەرامۆش نەکردووە وفیقهی ئیسلامی دەیان بابەتی ترخانکردوە بۆ گرنگیدان بەلایەنی تەندروستیی و بەتەواوی هانی مرۆڤ دەدات بۆ خۆپارێزی، چونکە بنەمای تەندروستی باش پێش ئەوەی بە چارسەربێت وەستاوە لەسەر خۆپارێزی، (الوقاية خير من العلاج) خۆپارێزی چاکترە لەچارەسەر، واتە بۆ ئەوەی بەتەندروستێکی باشەوە درێژە بەژیان بدەیت و خزمەتەکانت بۆ مرۆڤایەتی بەردەوام بێت دەبێت پێش هەموو شتێك خۆپارێزی بکەیتە خاسڵەتێکی دیاری خۆت، چونکە ئەو خزمەتەی کە کەرتی تەندروستی پێشکەشی مرۆڤایەتی دەکات لەسەدا نەوەدی لەسەر بنەمای

تەجروبە بونیاد نراوە، ئەویش هەر بۆ پاراستنی هیزو مەناعەی مرۆڤ ودژە نەخۆشی کاری بۆکراوە، بۆیە خۆپارێزی لە ئازارو برینەکان، لە کاڵا بەسەرچوو خراپەکان، کە کاریگەری خراپیان هەیە بەسەر بەدەنی مرۆڤەوە خۆدورگرتن لێیان بەڕێنمایی قورئان و سوننەتە، لەقورئاندا ئەوەی زیانی هەیە بۆمرۆڤ حەرامی کردووە و دەیان فەرموودەشمان هەن کە ئاماژە بەقەدەغەکردنی پیسی و خراپەکاندەکات،بۆیە دەبێت مرۆڤ لێیان دووربکەوێتەوە، ئیتر لێرەوەیە دەگەینە ئەوەی کە شەرعی خوا هەمیشە لە خەمی هێنانی کۆی بەرژەوەندیەکانە بۆ مرۆڤ و دوورخستنەوەی هەرچی زیانە لە مرۆڤ یەکەبەیەکەی ئەحکامەکانی دارشتووە و تەواوی دەقەکانی قورئان و سوننەت ئاماژە بەم مەبەستە گرنگە دەکات (درء المفاسد مقدم على جلب المصالح).

بۆیە لەئیسلامدا نەهێشتنی زیان لە سەر مرۆڤ لە پێشترە لە هێنانی بەرژەوەندی بۆی، کاتێك تەماشای ئەحکامە شەرعییەکان دەکەین دەبینین مۆڵەت دراوە بەو کەسەی کە لەسەفەردایە وبۆی هەیە نوێژە چوارڕەکعاتییەکانی کورتبکاتەوە بۆ دوو ڕەکعات و ئەگەر بەڕۆژوە ڕۆژوەکەی بشکێنێت، بۆ ئەوەی لەگەڵ نارەتی سەفەر نارحەتێکی تر نەیەتێتە سەرو توانای بەرگری لاوازبێت، هەروەها نەخۆش مۆڵەتدراوە بەوەی کە بەهۆی ئەو بارقورسیەوە کەهەیەتی ڕۆژو نەگرێت نەوەك بەهۆی ڕۆژووەوە زیانی کەمی خۆراك لەسەرکەسەکەوە دەرکەوێت، هەروەها مۆڵەتدراوە بەوکەسەی کە ترسی هەیە نەخۆش بکەوێت یان درەنگ چاك ببێتەوە لەکاتی سەرمادا ئاو بەکارنەهێنیٚ بۆ دەستنوێژو خۆشۆرین لەبریتی ئەوانە تەیەمم بکات، ئەمانە هەمووی لە بابی خۆپارێزییە نەوەك کەسەکە لەدەرەنجامی ئەنجامدانی ئەمانە مەترسی ئەمنی تەندروستی بۆ دروست ببێت، هەر لەبەر ئەمەشە دەبینی ئارەق وگۆشتی بەراز وزیادەرەوی حەرام کراون، چونکە ئەمانەهەمووی سەر دەکێشن بۆ زیانگەیاندن بەمرۆڤ.

لەکاتێکیشدا ئەم مرۆڤە کە بەحەقیقی خەریکە رووبەرووی زیاندەبێتەوەو گیانی

لەخەتەردایە غەیری حەرامکراوەکانیش دەستی ناگات بە حەڵاڵو ڕێگەپێدراوەکانی شەرع، لەو دەمەدا قەدەغەکراوەکان لەبەردەمیاو بەکارهێنانیان تادەگاتە حەڵاڵەکان ئەو ڕێگریەیی لەسەر لادەبرێت و بۆ ئەوەی ئەم مرۆڤە لەو نارەحەتی وتەنگانەیە دەربازی ببێت، هەروەها لەحاڵەتێکی تەواو سروشتی و نۆرماڵ کە سوری مانگانەی ئافرەتانە خوا لەبەر بوونی ئازار ونارەحەتی مامەڵەی حەڵاڵ قەدەغەدەکات، چونکە خودی مامەڵەی حەڵاڵ لەو وەختەدا ئازارو ئێشە وەك دەفەرموویێت:﴿ **وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الْمَحِيضِ قُلْ هُوَ أَذًى فَاعْتَزِلُوا النِّسَاءَ فِي الْمَحِيضِ وَلَا تَقْرَبُوهُنَّ حَتَّى يَطْهُرْنَ فَإِذَا تَطَهَّرْنَ فَأْتُوهُنَّ مِنْ حَيْثُ أَمَرَكُمُ اللَّهُ** ﴾.

لێرەدا ڕاشکاوانە خوا پێماندەفەرموویێت سوری مانگانە ئازارو ئێشەو ئەوەی لەکاتی ئاسایدا ڕێگە پێدراوە ئێستا ڕێگەپێدراو نییە نەڕۆژوو نەنوێژ نابێت ئەم دوو فەرمان پێکراوە لەکاتی ئێش‌و ئازاردا ئەنجام بدرێت‌و دوو بارگرانی لەکاتێکدا بەسەر مرۆڤدا نادرێت.

بۆیە ئەگەر تەماشای سوننەتی پێغەمبەریش(صل الله عليه وسلم)بکەین ئەوەی تێدادەبینین کە چۆن ڕێنمایمان دەکات بۆ خۆپارێزی و چارەسەر کردن، فەرمانمان پێدەکات ئەگەر تەندروستمان جێگیرنییە با چارەسەر وەرگرین‌و خۆمان چارەسەر بکەین، یان خۆپارێزی لە نەخۆشییە گوازراوەکانی وەك تاعون و هاوشێوەکانی و ئێستاش کۆرۆنا دەفەرموویێت:«**إذا سمعتم الطاعونَ بأرض فلا تدخلوها وإذا وقع بأرض وأنتم فيها فلا تخرجوا منها**».﴿صحیح.﴾ – ﴿متفق عليه.﴾

هەر کاتێك لە جێگایەکدابوون و بیستان وا تاعون بڵاو بوەتەوە لەو جێگەی خۆتان دەرمەچن‌و یان ئەگەر ئێوە لەوێ نەبوون مەڕۆن بۆ ئەو شوێنە کە تاعونەکە بڵاو بووەتەوە..

هەروەها ئەگەر نەخۆشییەك دکتۆرەکان جەختیان لەسەر خۆپارێزی کرد لێ

دەبێت لێدوورکەوینەوەو، دوورکەوتنەوەشمان لەو نەخۆشیە ئەوکات دەبێتە پرستش وەك فەرموودەکە دەفەرموویت: ڕاکەن لە گولی هەروەك چۆن هەڵدێن لە شێر، هەر لە زەمینەی خۆپارێزییە پێمان دەفەرموویت لە ئاوی وەستاودا دەست بەئاو ماکەن ڕێگاو بنسێبەرەکان پیس مەکەن و خۆتان بەدوور بگرن لەو شتانەی نەفرین بەدوای خۆیدا دێنێت، هۆشیاریمان دەداتیٚ کە سەرقابی خۆراکەکانمان ببەستین، نەوەك پیسببێت و ئێمە پێیان نەزانین، لێرەوەیە خۆپارێزی ڕۆحی تەندروستێکی تەواوەو بۆیە تەواوی ڕێنمایەکانی فیقهی ئیسلامی بۆ پاكو خاوێنی هەموو لەبابی خۆپارێزییە.

بەکورتی.

١- خۆپارێزی لەگشت زیانەکان ج زیانی مادی بێت یان مەعنەوەی واجبێکی شەرعییەو داخوازێکی سروشتی مرۆڤە.

٢- نەخۆشییە گوازراوەکان کە کەرتی تەندروستی جەختیان لێدەکاتەوە واجبە خۆمانی لیٚ بپارێزین.

٣- ئەرکە (واجبە)شەرعییەکانو ڕاپەڕاندنی فەریزەکان کە دەگونجێت شوێنی ئەنجامدانەکەیانو کۆبوونەوە لە مزگەوتەکان هەڵبسپارێن تا ئەوکاتەی کە مەترسی نامێنیٚ بۆ سەر گیانی مرۆڤ.

٤- خۆپارێزی لە پێشترو باشترە لە چارەسەر، ئەگەر گرافتاریش بووین بە نەخۆشی هەر وەك چۆن لەسەرەتاوە واجب بوو خۆمان بپارێزین ئاواش پێویستە چارەسەری خۆمان بکەین.

٥- ئەگەر لە شوێنێك ماینەوەو بە گوزارشتەکەی ئێستا خۆمان کەرنتینەکرد، پێویستە ڕەچاوی باری دڵرونی دەوروبەرمان بکەین.

٢٠٢٠/٣/١٧

# خۆپارێزی لە ڤایرۆسی کۆرۆنا
# لەڕوانگەی فیقهی ئیسلامییەوە

٢

سوپاس وستایش بۆخوای شافی و شیفابەخش، درودو ڕەحمەتی خوا بۆ پێغەمبەرەی ڕێنمایی کەری مرۆڤایەتی و هاوڵانی تا ڕۆژی دوایی. خوای گەورە دەفەرموویت:﴿ قُل لَّن يُصِيبَنَا إِلَّا مَا كَتَبَ اللَّهُ لَنَا هُوَ مَوْلَانَا وَعَلَى اللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ الْمُؤْمِنُونَ﴾ التوبة:٥١.

ئەم نەخۆشیو بەڵایە کە لە ئەمڕۆدا بەڕۆکی مرۆڤایەتی گرتووە و هەموو جیهانی تەنیووە ڤایرۆسی کۆڕۆنای نوێی(کوفید١٩)، بێدەگوترێتو سەرچاوەی بڵاو بوونەوەی وەك ئەوەی کە دەگوترێت بۆیەکەم جار لە مانگی دوانزی ساڵی(٢٠١٩) لە بازاری خواردەمەنیە دەریاییەکان لە شاری (ووهانی) وڵاتی چینەوە سەری هەڵدا کە ئەم شارە ژمارەی دانیشتوانی دەگاتە نزیك ١١ ملیون کەس.

پسپۆڕان شارەزایانی ڤایرۆسناس دەڵێن ئەم ڤایرۆسە لەناو ڕیخۆڵەکانی پەلەوەری شەمشەمەکوێرەدا دەژی لە ڕێگەی پاشەڕۆو میزو هەواوە دەگوازرێتەوە بۆ زیندەوەرەکانی تر، مرۆڤیش لەم تووشبوونە بەدەرنییە و بگرە ئەگەر توشبوو و گەیشتە لای مرۆڤ بەخێرای تەشەنەدەکات و لە مرۆڤێکەوە بۆ مرۆڤێکی تر زۆر بەئاسانی دەگوێزرێتەوە ئەوەندەی حیسابە بگاتە مرۆڤ ئیتر ئەو مرۆڤەی کە توشی دەبێت بەرکەوتەی بە هەر مرۆڤێکی تر هەبێت ڕاستەخۆ ئەویش دەبێتە هەڵگری ڤایرۆسەکە، ئەبێت ئەوەش بزانین کە شارەزایان دەڵێن گواستنەوەی ڤایرۆسەکە لە شەمشەمەکوێرە بۆ مرۆڤ زۆرکەمە ودەگمەنە، بەڵام کە گەیشتە مرۆڤ ئیتر زەحمەتە بەرگیری لەبڵاو بوونەوەی بکرێ ، ئەمە لەگەڵ ئەوەشدا سەرچاوەی هەوڵگیری ئابوری (بلومبیرغ) کە لەساڵەکانی

(١٩٩٠)دامەزراوەو دامەزراویەکی هەوڵگیریی ئابووریی ئەمریکی دەڵێت: ڤایرۆسی کۆرۆنا (وەبا إکس)ەو یەکێکە لەجۆرە پەتا دەگەمەنە ئاڵۆزەکان و سەرچاوە تەندروستیە جیهانیەکان دەستەوسانن لە دۆزینەوەی چارەسەر بۆی هەر لەبەر ئەوەش کە تا ئێستا زیاتر لە(هەزاران) مرۆڤ توشی ئەم نەخۆشیەبوون و لەچەند ولاَتێکیشدا بلاَوبووتەوەو کوردستانی ئێمەش بەدەرنییە لەو زەمینەیەیی کە ئەم ڤایرۆسەی تێدابلاَوبووتەوە، ولاَتەکانی دراوسێشمان بەهەمان شێوە بەقورسی تووشی بوون و وتوانای بەگرتنیان نییە لەبەردەم ئەم ڤایرۆسەدا.

## هەڵوێستی ئیسلام بەرامبەر ئەم نەخۆشییە نوێیەدا.

نەخۆشیە گوازراوەکان و پەتای کۆرۆنا دوژمنێکی حەقیقی مرۆڤە و بۆیە بەرگری کردن لەبەرامبەریەوە بەهەر رێگەیەك بێت ئەرکەو دەبێت لە ڕووبەڕووبونەوەیدا ئامادەباشبین، چونکە ئەم ڤایرۆسە نەشوێن دەنەناسیٚ نە گەورەو بچوك نە ژن وپیاو نە کافرو موسڵمان، بۆیە گرنگە ئێمە بەدوای چارەسەدا بگەڕێن ئەمەش لێرەوە کابرایەکی دەستەکی هاتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) گووتی:( **يَا رَسُول الله، نتداوى؟ فَقَالَ: " تداووا، فَإِن الله لم يضع دَاء إِلَّا وضع لَهُ دَوَاء غير الْهَرم**) لێرەوەیە لە ئیسلامدا چارەسەر وەرگرتن بۆ هەر نەخۆشییەك جا دەواو دەرمان بێت یان خۆپارێزی بێت بە یەکەم هەنگاوی گرنگ و زەروری دەزانیٚ بۆ پارێزگاری گیان و جەستەی مرۆڤ، ئەمەش تەنها لەپێناو پاراستنی گیانی مرۆڤە و پارێزگارییە لەو مەخلوقە بەشکۆیە کە خوا رێزی لێناوە، بۆیە پێغەمبەری خوا(ﷺ) ڕاستەوخۆ ئەوەی بەیان کردووە کە بۆ هەموو نەخۆشیەك چارەسەر و دەرمانێك هەیە و هیچ نەخۆشیەك نییە بەبیٚ دەواو چارەسەر مەگەر ئەوەی کە مرۆڤ هێشتا نەگەیشتبێت بە دۆزینەوەی ئەو چارەسەر بۆ نەخۆشیەکە، ئەمە ئەوەمان پێدەڵێت: مادام نەخۆشیەك هەیە بەدڵنیاییەوە چارەسەرکەشی هەیە،

ناڕاستەوخۆ پێی گوتوین ناڕەحەت مەبن و مەترسن لەبەردەم نەخۆشیەکان و دەسەوسان مەوەستن هەوڵی خۆتان بدەن بۆ دۆزینەوەی چارەسەری هەر نەخۆشیەك کە بەرۆکی مرۆڤایەتی گرتووە بەتایبەت کە ئێستا کۆرۆنا بەرۆکی جیهان و تەواوی مرۆڤایەتی گرتووە، ئەمە مانای ئەوەنییە مرۆڤایەتی گەیشتبێتە بن بەست و ئیتر نەتوانێت چارەسەر بۆ ئەم پەتایە نەدۆزرێتەوە، بۆیە هەموو نەخۆشێك شیفای هەیە و دەواکانیش تەنها وەسیلە و هۆکاری شیفان ئەگەرنا خوای گەورە شیفابەخشی حەقیقییە، و ئەو کاریگەرییەی بە ئەندازەیەك خستوەتەناو ئەو دەواییەی کە بەکاری دێنین ونابێت واشبزانین ئەو دەوایە شیفابەخشی ڕاستەقینەیە، ئەوەی کە مرۆڤ تا ئێستا چارەسەری ئەم نەخۆشییەی کۆرۆنایەیی نەدۆزیوەتەوە نیشانەی ئەوەنییەکە چارەسەری نەبێت، دۆزینەوەی چارەسەرەکان لە زەمانێکەوە بۆ زەمانێکی تر دەگۆڕێت و هەمیشە کەرتی تەندروستی لەهەوڵی ئەوەدایە کە دەستی بگات بە هەموو چارەسەرەکان هەرگیز دڵخۆش نییە کە دەستەوسانن لەبەردەم نەخۆشیەکان و نەدۆزینەوەی چارەسەر بۆیان، کەرتی تەندروستی جیهان کاتێك سەرکەتووە کە کەشفی ماناکانی ئەم فەرموودەیەدەکات کە پێغەمبەری خوا دەفەرموویێت" **إنَّ اللَّه تَعَالى لَمْ يُنْزِلْ داءً إلا أنزلَ لَهُ دَواءً، عَلمهُ منْ عَلِمَهُ، وجهِلَهُ مَنْ جَهِلَهُ، إلا السَّامَ وهُو الموتُ** " ئەم فەرموودەیە ئومێدێکی تەواومان پیٚ دەبەخشێت، ئومێدێك کە هیچ نەخۆشێك بیٚ چارەسەر نامێنێتەوە و هیچ نەخۆشێکیش نییە بەبیٚ شیفا، ئێمە قسە لەسەر ئەوەناکەین کە کەسێك ئەجەلی تەواوبوبێت ئەگەرنا هەموو نەخۆشیەك دەوایەکی هەیەو چارەسەرێکی دەست دەکەوێت، مردنیش بەدەست مرۆڤنییە وناتوانێت ڕێگری لێبکات، بۆیە دڵخۆشبین هەرچەندە نەخۆشیەکە گەورە و قورس و گران بێت چارەسەرێکی هەر هەیە.

بۆیە پەیامی ئیسلام پەیامەێکە کە هەرگیز دژیایەتی نییە لەنێوان مادەو ورۆحدا

چۆن چارەسەر و چاکسازی نەفسی و دەروونی لە ئیسلامدا هەیە ئاواش چارەسەری بەدەنی وچەستەیی هەیە خوای زانستی شەریعە هەمان خوای زانست پزیشکی و توبە ناکرێت ئەم دوانە لە کۆی سیتەمەکەدا دژایەتیان هەبێت ، بەلاّم لە چۆنیەتی مامەڵکردن لەگەلیاندا جیاوازی پەیدادەبێت، ئەوش شتێکی زۆر ئاساییە، بۆیە ئیسلام تەناها کار لەسەر ڕۆح ناکات بەتەنها و هەرئاواش کار لەسەر بەدەنناکات بەتەنها هەردوو جانبەکە پێکەوە بە هاوسەنگی مامەڵەدەکات، بۆیە کاتێك پەتایەك بلاّو دەبێتەوە ئیسلام بەجوانترین شێوە بەرنگاری دەبێتەوە پێغەمبەر(ﷺ) وەك بنەمایەکی گشتی هۆشیارمان دەکاتەوە ئەگەر وەبایەك پەتایەك لە شوێنکدا هەبوو ئەهلی ئەو شوێنە لەوشوێنەدا بمێنەوە دەرنەچن و کەسیش سەردانی ئەوشوێنە نەکات. بمێنەوە لە جێگەی خۆتان و دەرمەچن تاخوا ئەم بەلاّیە لەناو دەبات (إذا وقع الوباء بأرض أنتم فيها فلا تخرجوا منها فرارًا منه، وإذا وقع بأرض ولستم بها فلا تهبطوا عليها) چەند جوانە ئێمە بەم جۆرە و بەم تێگەیشتنە تەماشای ئەو بەلاّو نەخۆشییەبکەین  و بەم جۆرە مامەڵە لەگەڵ پێشهاتەکاندا بکەین.

لەمەی کە ڕابورد ئەوەحاڵی دەبین مرۆڤ هەرجۆرێك هەر دینێك وهەر زمانێکی هەبێت ئەگەر رووبەرووی نەخۆشێکی گووازراوەبوو وەك ئەم پەتایی کۆرۆنایە، ئەوە پێویستە وەك واجبێکی ئینسانی و شەرعی دەبێت هەموو کۆبوونەوەکان و ئەوشوێنانەش کە کۆبوونەوەکانی تێدادەکرێت وازیان لێبێنیٚ و دووربکەوێنەوە لێیان بە حەج و عومەرەو مزگەوتو جومعەو جەماعەتیشەوە، کاتێك ئەم فەریزانە لە شەرعدا هەڵدەسپارێن  لەبەر عوزرێك و پێشهاتێکی وەختی ئەوە شوێنەکانی تر وەك پرسەو شیرینی خواردنەوەو خۆشیەکانی ترو شوێنەکانی وەك نێرگەلەخانە و چایەخانەو هۆڵە وەرزشیەکان و سەیرانگاکان بە ئەولا حەقی داخستنو دوور کەوتنەوەلێیان هەیە، چونکە ئەم نەخۆشیە ڤایرۆسەو

ڤایرۆسیش باشترین زەمینە بۆگەشەکردنی بەریەکەوتنەوە ولەرێی بەریەکەتنو تێکەڵبوونەوە بە شێوەیەکی خێرا لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگوازرێتەوە.

## رێگاکانی خۆپاراستن

مادام ئیسلام گرنگی داوە بەمرۆڤو پاراستنی گیانی مرۆڤی بە یەکێك لە مەقاسدەکانی شەریعەت هەژمار کردووە، کوشتنی مرۆڤ و زیانگایاندن پێی و ترساندنی مرۆڤ بە یەکێك لە گوناهە گەورەکان تەماشادەکات، بۆیە دەبێت ئێمەش بەگرنگەوە تەماشای ئەوە بکەینو دووربین لە زیان گەیاندن بە کەسەکانی دەور وبەرمان و خۆمان و خەڵکیش بپارێزین لەم روانگانەوە.

١- ئەگەر نەخۆشین بەزووترین کات خۆمان چارەسەربکەین نەوەك ئەم نەخۆشیە بگوازرێتەوە بۆ کەسێکی ترو ئەویش بەهۆی ئێمەوە گرفتاربێت، ئەگەر خەڵکی نەخۆشن چیمان پێدەکرێت بەدەمیانەوەبین، باشترین رێگاش بۆ بەرگری لەنەخۆشیە گوازراوەکانو بەتایبەتریش نەخۆشی کۆرۆنا تێکەڵنەبوونە لەگەڵ خەڵکیو گۆشەگیرییە، بۆ ئەوەی ئەو فەرموودەیە جێبەجێ بکەین لەم رۆژەدا کە دەفەرموێت:" لا ضرر ولا ضرار " باشترین شت ئەوەیە تێکەڵی خەڵکی نەبین

٢- گرنگی تەواوبدەین بە پاك و خاوێنی چ لەرووی شکڵ و بەدەنەوەبێت یان پاککردنەوەی دڵو دەروونمان بێت، پاك وخاوێنی یەکێکە لە داخوازیەکانی شەرع لەسەرمانو پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێت:" **الطهور شطر الإيمان** " پاك وخاوێنی بەشێکە لە بەشەکانی ئیمانو باوەرداریمان، هەربۆیە بۆ پەرستشێکی گەورەی وەك نوێژ کە یەکێکە لە پایەکانی ئیسلام دەست نوێژی کردووە بەمەرجی دروستی ئەو پەرستشەو تەوافی ماڵی خواش هەروایە بەبێ پاك وخاوێنی نەنوێژ دروستە لای خوا نە تەوافی ماڵی خواش

کە یەکەێکە لە نوسکەکانی حەجج، سەبارەت بەدەستنوێژ شوشتنی پێنج فەرزەکە پێغەمبەری خوا دەفەرموویێت:" أَرَأَيْتُمْ لَوْ أَنَّ نَهْرًا بِبَابِ أَحَدِكُمْ يَغْتَسِلُ مِنْهُ كُلَّ يَوْمٍ خَمْسَ مَرَّاتٍ هَلْ يَبْقَى مِنْ دَرَنِهِ شَيْءٌ؟ قَالُوا: لَا يَبْقَى مِنْ دَرَنِهِ شَيْءٌ. قَالَ: فَذَلِكَ مَثَلُ الصَّلَوَاتِ الْخَمْسِ يَمْحُو اللَّهُ بِهِنَّ الْخَطَايَا " یان دةفةرموويَت:" لَوْلاَ أَنْ أَشُقّ عَلَى أُمّتِي لأَمَرْتُهُمْ بِالسّوَاكِ عِنْدَ كُلّ وُضُوءٍ " لێرەوەیە دەسنوێژگرتن و خۆشۆرین و دەموودان شۆشتن یەکێکە لەهۆکارەکانی خۆپارێزی لە نەخۆشیە گوازراوەکان. هەرچەند پاکوخاوێنی بەشێکە لە بەشەکانی ئیمان لەلایەکەوە لەلایەکیتریشەوە دژنییە بە سروشت و فیترەتی پاکی هەر مرۆڤێکەوە بۆ پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموویێت:" خَمْسٌ مِنَ الْفِطْرَةِ: الْخِتَانُ، وَالاِسْتِحْدَادُ، وَتَقْلِيمُ الأَظْفَارِ، وَنَتْفُ الإِبِطِ، وَقَصُّ الشَّارِبِ" وردبوونەوە لەم سونەتانە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە تەندروستی جیهانی بەجۆرێك لەجۆرەکان لە ئێستادا بانگەشەبۆ بەپایان گەیاندنی ئەم سوننەتانەدەکات و لە پێش هەموو کەسێکەوە ئێمەی موسڵمان پێویستە پابەندبین پێیانەوە چونکە پابەندبوون بە پاك و خاوێنیەوە واجبێکی شەرعی و داخوازیەکی تەندروستی و پێویستیەکی هەنوکی و یەکێکە لە هۆکارەکانی خۆپارێزی لە نەخۆشی کۆرۆنا.

ئەمە لەڕووی پاکوخاوێنی بەدەنییەو لە ڕووی ئەمنی خواراکەوە ئیسلام پاکخۆری بەیەکێك لە واجبەکان و پێویستیەکانی مرۆڤ تەماشادەکات و فەرمانمان پێدەکات پاك خۆربین، چونکە پاك خۆری ڕێگەیەکە لەڕیگەکانی خۆپارێزی لەنەخۆشیە گوێزاوەو کوشندەکان وەك خوای گەورە دەفەرموویێت:﴿ الَّذِينَ يَتَّبِعُونَ الرَّسُولَ النَّبِيَّ الأُمِّيَّ الَّذِي يَجِدُونَهُ مَكْتُوبًا عِنْدَهُمْ فِي التَّوْرَاةِ وَالإِنْجِيلِ يَأْمُرُهُم بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَاهُمْ عَنِ الْمُنْكَرِ وَيُحِلُّ لَهُمُ الطَّيِّبَاتِ وَيُحَرِّمُ عَلَيْهِمُ الْخَبَائِثَ وَيَضَعُ عَنْهُمْ إِصْرَهُمْ وَالأَغْلاَلَ الَّتِي كَانَتْ

﴿عَلَيْهِمْ﴾ (الأعراف: ١٥٧). لەگەڵ ئەوەشدا خواردن و خواردنەوەو بەکارهێنانی پاکەکان هەرئاوا نابێت بە هەوانتەبێت و دەبێت بە ڕێساویاسای خۆی دەستی بۆ بەرین و زیادەرەوی تێدانەکەین ئەمەش هەر لە بەرژەوەندی مرۆڤە و زیادەرەوینەکردنیش لەخواردن و خواردنەوە یەکێکە لە ڕیگاکانی خۆپارێزی وەك پێغەمبەر(ﷺ)دەفەرموویێت:" **مَا مَلَأَ آدَمِيٌّ وِعَاءً شَرًّا مِنْ بَطْنٍ بِحَسْبِ ابْنِ آدَمَ أُكُلَاتٌ يُقِمْنَ صُلْبَهُ فَإِنْ كَانَ لَا مَحَالَةَ فَثُلُثٌ لِطَعَامِهِ وَثُلُثٌ لِشَرَابِهِ وَثُلُثٌ لِنَفَسِهِ** ".

٣- هەروەها دوورکەوتنەوە لە پەیوەندیە ناشەرعییەکان ئیسلام بە یەکێك لە ڕگاکانی خۆپاریزی هەژماردەکات ج وەك تاك و ج وەك کۆمەڵگە بۆیە ئیسلام پەیوەندیە ناشەرعییەکانی حەرام کردووە وەك زینا لەبەر ئەوەیە کە دەبێتەماییی تێکلَ بونی نەژاد و سەرهەڵدانی نەخۆشی کوشندەی وەك ئایدز، لە ئێستاشدا یەکێکە لە ڕگاکانی بلاّو بوونەوە کۆرۆنا، کەواتە حەرام کردنی ئەم پەیوەندیە ناشەرعیانە تەنها لەبەر یەك جۆر نەخۆشی نییە وبگرە یەکێك لەهۆکارەکانیشی خۆپارێزییە لە نەخۆشی کۆرۆنا و دەیان نەخۆشی تر کە تا ئێستا دەرنەکەوتوون و ئێمە نایان زانین.

٤- خاڵکی گرن بۆ ئەمڕۆمان وەك بەشێك لە پارێزی شکۆی مرۆڤ ئەو براو ئازیزانەمان کە سەرچاوەی پشێویان لەبازارو سەر عەرەبانەو ڕەج و ئارەقاوی ناوچاوانیانە زۆرگرنگ و فرسەتێکی باشە بۆلاکردنەوە بەلایانداو ئەکی سەرشانیان لەم کاتەدا سوك بکەین و دەستگرۆیان بکەین بەتایبەتر لەرووی مادییەوە ئەو جیاوازیی و ناکسانییەی کە لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگە نەهێلین و عەدالت و دادپەروەرانە سەروەت وسامانی مۆلکراوی حکومەت بەسەریاندا دابەشبکرێت و ئەوانەشمان کە خوا بەنعمەت و سەروەت و سامان بەسەری کردووینەتەوە هەلێکی باشە زیاتر و خێراتر بەدەم نەدارو

هەژارانەوە بڕۆین، بۆ ڕێگری لە کۆرۆنا تەنها ئەمەشبگرینە بەر کارێکی چاك و گەورەمان کردووە.

بۆیە لەکۆتایدا ئەوە دوو بات دەکەینەوە خۆپارێزی لەنەخۆشەی کۆرۆنا واجبەێکی شەرعی و زەرورەتێکی هەنووکەییە و پێوستە هەموو ڕێکارەکان بگرینەبەر بۆ ئەوەی مرۆڤایەتی لەم دەردوو نەخۆسییە بەدووربێت.

لە خوای گەورەو بالآدەست دەپارێنەوە کە بمان پارێزی لەم نەخۆشەو تەواوی مرۆڤایەتی جارێکی تر ئاهو هەناسەیەکی تری ئیسراحەت هەڵمژێت.

( اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنَ الْبَرَصِ، وَالْجُنُونِ، وَالْجُذَامِ، وَمِنْ سَيِّئِ الأَسْقَامِ).

١٣ /٣/٢٠٢٠- خورماڵ



# ڤایرۆسی کۆرۆنا چی بەدوای خۆیدا هێنا؟!

مەلا ئەحمەدی قامیشی



دیــوی دووەمی تــــــەنگانە

زللــــەی میهــــرەبانیە بــزانە

ئاگادارکردنەوەی مرۆڤەکانە

تاقیکردنەوەی موسڵمـــــانە

١) لاوازی مرۆڤەکان، خوای گەورە فەرمویەتی: مرۆڤ لاواز دروستکراوە(خلق الانسان ضعیفا)

٢) سەرانی دکتاتۆری جیهان پێویستی خۆیان بۆ خواسەلماند، سەرۆك وەزیرانی چین داوای نزاو پاڕانەوەی کرد لەو موسڵمانانەی کەلەناوی دەبردن تەنانەت ئازادی کردن، سەرۆکی ئەمریکا لەلوتکەی دەسەڵات لاوازی خۆی پێویستی خۆی نیشاندا بۆخوا ناچار بو ڕۆژێ دابنێ بۆ پاڕانەوەلەخودا، تۆ بڵێی ئەویش کۆنەپەرست بێ؟

٣) ترسان لەڤایرۆسێ کە بەچاو نابینرێ، لەجیاتی ترس لەخوا، لەمردن، ئەو هەموو تەکنەلۆژیایە دەرەقەت ڤایرۆسێ نایە، کە بەهۆیەوە شارەکانی چۆڵکرد ژیانی ڕاگرت، ترس و تۆقاندنی بڵاوکردەوە، سەرەڕای زیانی تەندروستی زیانی ئابوری زۆری لێکەوتەوە.

٤) قەدری نیعمەتی لەشساغی بزانە کەلەدوای ئیمان چاکترین سامانە.

٥) ئێستا گەورەیی ئیسلام زیاتر بزانە بەسەرنجدان لەورێنماییانە:

لەشۆردنی دەستنوێژو ئاو لەدەمو لوت وەردان و سیواك ..هتد، هەموو ڕێنماییەکانی تەندروستی هەر ئەوەی خۆمانە پێمانی دەفرۆشنەوە، تەنانەت نوێژنەکەرەکانیش وەك ئێمە ناچاربون خێرا خێرا دەست ودەمو چاویان بشۆن (حیجری صحی) دابڕینی شارەکان وقەدەغەی تێکەڵاوی هەر فەرمودەی

پێغەمبەری خوایە، سەبارەت بەتاعون کە ئەوە تاعونی سەردەمە، فەرمویەتی: لەکاتی پەتاو تاعوندا لەوشارە دەرمەچن کە نەخۆشیەکەی تیایە ، شارێکیش کە نەخۆشیەکەی تیا بوو مەچنە ناوی ........، ئەم فەرموودەیە بوخاری و موسیلم بەرەحمەت بن گێراویانەتەوە

ئەوەش بەهەمان شێوە (**هذه بِضاعتُنا ردت الينا**)، بەڵام بەداخەوە نوێژنەکەرەکانی وڵات چاوەکانیان جوانیەکانی ئیسلام نابینن! هەر لەتۆمەت بەشینەوەو جوێن دان ئازان !

بەڵێ هەموو ئەمانە جێگەی پەندوتێڕامانە، بۆ بەهێزبونی تەقواو تەوەککول وئیمانە.

لەگەڵ خۆپارێزی.. بەنزاو پاڕانەوەو خێرو صەدەقە ڤایرۆسەکە دوردەخەینەوە لەخەڵك و خاکمان بەهیوای تەندروستی بۆ هەموو لایەك.

# ڤایرۆسی کۆرۆنا

## د.ئومێد پردمەمکی



ڤایرۆسی کۆڕۆنا وەك بومەلەرزە
خەبەری خستین بۆ هەرچی تەرزە
تاجیر و هەژار هەم سیاسەتمەدار
هەر وەکو یەکن لەسەر یەك مەسار
دونیا بۆ هەموان تەواو خرۆشاوە
خەڵکی بێ شومار تەواو ترساوە
ڕوداوی ناخۆش زۆر ترش و تاڵە
خەڵکانێکی زۆر تەواو بێ حاڵە
پشتیوان بەخوا زوو تێدەپەڕێت
تەواو وشیار بین باوێن نەکەوێت
گرنگە هەمووومان ئارامان هەبێت
خۆپارێزیمان با زۆر زۆر هەبێت
پشتبەخوا بەستین باهیچ نەترسین
دروستکارمان المانع لەچی بترسین
لەماڵ بمێننەوە مەچۆ دەرەوە
لە تەوقە کردن خۆت دوور خەرەوە
یەك مانگ مانەوە لەدیوەخانە
نەك تەنها یەك ڕۆژ لەتیمار خانە
کرۆنا پەیوەندیت با بپچرێنێ
نەك لاشەی جوانت هەڵپروکێنێ

مانگێك سەردانی دۆستانت مەکە

خۆت بەقوربانی ئارەزووت مەکە

دووعات بیرنەچێت تۆ موسڵمانی

بەهێزترین چەکە بۆ زیانەکانی

بەربەستی نزاو بەدەستهێنانی

باشترین هۆکارە با چاك بزانی

هاوار کە لەخوا دەڵێت بەندەکەم

تۆش بڵێ (**اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنَ الْبَرَصِ، وَالْجُنُونِ، وَالْجُذَامِ، وَمِنْ سَيِّئِ الأَسْقَامِ**).ە دووعاو نزاکەم.

٢٠٢٠/٣/١٢

ڕانیە– ساڵی کرۆناکە.



# پرسی نوێژکردن
# بە دەمامکەو فەوتاندنی نوێژی هەینی!

**مەلا کامەران سەلام**



* یەکێك لەو پرسیارانەی لە سەردەمی بڵاو بوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا.. خەڵکی بەدوای وەڵامیدا دەگەڕێن و زۆر پرسیاری لە بارەیەوە دەکەن ئەوەیە.. ئایا نوێژ کردن بە دەمامکەوە دروستە یاخود دەبێت لە کاتی نوێژکردن دەمامکەکە لە سەر دەم لابەرین، لە وڵامدا زانایان دەڵێن:

ئەسڵ وایە لەکاتی ئاسایی مرۆڤی موسلمان هیچ جۆرە دەمامکەیە و هیچ جۆرە داپۆشەرێك نەخاتە سەر دەمو لوتی لە کاتی ئەنجامدانی نوێژ کردن چونکە دانانی هەر داپۆشەرێك بە بێ هیچ عوزرێکی شەرعی مەکرٍوهە چونکە پێغەمبەری خوا نەهی کردووە لە کاتی نوێژکردن دەم مان دابپۆشین ﴿ **عن ابي هريرة قال : نهي رسول الله – صلي الله عليه وسلم – ان يغطي الرجل فاه في الصلاة** ﴾ رواه ابو داود والترمذي وحسنه الالباني

بەڵام داپۆشی دەم لەکاتی نوێژ کردن بەهۆی هەبوونی بۆنی ناخۆشی دەم و تۆزو غوبارو سەرمای زۆر و بڵاو بوونەوەی نەخۆشیو پەیدابونی ڤایرۆسو پەتاو هەبوونی نەخۆشی.هتد

لەم کاتانەدا هەموو زانایان دەفەرموون دروستە بەڵکو هێندێکیان دەفەرموون سوننەتیشە.. نوێژکردن بەدەمامکەوە بۆ ئەوەی نەزیان بە خۆتو نەبەخەڵکی بگەیە بەم مەرجەی دەبێت دڵنیابیت کە دەمامکەکە پاك و خاوێنە ئەمەش رای پێشەوا ئەحمەدو شێخی عبد الحمید ئەتروش سەرۆکی لیژنەی فتوای ئەزهەرو لە ڕابووردوو شێخی شەنقیتیە. زۆربەی ناوەندەکانی فتوای سەردەمە لەبەردرێژی ئاماژە بەناوەکانیان ناکەم.

** زۆر کەس پرسیاری ئەوە دەکات ودەڵێت ئایە ئەگەر موسلمانێك بۆ سێ جمعە

لەسەر یەك بەژداری نەكات لە نوێژی هەینی دەبێت بە دوو ڕوو( منافق) یاخود خوا گەورە مۆری لەسەر دڵ دەدات ؟
ئەمەش دوای ئەوە دێت کە بەشێك لە خەلکی دوو فەرمایشتی پێغەمبەریان درودی خوای لەسەر بێت لە سۆشیال میدیا بڵاو کردۆتەوە بەبێ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ ڕای زانایانی فیقھ و ڕاڤەی دروستی فەرمایشتەکە لەولامدا دەڵێین: زانایان دەفەرموون هەرکەسێ سێ نوێژی هەینی بچوێنێت بەئەنقەست بە بێ هیچ هۆیەکی ڕێگە پێدراوی شەرعی و کەمترخەمی بکات لە چوون بۆ ئەنجامدانی واجبێکی ئاینی وەك نوێژی هەینی ئەوە خوای گەورە مۆری نیفاقی لە سەر دڵی دەدات.
بەڵام ئەگەر بەهۆی هەبوونی عوزرێکی شەرعی بەژداری نوێژی هەینی نەکرد وەکو نەخۆشی و سەفەر و ترس و باران، بەفر و سەرماو گەرمای زۆر یاخود ترسی بڵاو بوونەوەی نەخۆشی هتد.. وەك ئەو واقیعە ئێستا ئێمەی تیا دەژین
ئەوە ئەوکەسە (مەعزورە).. گوناهبار نابێت چونکە لە فەرمایشتی یەکەم دەفەرموویێت ( تهاونا بها) واتە کەسەکە بەکەمتەر خەمی و بە هەند تەماشا نەکردن نە چوو بۆ نوێژی هەینی لە فەرمایشتی دووەم دەفرمویێت ( من غیر ضرورة ) واتە کەسەکە بە بێ هۆکار بەژداری نوێژی هەینی نەکات.
کەواتە ئەو کەسەی عوزرێکی شەرعی هەبێت ئەوە حوکمی جیاوازە ئەم فەرمایشتانە ئەوکەسە ناگرێتەوە... بەڵکو ئەگەر کەسەکە هۆگری مزگەوت بوو لە ڕابودودا ئەوە پاداشتی نوێژی هەینی بۆ دەنوسرێت ئەگەر بەژداریشی نەکردبێت هەروەك لەچەند فەرمایشتێکی تری دروستدا هاتووە...
ئەمەش دەقی هەردوو فەرموودەکە: (**عن جابر بن عبدالله رضي الله عنهما قال: قال رسول الله صلي الله عليه وسلم من ترك الجمعة ثلاثا من غير ضرورة طبع الله علي قلبه** ) رواه ابن ماجه (**عن جعد الضمري رضي الله عنه ان رسول الله صلي الله عليه وسلم من ترك ثلاث جمع تهاونا بها طبع الله علي قلبه** ) رواه ابو داود.
کەواتە نابێت لە خۆمانەوە ڕاڤەی دەقە دینیەکان بکەین بێ گەڕانەوە بۆ ڕای زانایانو سەرچاوەکانی شەریعەت.

# ئایا کۆرۆنا پاشەکشە بەجیهانگیری دەکاتو

## شارستانیەتی ڕۆژئاوا دەروخێنێت؟ یان هاوسەنگی هێز دەگۆڕێ؟.



د. ادریس کاریتانی

بەپێی شیکاری تەواوی شارەزایان لەبواری ئابوری و سیاسیو دارایی و تەنانەت سەربازیش، ئەم بارو دۆخەی ئیستا، ئەگەر کۆرۆنا درێژە بکێشێ وەك خۆی نامینیو پاشەکشە بەجیهانگیری دەکات، هەر کات بڵێن جیهانگیری واتا یەکسانە بەولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، چونکە لەدوای چەنگی جیهانی دووەم بەتەواوی چڵەوی حیهانگری بەدەستەوەیەوە، خاوەنداریەتی جیهان دەکات، بەوڵاتانی ئەورووپیشەوە، هەروەها ئەم شارستانیەتە زەبەلاحەی ڕۆژئاوا بونیادی ناوە تەنها لەسەر هێزی ماددیە، چونکە لەلای ئەوان فکرەو بیردۆزیش هەر لەسەر ئەساسی مادده سەرچاوە دەگرێ، ئایا ئەمە بەرەو روخان دەچی؟ یان هاوسەنکی هێز دەگۆردریت؟ لەبەرچی؟ "

١- جیهانگیری بنەماکەی لەسەر بازرگانی جیهانی وەستاوە لەئێستادا بازرگانی توشی قەیرانێکی گەورە بوە، چەندە کۆرۆنا درێژە بکێشێ ئەوەندەش جیهانگیری پەکی دەکەوێ.

٢- ئیدارەی جیهانگیری بەدەست ئەمریکاوەیە چاوەروان دەکرێ ئەمریکا توشی قەیرانێکی گەورە بێت، لەچەند ڕویێکەوە لەوانە:

أ- لەڕوی بڵاوبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆناوە بۆتە گانگای ئەم ڤایرۆسە، تێچوی تەندروستیش لەو وڵاتە یەکجار زۆرە، وڵات دەخاتە ژێر بارێکی ئابوری زۆرەوە.

ب- دابڕانێکی زۆر گەورە هەیە بەهۆی کۆرۆناوە لەنیوان ئەمریکاو وڵاتانی ئەوروپی کەهاوپەیمانی و پالپشتی گەورەی ئەمریکان.

ت- چوار وڵاتی ئەوروپی گەورە توشی قەیرانێکی زۆر گەورە بوە، بەهۆی ئەم ڤایروسەوە، ئەمەش لەنگی لەهاوسەنکی ئەمریکا دروست دەکات.

پ- لەئێستادا ئەمریکا ناتوانی هیچ هاوکاریەك بداتە جیهان و ئەو وڵاتانەی تا ئێستا یارمەتی دەدان، وەك موستەعمەرە سەرپەرشتی دەکردن. ئەمانە هۆکارن بۆ پاشەکشەی جیهانگیری.

٣- دەکرێ بڵێن هاوسەنگی هێز بەلای ولاتی سین دا بکەوێ، چونکە: سین خۆی لەم ڤایروسە رزگار کردوە.

٤- ئاستی ئابوریەکەی نزیك بۆتەوە لەئابوری ئەمریکا.

٥- تەنها وڵاتە ئێستا لەجیاتی ئەمریکاش هاوکاری ماددی و پزیشکی پێشکەش بەوڵاتان دەکات.

٦- ئاستی تەکنەلوژیای خەریکە لەیەکەمی جیهان بیت.

٧- لاوازی وڵاتانی ئەوروپی دەرفەت زۆر دەرەخسینی بۆ سین، کە ببێتە پێشەنگی وڵاتان بەتایبەتی ئەمریکا.

ئایا شارستانیەتی خۆرئاوا دەروخێت؟

دیارە شارستانیەتی رۆژئاوا گەیشتۆتە لوتکەی ئاستی زانستی و تەکنەلۆژیا ، مرۆڤ بەدرێژایی میژو ئەم پیشکەوتنەی بەخۆوە نەبینیوە، بۆیە قسەکردن لەئێستادا لەسەر داروخانی شارستانیەت کارێکی ئاسان نیە عەقل قەبوڵی بکات، بەڵام ئەم نوسراوە وەك شیکاریەك لەسەر ئەم ئامارژەو حالەتانەی ئێستا هەن، بۆ ئەم پێشهاتە بەخاڵ دەیخەمە ڕوو:

١- شارستانەیەتی ڕۆژئاوا سەر لەبەری لەسەر مادده گەرایی دامەزراوە، ئێستا کۆرۆنا جیهانی خستۆتە تەنکشەی مادیەوە.

٢- سەرچاوەی ئەم شارستانیەتە بازرگانیە، بازرگانیش هیچ ئاسویەکی لێ دیار

نیە، ئایە ئەم حاڵەتە چەند درێژە دەکێشێ.

٣- نەوت یەکێکە لەگرنگترین سەرچاوەی داهاتی شارستانیەت، ئێستا نەوت توشی گەورەترین قەیران بوە.

٤- تەوای کۆمپانیا داهێنەرو بەرهەم هێنە گرنگەکانی جیهانیان خستە سەر شارستانیەتی مادی و تەکنەلۆژی ئێستا وەستاون.

٥- کۆرۆنا وڵاتە زلهێزەکانی لێك دابڕاندوە لەهەموو ڕویێکەوە، کەبەسیمای شارستانیەتی ئەوروپی دادەنرێن.

٦- شارستانیەتی ڕۆژئاوا جگە لەماددە، پشتی بەهیچ بوارێکی مەعنەوی و روحی و ئەخلاقی و کومەڵایەتی نەبەستوە تا بتوانێ خۆڕاگر بێ.

٧- شارستانیەتی ئیسلامی کە ڕوخا سێ بنەمای بەهێزی لەدوای خۆی بەجێ هێشت، لەوانە شارستانیەتی عەقەدی ئیمانی، ئەخلاقی، کۆمەڵایەتی، شارستانیەتی ڕۆژئاوا هیچی لەوانە نیە.

٨- بەشێکی ئەم شارستانیەتە لەسەر ملی جیهانی ئیسلامیە، لەئێستادا خەریکە ئەم بەشەش لەدەست بدات.

٩- ئەوەندەیان زولم و ستەم لەمرۆڤایەتی کردوە لەکاتی لێ تێك چون، هیچ وڵاتێك بەهانایانەوە نایەت.

١٠- ڕوخانی هەموو شارستانیەتێك پێویستی بەزەمەنێك هەیە تابەرەو لاوازی دەچێت، بۆیە ئەمەش دەست بەجێ نابێ هەندێك درێژە دەکێشی.

تێبینی: ئەگەر ئەمانەش ڕو نەدەن دەرفەتێکی زۆر زێڕین هاتۆتە پێش بۆ جیهانی ئیسلامی تا هەڵوەستەیەك بکات خۆی لەم هاوسەنگیە بەهێز بکات.

٢٧-٣-٢٠٢٠

# کۆرۆناو کات

د.جمیل سورچی



بەڕێزان هەر وەك گوتراوە: ((الأشياء تعرف بأضدادها)) واتە: شتەکان بە هەبوونی دژەکانیان دەناسرێن، ئێمەی مرۆڤەکان لە پێش هاتنی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە نێو زۆر لە نازو نیعمەتەکان بووین، بەڵام لەوانەیە زۆربەمان هەستمان بە بوونیان نەکردبێت وەکو پێویست، وەك نیعمەتی لەشساغی و نەبوونی ترس لە هاتنی نەخۆشی ڤایرۆس و نەخۆشیە ترسناکەکان لە ناکاو وەك بەو شێوەی کە ئێستا هەستی پێدەکەین، یان نیعمەتی ئازادی دەرچوون و گەڕان و سەفەر کردن و کاسبی کردن و هەڵسانی هەر یەکێکمان بە چالاکیەکانی خۆی بە بیٚ ئەوەی سنوورمان بۆ دابنرێت وەك ئەوەی کە ئێستا بوونی هەیە، یان بازاڕکردن و هەڵسان بە دابینکردنی ئەو شتانەی کە پێویستمان پێیان هەبوو رۆژانە –هەر یەکێك بە ئەندازەی هەبوونی خۆی– بە بیٚ ئەوەی کەس رێگری لێبکرێت یان نەتوانێت بە ئازادی خۆی ئەمە بکات، ئەمانە هەمووی ئەو نیعمەتانەن کە پێغەمبەرمان (د.خ) بە نازو نیعمەتی زۆر گەورەو گرنگی داناون وەك ئەوەی کە تۆ ئەمانەت هەبێت هەموو دونیات پێدرابێت، وەك دەفەرموێت: ((**مَنْ أصبحَ معافىً في بدنه، آمناً في سربه، عنده قوت يومه، فكأنَّما حيزت له الدّنيا بحذافيرها**)).

واتە: هەر کەسێك کە بەیانی دەکاتەوەو دەچێتە نێو رۆژێکی نویٚ، کاتێك بە تەندروستیەکی باش هەڵدەستێت و تووشی هیچ نەخۆشی نەبوە لەم رۆژەدا، هەروەها دڵنیایە لە ئەمن و ئاسایشی خۆی لە نێو ماڵ و کەس و کارو شارەکەی، وە خواردن و پێداویستیەکانی ئەم رۆژەی هەبێت، وەك ئەوە وایە کە هەموو دونیای پێدرابێت، چونکە ئەوەی کە پێویست و گرنگە پێیدراوە.

لەوانەیە زۆربەمان ئەم نیعمەتانەمان پێشتر پێدرابێت، بەڵام بە داخەوە لەوانەیە بەم شێوازە تەماشامان نەکردبێت، ئێستا کە دژو پێچەوانەی ئەو نیعمەتانە روویان لە خەڵکی سەر زەوی کردووە کە لەوانەیە هەموو تاکێك هەست بە ترسی بوونی ئەم ڤایرۆسەو دەرهاوێشتەکانی بکات زیاتر لە مانای ئەم فەرموودەیە تێدەگەین، کە ئەمەش وەك دەرسێك کە پێویستە لە سەری رابوەستین و رامانی تێدابکەین بۆ دوا رۆژی خۆمان.

بەڕێزان: ئێستاش نیعمەتێکیترمان پێبەخشراوە لەم ماوەیەدا کە زۆربەمان لە پشوودااین و لەماڵەوە دەمێنینەوە ئەویش نیعمەتی بوونی کات و هەبوونی فەراغە، کە پێویستە ئێستا هەست بەم نازو نیعمەتە بکەین کە پێشتر لەوانەیە زۆربەمان کاتی ئەوەمان نەبووبێت زۆر لەو شتانە بکەین کە ئاواتمان دەخواست کاتێکمان هەبێت تێیدا ئەنجامی بدەین، وەك فێرکردن و پەروەردە کردنی منداڵەکان و خوێندنەوەو لە بەرکردنی قورئانی پیرۆزو خوێندنەوەو نوسین بە شێوەکی گشتی یان هەر کارێکی سوود بەخش کە تۆ رۆژێك لە رۆژان ئاواتت بە هەبوونی کات دەخواست بۆ ئەوەی ئەنجامی بدەیت فەرموو ئەمڕۆ با جێبەجێیبکەین" چونکە دواتر دیسان پەشیمان دەبینەوە دوای لەدەستدانی ئەم نیعمەتە، وەك پێغەمبەرمان (د.خ) ئەمەمان بۆ روون دەکاتەوە کە زۆربەمان بەهاو قیمەتی هەبوونی لەشساغی و هەبوونی کات و فەراغ نازانین و تێیدا زەرەرمەندین، وەك دەفەرموێت: ((نعمتان مغبون فیهما كثیر من النّاس: الصّحّة والفراغ)).

واتە: دوو نیعمەت هەنە کە زۆربەی خەڵکی تێیدا زەرەرمەندن چونکە بە فرسەتی نازانن و لە چاکە بە کاری ناهێنن: لەشساغی و هەبوونی کات و فەراغ، کە هیوادارم بەم زووانە هەمووومان بگەڕێینەوە سەرکارەکانمان بە لەشساغی وتەندروستی باش دوای رۆیشتن و نەمانی ئەم ڤایرۆس و ترسە بۆ ئەوەی ئەو کات بەهای هەبوونی فەراغی ئێستا بزانین.

# کۆڕۆنا چی فێرکردین ؟؟؟



**دڵشاد شمس الدين باڵەكی**

ئەوەی كە ئێستا هەموو دونیای سەرقاڵ كردووە بریتیە لە ڤایرۆسی ( كۆڕۆنا)، ئەوەی من دەمەوێ لەم نوسینەدا تیشكی بخەمە سەر بریتیە لە چەند ڕاستیەك كە گرنگە هەڵوەستەی لەسەر بكەین.

١- ئەبێ ئێمەی موسڵمان هەم سوپاسی خوای گەورە بكەین هەم شانازی بە ئایینەكەمانە وە بكەین ، كە سەرەتای دروست بوونی ئەم پەتایە لە ناو ئێمەی موسڵمان نەبووە و لە ناو ئێمەدا سەری هەڵنەداوەو بڵاو نەبۆتەوە ، بەڵكو لە وڵاتێكی غەیرە موسڵمانەوە بۆ هەمودونیا بڵاو بۆتەوە. خۆ ئەگەر سەرەتاكەی لە وڵاتێكی موسڵمان بوایە ئەبێ مولحید و دژە ئایینەكان چیان بگوتبا و چۆن بە تیرە ژەهراویەكانیان هێرشیان بكردایە سەر ئیسلامو موسڵمانان. بەڵام سوپاس بۆخوای گەورە موسڵمانان نەبوینە سەرچاوەی نەهامەتی بۆ تەواوی مرۆڤایەتی.

٢- جێگای شانازیە كە تەواوی ئەو ڕێنماییو چارەسەرانەی تا ئێستا لە تەواوی دونیا لە لایەن رێكخراوە تەندروستیە جیهانیەكانو لایەنە پەیوەندیدارەكانەوە بڵاو كراونەتە وە بۆ ڕێگری كردن لەم پەتایە بە یەك خاڵی بچوكیش نیە یە كە لە ئایەتە كانی قورئانی پیرۆزو فەرماییشتە كانی ێغەمبەری خودا نەبێت هەر لە دەشت شوشتن و كەرەنتینە كردنو دەست گرتن بە دمو چاو لە كاتی پژمینداو نەخواردنی هەمو جۆرەگۆشت وشتی پیس و چەندین ڕێنمایی تركە هەمویان زۆر بەڕون و بەتێروتەسەلی لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا باسیان لێوە كراوە.

٣- ڕاستیەكی تر ئەوەیە كە سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم پەتایە لە وڵاتە هەژارو كەمدەرامەتەكان نەبووە خۆ ئەمەشیان ئەگەر ڕوییدابا بە هەمان شێوە خەڵكێكی

مەغروورو لە خۆبایی بوو ئەیان ووت سەیرکەن چۆن ئەم هەژارانە هە میشە بەڵان ناخۆشین بۆژیانی مرۆڤایەتی، بەڵام کەسەیر ئەکەین لە وڵاتێکی هەرە پێشکەوتوی دونیا سەری هەڵداوە .

٤- سەرنجێکی تر ئەوەیە کە ئەم پەتایە بووبە هۆی کەم بوونەوە ئەگەر نەڵێین نەمانی جەنگ و کوشتن لە وڵاتەکان بەتایبەتی وڵاتە موسڵمان و هەژارەکان .ئەوەتا هەر ئەمڕۆ (نەتەوە یەککگرتووەکان) لە پەیامێکدا داوای ڕاگرتنی شەڕ و لابردنی گەمارۆی ئابوری سەر ئە و وڵاتانە کرد کە گەمارۆی ئابوریان لەسەرە ، ئەمەش هەزاران پرسیار هەڵا ئەگرێت ؟؟.

٥- خاڵێکی تر خاوێن بونەوەی ژینگەی وڵاتان بە پێی زۆربەی سەرچاوە و ڕێکخراوە ژینگەییەکان ئێستا ژینگە لەو پەڕی پاك و خاوێنیدایە بە هۆی کەم بونەوەی هاتو چۆو وەستانی ئەو هەمو شەریکاتو کارگانەی کە ئەبنە مایەی پیس کردنی ژینکە.

٦- ئەگەر تەماشا بکەین ئەم پەتایە وەکو مردن وایە هیچ جیاوازیەك ناکا لە نێوان دەوڵەمەند و هەژارو بە دەسەڵات و بیّ دەسەڵات، بە ڵکو مەترسی لە سەر ژیانی تەواوی مرۆڤایەتی دروستکردووە بە بیّ جیاوزی . هەروەك دکتۆرێکی ئەمریکی دەڵێت: پێش هاتنی ئەم ڤایرۆسە وام دەزانی پارە خودایە، خودا پەنامان بدات بە پارە هەمو شتێك دەکرێت بە ڵام کاتێك منداڵەکم نەخۆش کەوت لە باشترین نەخۆشخانەکانو بە ئامادەبونی باشترین پزیشکەکانی ئەمریکا نەتواندرا چارەسەری بکەن بۆم دەرکەوت کە هێزێك هەیە لەسەروی توانای مرۆڤەکان ئەویش خودایە و ڕوم لەخودا کردوو موسڵمانبوم و سوپاس بۆخوای گەورە شیفای منداڵەکەشی دام.

٧- خاڵێکی تر ئەوەیە کە پاك و خاوێنی چەند گرنگە با هەمومان هەوڵا بدەین لەخۆمانە وە تا دەگاتە قوتابخانەو نەخۆشخانەو تەواوی ژینگەی وڵاتمان بە پاکو خاوێنی ڕابگرین.

٨- سەرنجێکی تر ئارامگرتن لەم پەتایە بەتایبەتی لەم ڕۆژانەی قەدەغەی هاتو چۆدا کە چەندین ڕوداوی سەیروسەمەرە ڕویداو خەڵکانێك وائەزانن لە ماڵەکانیان زیندانی کراوون .لەهەمانکاتدا ناکرێت ژیانو گوزەرانی خەڵکی هەژار و کەم دەرامەتیش لە بەر چاو نەگیرێت و پێویستە ئاوڕی جددی لێبدرێتەوە.

٩- بابەتێکی تر زۆر کەس ڕوی ڕاستەقینەی خۆی بەدیار خست ئایا کێ لە خزمەتی هاونیشتمانیانی خۆیدایە بەتایبەتی لەکاتی تەنگانەدا بەهانای خەڵکی هەژار وکەمدەرامەتەوە دێت. کە ئەتوانین شاهێدی ئەوە بدەین کەزۆربەی هەرە زۆری ئەم خەڵکانەی لەم بابەتە ڕۆڵی گرنگیان هەبوو خەڵکی دیندارو خواناسو ئەهلی مزگەوتن.

١٠- سەرنجێکی تر کە بەڕاستی مایەی شانازی و گەورەیی ئایینەکەی ئێمەیە ئەوەیە کە مرۆڤ زۆر ڕێز لێگیراوو گەورەیە لە هەر ئاستو تەمەنو ڕەنگ و زمان و ئایینێك بێت ، تەنانەت چەندە بەتەمەندا بچێت ڕێزی زیاتری ئەگیرێت بە پێچەوانەی ئەو وڵاتە زلهێزانەی کە ماف مرۆڤمان پێ ئەفرۆشنەوە ئەوەتا زۆریان پیرو پەککەوتەکانیان فەرامۆشکردووە بۆ ئەوەی گەنجەکانیان سەلامەت بن وەك لە ڕاپۆرتەکاندا هاتووە کە لە (ئیسپانیا) زۆر کەس پیرو بەتەمەنەکانیان لە ماڵەوەجێهێشتونو ئیهمالیان کردوون تا دەسەڵات ناچار بووە هێز بەکار بێنێت بۆ ڕزگار کردنی ئەوانەی لە ژیاندا ماون و ڕزگاریان بکەن.

١١- دیسان ئەبێ سوپاسی خوای گەورە بکەین هەرچەندە سەداسەد سەرچاوەی ئەم نەخۆشیە نەدۆزراوەتەوە، بەڵام ئەوەی زۆربەی هەرە زۆری سەرچاوەکان باسی لێوەئەکەن هۆکاری بڵاو بونەوەی ئەم پەتایە ئەگەڕێتەوە بۆ خواردنی ئەم جۆرە گۆشتەو خۆراکانەی کە خوای گەورە لەسەر مرۆڤەکان قەدەغەی کردووە، تائێستا هیچ کەسێكو سەرچاوەیەك باسی لە خواردنو حەیوانێکی وانەکردووە کە بە پێی شەریعەتی ئیسلام حەڵاڵەو دروستە بخورێت.

١٢- خاڵێکی تر کە گرنگە هەڵوەستەی لە سەر بکەین ئەویش ئەوەیە کە

پێویستە لە سەر هەمو کەس چ وەك تاك یان کۆمەڵگە تا دەگاتە حکومەت زیاتر پشت بەخۆمان ببەستیت پلانی درێژخایەنمان هەبێت لە کاتی خۆشیدا بەڵام زیاتر لە کاتی ڕوبەڕوبونەوەی کارەساتو پەتاو ناخۆشیەکاندا بۆئەوەی لەکاتی ڕودانی دا نەکەوینە پەلەقاژە و نەتوانین هیچ بکەین.

ئەگەر نمونەیەکی زۆر سادە لە سەر ئەم خاڵە بخەینە ڕو سەرەتای هاتنی ئەم ڤایرۆسە یەکێك لەو کێشانەی کە توشمان هات کەمبو یاخود نەما کەمامە بوو لە کاتێکدا چەندین کەس و ڕێکخراو هاتنە سەر خەت بە ماوەیەکی زۆر کەم توانیان بەئامێرو دەزگای زۆر سادە ڕۆژانە هەزاران کەمامە دروست بکەن . باشە هەم ئەو خەڵکانە هەمیش حکومەت بۆ پێش ئەم وەزعە بیری لە شتێکی وانە کردۆتەوە بۆ ئەوەی ئێستا ئێمە نەك پێویستمان پێی هە بێت بەڵکو هەندێکیشی بۆ دەرەوەی وڵات ڕەوانە بکەین.

١٣- بابەتێکی تر ئەویش بابەتی پاشەکەوت یاخود پاشەکەفت ئەمەشیان هەم وەکو تاك هەم وەکو حکومەت پێویستە شتێکی هەبێت بۆ کاتی پێویست یاخود کاتی کارەساتی لە ناکاو نەك نەتوانین تەنها بەرگەی چەند ڕۆژێك بگرین. هەروك زانایانو پیاو باشانی سەردەمی خۆی تەواوی داهاتو موچەی خۆیان کە بەدەستیان ئەهێنا ئەیانکرد بە (٣) بەش. بەشی یەکەم بۆ خێرو صەدەقە بە شی دووەم: بۆ خەرجی ماڵ و منداڵ بەشی سێیەم یان پاشەکەوت ئەکرت هەڵیان ئەگرت بۆ کاری پێویست بەڵام بەداخەوە ئێمە هەرسێك بەشەکەی خەرج ئەکەین بەڵکو هەندێکیش قەرز ئەکەین.

١٤- خاڵێکی تر ئەوەیە کە هیچ کەسێك لە خۆبایی نەبێت نە بە دەسەڵات نەبە پارە نە بەهێز و کەس بیر لەوە نەکاتەوە کە پێویستی بە هیچ کەسێك نیە و ئەتوانیٚ تاماوە هەر خەڵك موحتاجو پێویستی بەو بێت وەك بینیمان ئێستا حکومەتی هەریم ژمارە بانك ی کردۆتەوە داوا لە هاوڵاتیانو خێر خوازان ئەکات تا هاوکاری حکومەت بن . کەواتە تەنها خودا لەقەرارێکە و هەمومان پێویستمان بەیەکترە.

# کێ وای گوتوە!؟

مەلا عبدالسلام ستونی



لە ناوەڕاستی مانگی ( دیسمبەری/٢٠١٩) ڤایروسی ( covid 19) ناسراو بە ڤایروسی کۆرۆنا لە خواردنگەکانی دەریایی سەر بە شاری ووهانی چین سەری هەڵدا، بێ گومان ئەم ڤایروسە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە هەڵکشانە، تا ئێستا جیهان نەتوانراوە ڤاکسینێکی دڵخۆشکەر بدۆزنەوە بۆ ئەوەی ڤایروسەکە لە ناو ببات، بەلام ریکخراوی تەندروستی جیهانی توانیوە چەند رێنماییکی سەرەتایی بۆ خۆپاراستن دابنرێت تا هاولاتیان نەبن بە قوربانی ڤایروسەکە، ئەگەر سەرنج بدەین بە رێنماییەکان، ئەوا ئاینی پیرۆزی ئیسلام پێش هەزارو چوار سەد ساڵ پێش ئیستا هەمان ڕێنمایی داوە بە موسڵمانان بۆ ئەوەی خۆیان بپارێزن لە ڤایروسکە کە بریتین لەمانە.

١- هەر کەسێك گومانی نەخوشی کرۆنا لەسەربێت، دەبێت کەسی گومانی چواردە ڕۆژ کەرەنتین بکرێت، بۆیە کەرەنتین بە زمانی عەرەبی پێی دەگوترێت(الحجر) لە قورئانی پیرۆزدا سورەتێك هەیە بەناوی (الحجر) واتە کەرەنتینە، بۆیە ئەم سورەتەیە کەوتۆتە جوزئی چواردەم، ئەمەش معجیزەی قورئان دەردەخات کە کەرەنتینە چواردە ڕۆژە.

٢- لەماڵەوە بمێنەوە چونکە پێغەمبەر دەفەرمووی( **سلامة الرجل في الفتنة أن يلزم بيته..صحيح الجامع**) واتە: سەلامەتی پیاو ئەوەیە کاتێك مەترسی هەبوو، ئەبێت پیاو لە ماڵی خۆی بمێنێتەوە، بۆیە ئیمڕۆ هیچ مەترسیەك وەك کرۆنا نیە، ئەبێت لە ماڵی خۆمان بمێنینەوە، بۆئەوەی سەلامەت بین.

٣- ناکرێت هەڵگری ڤایروسەکە تۆقەی لەگەڵ کەسانی تر بکات،چونکە (**قال الشريد بن سويد الثقفي كان في وفد ثقيف رجل مجزوم فأرسل إليه النبي**

**صلى الله عليه وسلم إنا قد بايعناك فرجع**) واتە: شەرید دەلێت: لە نێو وەفدەكەی سەقیف پیاوێك هەبوو هەڵگری ڤایروس بوو، پێغەمبەر( د.خ) ناردی بە دوای دا ئینجا فەرمووی ئەوە بەیعەتم پێدایت بگەرێوە بۆ شوێنی خۆت، پێشەوا نەوەوی دەلێت: پێغەمبەر( د.خ) تەوقەی لە گەڵ نەكرد، بۆ ئەوەی زیان نەبەخۆی و نەبەدەوروبەری نەگات.

٤- دەبێت هەڵگری ڤایروسەكە لە نەخۆشخانەی تایبەت دابنرێت، ناكرێت لە گەڵ كەسێكی ساغ تێكەڵ بێت، چونكە هەڵگری ڤایروساكە ئەوەی ساغ بێت ئەیش توش ئەكات، بۆیە پێغەمبەر (د.خ) دەفەرمووی (**لا يوردن ممرض على مصح**) واتە: ناكرێت نەخۆش لەگەڵ كەسی ساغ تێكەڵ بكرێت.

٥- ناكرێت كەسی ساغ سەردانی نەخۆشخانەی كرۆنا بكات، چونكە لە كاتی نزیك بوونەوە لە نەخۆشەكان ئەوانیش توش ئەبن بۆیە پێغەمبەر (د.خ) دەفەرمووی (**إن من القرف التلف**) واتە: ئەوەی نزیك نەخۆشەكە ببێتەوە ئەوا ئەویش توش ئەبێت.

٦- كاتێك قەسەی لەگەڵ هەڵگری ڤایروسەكە دەكەیت، دەبێت لە نێوانتان ئەندازەیەك هەبێت بۆیە پێغەمبەر ( د.خ) دەفەرمووی (**كلم المجزوم وبينك وبينه قيد رمحين**) واتە: با لە نێوان تۆو هەڵگری ڤایروسەكە بە ئەندازەی دوو رم بێت.

٧- كاتێك كەسێك دەپژمێت ئەبێت كلینكس بەكاربێنێت، چونكە ئەگەر گریمان هەڵگری ڤایروسەكە بێت، ئەوا ڤایروسەكە بە هۆی هەواو ئاوەكە دەچێتە دەوروبەرەكەی خۆی، بەلام كلینكس بەكار بێنێت ئەوا نابێتە مەترسی بۆ داوروبەرەكە، بۆیە پێغەمبەر ( د.خ) دەفەرمووی (**كان إذا عطس غطى وجهه بيده أو ثوبه وغض بها صوته**)واتە: كاتێك پێغەمبەر(د.خ) دەپژمی دەستەكانی خۆی یان پارچە جلی خۆی دایدایە بەر لووتی خۆی دەنگی

خۆی نزم دەکرد، ئیمرۆ لەبری جل کلینکس بەکار دێنین.

٨- ئەگەر زانیت جێگایەك ڤایروس هەیە نابێت کەس بچێتە ئەو جێگایە ( **إذا سمعتم الوباء بأرض فلا تقدموا إليه**)واتە: کاتێك گوێ لێ بوو جێگایەك ڤایروسی تێدایە مەچوو ئەو جێگایە، چونکە تۆش توش ئەبی.

٩- ئەگەر لە جێگایەك بوو ڤایروس تێدابوو، مە چوو بۆ هیچ شوێنی تر، چونکە تۆ ڤایروس لەگەڵ خۆت بۆ ئەم شوێنە ئەبیت (**فإذا وقع بأرض وأنتم فيها فلا تخرجوا فرارا منه**) واتە: لە جێگایەك بوو ڤایروسی تێدا بوو، لە شوێنی خۆت نەهیتە دەرەوە.

١٠- دەم وچاوت زوو زوو بشۆ( **أرايتم لو أن نهرا بباب أحدكم يغتسل منه كل يوم خمس مرات هل يبقى من درنه شيئ قالوا لا يبقى من درنه شيئ قال مثل الصلوات الخمس يمحوا بهن الخطايا..**) رواه البخاري واتە: ئەگەر ڕووبارێك لە پێش دەرگای ئێوە بێت، هەموو ڕۆژێك پێنج جار دەم وچاوتان بشۆن، هیچ قرێژێك بە ئێوە دەمینێت، ووتیان نەخێر، ئینجا فەرمووی نوێژەکان وەکو ئاو تاوانەکانتان پاك ئەکاتەوە. هەر کەسێك دەم وچاو بشوات لە ڤاێروس وتاوان پاك ئەبێتەوە.

١١- سەر شوشتن(**حق على كل مسلم أن يغتسل في كل سبعة أيام يوما، يغسل فيه رأسه وجسده**) واتە: لەسەر هەموو مووسڵمانێکە لە هەفتەیەك خۆی بشوات، سەری خۆی ولاشەکەی بشوات.

١٢- ڕاگرتنی بەندایەتی لە پەرستگایەکان( **عن ابن عباس قال لمؤذنه في يوم مطير إذا قلت أشهد أن محمدا رسول الله فلا تقل حي الصلاة، قل صلوا في بيوتكم**) واتە ئیبنو عەباس بە بانگ بێژەکەی گوت لە ڕۆژەکی باراناوی کاتیك گەیشتە شهادە مەڵی وەرنە نوێژ، بڵی نوێژی خۆتان لە ماڵەوە بکەن، ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە کە نوێژی بە کۆمەڵ ئەنجام نادرێ کاتێك مەترسی هەبوو لەسەر نوێژ کەران، ئەمڕۆ مەترسی کرۆنا هەیە لە هەموو جیهاندا،

بۆیە پەرسگایەکەن داخراون.

١٣- زۆر نزا بکەن ، بۆیە پێغەمبەر دە فەرمووی: (**بسم الله الذي لا يضر مع اسمه شيء في الأرض ولا في السماء وهو السميع العليم** ) هەر کەسێك بەیان سیٚ جار ئەم نزایە بکات لە ڤایروس دەپارێزریٚ تا دەبێتە ئێوارە، وە هەرکەسێك لە ئێوارە سیٚ جار بخوێنی تا دەبێتا بەیانی داپارێزریٚ لە ڤایروس بەلایەك.

١٤ لە کۆتایدا دەلێم: نائومێد نەبن پشتیوان بە خوا بە زووترین کات ڤاکسینی کرۆناش دەبینرێتەوە چونکە پێغەمبەر ( د.خ) دافەرمووی( **ما أنزل الله من داء الا أنزل لە دواء**) واتە: خوا هەر دەردێك دابێت، ئەوا دەرمانیش دەدات، بۆیە من داوا لە ئێوەی خۆشەویست دەکەم ورەتان بەرز بێت.



# کۆرۆناو چەند تێبینیەك



مەلا محمود گەڵاڵی

١- ئەگەر بەقسەی رێکخراوی تەندروستی جیهانی ٢٪ بە کۆرۆنا بمرێت واتە لە یەك ملیۆن بیست هەزار کەس ئەمەش ژمارەیەکی مەترسیدارە.

٢- تا ئێستا شتی راست لەبارەی ئەم ڤایرۆسە ئاشکرا نەکراوە، ناوەندەکانی لێکۆلینەوە لە ولاتە زلهێز وپێشکەوتووەکان بەردەوام کاری بۆ دەکەن بە تایبەتی چارەسەری هیچ شتێك نادرکێنن، هەمووی نهێنیە...

٣- روسیا لە سەرەتاوە پەنجەی تۆمەتی بلاوبونەوەی ئەم ڤایرۆسەی لە چین بۆ ئەمریکا درێژکرد بۆ روخانی ئابوری چین بەلام هیچ بەلگەیەکی راستی سەلماندراوی نەدا.

٤- هندیەکان دەلێن ڤایرۆسی کۆرۆنا زۆر لاوازە ئەو ترسەی نییە، بەلام کۆرۆنای نویٚ کۆفید ١٩ دەستکاری کراوە چوار ترشی ناوەکی ڤایرۆسی ئایدزی تێدایە، بۆیە گومانایە دەستێکی رەشی لە پشتە.

٥- هەندێك پێیان وایە کە ولاتی چین خۆی ئەم ڤایرۆسەی بەرهەم هێناوە، لە ئامادە باشی بۆ شەری بایلۆجی. بەلام لە دەستیان دەرچوو..

٥- ئێستا هەندێك سەرچاوە دەلێن ڤایرۆسەکە یەك ڤایرۆس نییە، گروپی (S) و (L) هەیە..

٦- ترسناکی ئەم ڤایرۆسە لەوەدایە زۆر خێرا بلاو دەبێتەوە، وەك ڤایرۆسەکانی ترنییە کە رێگای بلاوبونەوەیان دیار و سنوردارە. بۆیە پێویستی بە پارێزی وپاك و خاوێنی هەیە .

٧- زیانێکی زۆرگەورە بە ئابوری جیهان دەکەوێت، تەماشا کەن بازار، تیجارەت،

گەشتیاری، پیشەسازی، فرۆکەخانەکان ،وە هتد .

٨- ژیانی سەرگۆی زەوی بەبۆچونی خۆم تەواو دەگۆڕێت، چۆن دوای ١١ی سپتێنبەر گۆرانکاری خێرا بە سەر ژیان و پەیوەندی جیهان هات، بەم چەشنەش دوای کۆرۆنا گۆرانکاری گەورە روو دەدات خودا بە خێری بگێرێت بۆ مان، رەحمەت بێت نەك غەزەب .

٩- وشەی ڤایرۆس لاتینیە واتە ژەهری کوشندە.

١٠- ئەم چەند پەیڤە بۆ بەرچاو رونییە، بۆ ئەوەیە مەسەلەکە بە گرنگەوە تەماشا بکەین، چونکە هەموو دونیا پێوەی سەرقالە.. لە خۆبایی نەبین وە موجازەفەو گالتە بە ژیانی خۆمان و خانەوادەو هیچ کەس نەکەین .

لە کۆتایی ئومێدەوارم هەموومان پابەندی رێنماییەکانی بواری تەندروستی بین، وهەمیشە ورەمان بەرز بێت، لە زکرو نزای باش و زکرەکانی ئێواران وبەیانیان غافل نەبین و تۆبەو ئیستغفار زۆر بکەین.

بە هیوای سەلامەتی بۆ هەموو لایەك.. خودا بە رەحمەتی خۆی مرۆڤایەتی لەم دەردە رزگار کات.

  

# ئایا کۆرۆنا سەربازی خوایە ؟

## یان سزای خوایە بۆ مرۆڤایەتی بەگشتی بەکافرو موسڵمانەوە؟

د. خیرالله حسن کاسکانی



بۆ زانینی وەڵامی ئەم دوو پرسیارە دەچینە خزمەتی ئەم فەرمایشتەی پێغەمبەری خوا ﷺ :

عن عائشه: قال رسول الله ﷺ : (**الطاعونُ كان عذابًا يبعثُهُ اللهُ على منْ يشاءُ، وإنّ اللهَ جعلهُ رحمةً للمؤمنين ، فليس مِنْ أحدٍ يقعُ الطاعونُ فيمكُثُ في بلدِهِ صابرًا محتسِبًا، يعلمُ أنه لا يُصيبُهُ إلَّا ما كتب اللهُ لهُ إلَّا كان لهُ مثلُ أجرِشهيدٍ** ) أخرجه البخاري.

واتە : پەتای تاعون سزایەك بوو خوای مەزن دەینارد بۆ ئەوانەی ویستی لەسەر بوایە، وەخوای مەزن پەتای تاعونی کردە خێرو ڕەحمەت بۆ ئیمانداران، بەجۆرێك هەر موسڵمانێك توشی پەتای تاعون ببیّ و لەشاری خۆی بمێنێتەوەو ئارامی لەسەر بگریّ و چاوەڕوانی پاداشتی خوایی بکات لەسەر ئەم پەتایە و دڵنیابیّ لەوەی هەرچی خوا بۆی نوسیبیّ هەر ئەوی توش دەبیّ ئەوا ئەگەر مرد بەو پەتایە پلەی شەهیدی بەنسیب دەبیّ. ئیمام بوخاری ڕیوایەتی کردووە.

ئەوەی پێویستە ئاماژەی پیّ بدەین لەسەر ئەم فەرمایشتەی خۆشەویستمان ئەم چەند خاڵەی خوارەوەیە:

خاڵی یەکەم: زانایان لەشەرحی ئەم فەرمایشتە دەڵێن: تاعون دەردێکی گشتی بووە کەهاتووە توشی زۆر خەڵك بووە بەکافرو موسڵمان.

خاڵی دووەم: کەواتە هەر نەخۆشی و پەتایەکی گشتی لەهەر سەردەم و زەمانیك بێت حوکمی تاعونی هەیە.

خاڵی سێیەم: تاعون یان هەر پەتایەك کەبڵاو دەبێتەوە بەنمونە کۆڕۆنای ئێستا

سەربازی خوا نیەو لێکدانەوەشی بەوەی کەسەربازی خوایە زۆر هەڵەیە، چونکە سەربازی خوا نابەزێ، ئێستا وڵاتە زلهێزەکان بەدوای بەرگری ودەرمانی ئەو پەتایەدا دەگەڕێن و ئەمڕۆ یان سبەی دەیدۆزنەوە، ئەو کاتە ئێمەی موسڵمان چ بڵێین؟ ٠ ئایا دەکرێ بگوترێ دوای دۆزینەوەی چارەسەری کۆرۆنا سەربازی خوا سەرنەکەوت و دۆڕا؟. (حاشا للە وکلا!).

خاڵی چوارەم: خوای مەزن زۆر دادگەرە، سەرەنجامی مردنی کەسی موسڵمان و کەسی کافر بەهەر پەتاو بەڵایەك جیاوازی زۆرە لای، بەشێوەیەك بۆ کەسی کافرو بێباوەڕ پەتایەکان سزای خوان بۆیان، بۆمرۆڤی موسڵمانیش ڕەحمەتن و بەشێوەیەك وەکو مامۆستا سەعیدی نورسی ڕەحمەتی خوای لێبێت دەفەرموێ: بەڵاو زەحمەتیەکانی ژیان دەبن بەزلەی میهرەبانی بۆ وشیار کردنەوەی موسڵمانان لەکەمتەرخەمی و ساردی لەبەجێهێنانی فەرمانەکانی خوای مەزن .

وەلە کۆتایشدا موژدەی پلەی شەهیدی مسۆگەر دەکەن بەمەرجێك ئیمانداربێت و ئارام ی هەبێ لەسەر ئەو پەتایەو چاوەڕوانی پاداشتی خوایی بکات.

خاڵی پێنجەم: لەکاتی هاتنی هەرپەتایەك بەنمونە پەتای کۆرۆنا لەوسەردەمەدا خۆپارێزی ودەست گرتن بەڕێنمایە پزیشکیەکان بەشێکە لەبەهێزی ئیمان و تێگەیشتن لەدین نەك بەپێچەوانەوە، چونکە خوای مەزن هۆکاری ڕزگاربونی لەبەڵاو ناخۆشیەکان بەستۆتەوە بەئامرازە دونیایەکانەوە بۆ هەموو مرۆڤێك ،نەك تەنها بۆ موسڵمانی ئاسایی، بەڵکو تا بۆ پێغەمبەرانی خواش سەلامی خوایان لەسەربێت، سەدان نمونەمان هەیە بۆ ئەم قسەیە، بەنمونە: بوڕاقی نارد بۆشەوڕۆیی پێغەمبەرمان درودی خوای لەسەربێت، خۆ خوای مەزن دەیتوانێ بێ بوڕاقیش شەوڕۆیەکە بکات بەپێغەمبەرمان درودی خوای لەسەر بێت، وەبەپێغەمبەر موسا سەلامی خوای لەسەربێت فەرمانی کرد گۆچانەکەی بگرێ بەدەستەوە بۆ ڕزگار بوون لەستەمی فرعەون.

٢٠٢٠/٣/١٧

# شەرعو عەقڵ دوو دیوی یەك دراون

## سەبارەت بە راگرتنی نوێژی هەینی شێوازی خۆپارێزی

١

د. محمد نصراللە هەورامانی*



لای بەشێك لە موسڵمانان دیار هەر بۆیە ناتوانین نەقڵ ببینین و بیان خوێندنەوەی تاك رە بە زاهیری یا بە موسیبەت بە سەر هەر بۆیە پێشەوا غەزالی تەنها دیوێكی ئەم دراوە دەسەڵاتی عەقڵو خەینە خزمەتی مرۆڤەوە، هەندی دەقە شەرعیەكان عەقڵكاری ڕووت بەڵاو موسڵمانانیدا دەهێنێت. پێش ١٠٠٠ ساڵ گوتویەتی: (المقاصد قبلة المجتهدين) مەرامگەرایی ڕووگەی زانایانو موجتەهیدەكانە.

شەرعی خوا بۆ چەسپاندنی بەرژەوەندی مرۆڤەكان هاتووە، پاراستنی گیانی هاوڵاتیان لە دوای پاراستنی دینەوە دێت، بەڵام هەندێك جار پاراستنی گیانی هاوڵاتیان لە پێشترە تا دین، وەكو:

وتنی وشەی كوفر بۆ كەسێك كە توانای قبوڵ كردنی ئەشكەنجەو ئازاری نەبێت وەكو عەماری كوڕی یاسر هەرچەندە پلەی (المرتبە)ی جومعەو جماعەت لە زانستی مقاصدی شەریعەدا حاجیەو پلەی پاراستنی ڕۆح (النفس) لە زەروریاتە (الضروريات).

لە كاتی دژ وەستانی زەروریاتو حاجیات ئەبێت زەروریات پێش بخەین ودەست بە زەروریاتەوە بگرین. بۆ ڕزگاركردنی گیانی هاوڵاتیان شەرع و عەقڵ پێمان دەڵێت گیانی موسڵمانان لە پێشترە

تا نوێژی جەماعەت و ڕاگرتنی مەراسیمی جومعە بە شێوەیەکی کاتی، بەداخەوە هەندێك موسڵمان وائەزانن لە جەنگی ئوحدان و ئاڵای پێغە مبەر (صلى الله عليه وسلم) یان لەدەست دەکەوێتە خوارەوە، ئەگەر هەفتەیەك نەچن بۆ نوێژی جەماعەت!

ئەگەر لە مزگەوتێك کەسێك ئەم ڤایرۆسی کۆرۆنایەی توش بووبێت دەزانین چەند ڕیزی نوێژخوێنان تووش دەکات چ کارەساتێك دەقەومیّ؟.

حەق وایە ئەهلی عیلم بەتایبەتی ئەم ڕاگرتنە زۆر بە ئاسایی وەرگرن و ڕوونیشی کەنەوە بۆ موسڵمان ئەگەر بە جۆرێکی تر خوێندنەوەی بۆ بکەین وا ئەزانم دەبێتە دەسکەوتێکی گەورە بۆ موسڵمان و مەلای کورد بە تایبەتی ببینە هۆکاری سەلامە تی ژیانی هاوڵاتیانی خۆمان کارێکی زۆر مەزنە (وَمَنْ أَحْيَاهَا فَكَأَنَّمَا أَحْيَا النَّاسَ جَمِيعًا).

ئەم قۆناغەش دەڕوات بەڵام چەند گرنگە مێژوو بۆمان تۆمار کات کە لە کوردستان لە ساڵی ٢٠٢٠ ی زاینی بۆ ماوەیەکی کورت لە پێناو سەلامە تی نوێژخوێنان جومعە و جەماعەت ڕاگیرا .

بەڵام کە دەرگای مزگەوتەکان کرایەوە چەند بەرامبەر نوێژخوێن زیادی کرد بوو، کەوابیّ شەرع پێمان دە ڵێت کە لەم بارودۆخەدا جومعەوجەماعەت ڕاگرین نەك خودی کۆرۆنا.

شەرع پێمان دەڵێت: (فَأَتْبَعَ سَبَبًا) هەموو هۆکارەکانی سەرکە وتن بگرنە بەر.

ژیری پێماندەڵێت: بە گوێی ئەزموون و شیکارە پزیشکیەکان و خۆپارێزیەکان بکەین و لە قەڵەباڵغیدا ئەگەری بڵاوبوونەوەی پەتاکان لە سەداسەدە.

کەلامی خواوەندە پێمان دەڵێت: (وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِلْعَالَمِينَ).

ژیریە پێمان دەڵێت: هەر پەتایەك گوازراوە بێت نابێت ببینە هۆکاری توش کردنی یەکترو یەکتر توشی زەحمەت و نەخۆشی و گرفتاری بکە ین. چ ئاین و ژیرمەندێك قبوڵی زەرەرو زیانی لاشەی مزگەوت نشینەکانی دەکات.

ئەی قورئان پێمان ناڵێت: (وَمَا جَعَلَ عَلَيْكُمْ فِي الدِّينِ مِنْ حَرَجٍ). ئەم ترس و

دڵەڕاوکێو پەتایە حاڵەتی نالەباری و تەنگە تاوی دروست کردوە. بە نەهاتن بۆ مزگەوت خۆمان لەم حاڵەتە بە دوور بگرین چ عەیبێکی تێدایە؟؟. مزگەوتەکان شوێنی عیبادەتن دەی خۆ لە تایبەتمەندی ئەم دینە ئەوەیە هەموو شوێنێکی بۆ کراوەتە سوسجدەگاو مزگەوت، مزگەوتکان لە هیچ دەقێکی شەرعیدا شوێنی خۆپاراستن نین لە کۆرۆناو هەر نەخۆشیەکی تر.

ئیبن سینا لە ناو حەرەمی مزگە وت چارەسەری نەخۆشی نەکردوەو بە کەسی نەگوتوە مزگەوتەکان ڤاکسینی دژە ڤایرۆسی تێدایە! هەر شەرع پێمان دەڵێت: **الضرر يزال**. زەرەو زیانەکان ئەبێت لابرێن لەرێگای هاوڵاتیاندا.

عە قڵیش پێمان دەڵێت (ئەمنی صحی) لە مەترسیدایە ئەبێت لابدرێت ونەهێڵرێت ئەم ئارامی تەندروستیە بکەوێتە ژێر سزای پەتاو دەردەکانەوە.

شەرع پێمان دەڵێتو زیاتر لەوەش ژیری ساغ ودروستیش هەمان مەقولە دووبارە دەکاتەوە بۆ یەك ئامانج: ئەویش پاراستنی مرۆڤو بەرژەوەندیەکانیەتی.

وەك ئیبن القيم دەڵێت: فأينما وجدت المصلحة فثم شرع الله.

*** ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان.**



# چۆن ڕوبەڕوی ڤایرۆسی کۆرۆنا بینەوە

٢

کۆمەڵگای مرۆڤایەتی یەکەم جار نیە لەم ڤایرۆس و پەتایەی توش بێت، وا دەزانم ئێمەی مەلای کورد پێویستە دورێکی کاریگەرمان هەبێت وەك:

١- ڕۆشنبیرکردنی نوێژخوێنان بە ڕێنمایەکانی تەندروستی بە بیٚ زیادەڕەویی و کەمتەرخەمی.

٢- بەهێزکردنی لایەنی مەعنەوی خەڵك بە خوێندنی ئەو زیکرانەی کە زیان و نەخۆشی لە موسڵمان دوور دەخەنەوە:

- هەر لە زیکر دەرچون لە ماڵ ( **بسم الله توكلت علي الله لاحول ولا قوة الا بالله**).

- زیکری خۆپاراستن لە هەموو زیان و زەرەرێك ( **بسم الذي لا يضر مع اسمه شيء في الارض ولا في السماء وهو السميع العليم**) دڵنیابین کە هیچ شتێك زەرەرو زیانمان لێنادا.

- دەستنوێژ هەڵگرتن چەکی موسڵمانەو خاوێنی لاشەو ڕۆحە.

٣- بە هیچ جۆرێك نە خۆمان بترسین نەخەڵك بترسێنین، ترس بۆ ئیماندار نیە، پارچە پەڕۆیەك چیە ئەگەر خوا ویستی لە سەر نەبێت.

٤- باوەڕ نەکردن بە شایەعە و هەڵای میدیاکان زۆری ناڕاستە و بۆ بازاڕ گەرم کردنە.

٥- بە گشتی دوعاو قورئان خوێندن و سە ڵاوات دان و خوێندنەوەی کتێب و نوسین و خۆ سەرقاڵ کردن بە کاری چاکەوە (**أَلَا بِذِكْرِ اللَّهِ تَطْمَئِنُّ الْقُلُوبُ**).

٦-- گەشبینی و هیواو ئومێد بڵاوکردنەوەو قسەی خۆش و ورە بەرز کردنەوە.

٧- دڵنیابوون لە ئەجەل و مردن کە پێش و پاش ناکەویٚ بۆ چرکەیەکیش.

# رۆڵی ئە نجومەنی باڵای فەتواو

# چەند فەتوایەکی تایبەت بە دۆخو سەردەمی کۆرۆنا



لەمیانەی فەتوا پێویستو گرنگەکانیدا لە رۆژگاری هاتنی کۆرۆنا بۆ کوردستانو یەکلایی کردنەوەی هەندێ پرسو بابەت، کە لە دیدی خەڵك ببوونە جێی پرسیار، ئەنجومەنی باڵای فەتوا چەندین فەتواو روونکردنەوەی گرنگی بڵاو کردەوە، کە هەر یەکەو بۆ کاتو دۆخی خۆی بایەخێکی گرنگو گەورەی هەبوو، لەهەمان کات بۆ هێورکردنەوەی دەروونی موسڵمانانو بەخشینی ئومێدو کەمکردنەوەی دووڵیو ترس لەهەمبەر ئەو پەتا نەخوازراوەو بۆ واقعی گوزەرانو دۆخی ئابووری هاوڵاتیانو گیانی هەماهەنگیو رۆحیەتی برایەتیەوە رۆڵێکی گەورەیان گێڕاو جێگەی خۆیان گرت، کە لێرەدا هەندێکیان دەخەینە روو:

# ئە نجومەنی باڵای فەتوا
# پێشخستنی زەکات بە ئاسایی دادەنێت

وەك هەڵمەتێکی هاوکاری نیشتمانیو بەهاناوەچوونی خەڵکی کەمدەرامەتو هەژار، بەتایبەت بەهۆی نەبوونی ئیشو کارو قەدەغەی هاتوچۆو نەبوونی بازاڕ، یەکێتی زانایان داوای کرد لە خێرۆمەندان خواپێداوان دەستی هاوکاری بۆ یەکتر درێژ بکەنو گیانی هاوکاری لەو ساتە وەختە سەختە بکەنە بەشێکی ژیانیان هەم بۆ چاولێبوونی هەژارانو هەمیش بەنیەتی دەفعی بەڵا لەسەر کوردستان.

هەر لەسەر ئەو بنەمایەو وەك دەستپێشخەریەك ئەنجومەنی باڵای فەتوا لە هەرێمی کوردستان فەتوایەکی دەرکرد سەبارەت بە پێشخستنی زەکات بە مەبەستی ئەوەی ببێتە هاوکاریەك بۆ خەڵکی هەژار و کەمدەرامەت؟



یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان
مەکتەبی تەنفیزی
ئەنجومەنی بالای فەتوا

بسم الله الرحمن الرحيم

إتحاد علماء الدين الإسلامي في كوردستان
المكتب التنفيذي
المجلس الأعلى للإفتاء

ژمارە / ١٥٤ — بەروار / ١٩ / ٣ / ٢٠٢٠

(حوکمی پێش خستنی زەکات)

قال الله تعالى: ﴿فَاسْأَلُوا أَهْلَ الذِّكْرِ إِنْ كُنْتُمْ لا تَعْلَمُونَ﴾ (سورة النحل: ٤٣)

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على سيدنا محمد رسول الله وعلى آله وصحبه والتابعين لهم بإحسان الى يوم الدين ... أما بعد:

دوای ئەوەی چەند هاوڵاتیەك پرسیاری ئەوەیان کرد، کە ئایا دروستە زەکات پێشبخرێ لەکاتی خۆی؟ بەتایبەت لەو قۆناغە هەستیارەی ئێستا، بۆ ئەوەی ببێتە هاوکاریەك بۆ خەڵکی هەژار و کەمدەرامەت؟

ئەنجومەنی باڵای فەتوا ڕایدەگەینێت: کە لەرووی شەرعەوە دروستە ئەو کەسانەی ماڵی زەکاتیان هەیە زەکاتەکانیان پێش بخەن، بە تایبەت لە بەر ئەم بارودۆخە تایبەتەی کە هەرێمەکەمان پێیدا تێپەڕ دەبێت، کە بووەتە هۆی ئەوەی خەڵکێکی زۆر لە کەم دەرامەتەکان ناتوانن بچنە سەر کارەکانیانو بژێوی ڕۆژانەیان پەیدا بکەن، بەمەرجێك ئەو زەکاتە بدرێتە کەسانێکی هەژاری وا کە تا کاتی ڕاستەقینەی زەکات دانەکە هەر بە هەژاری بمێننەوە.

ئەمەش ڕای زانایانی مەزهەبی ئیمامی حەنەفیو شافیعیو حەنبەلی لەسەرە[1] بە بەڵگەی ئەوەی عەبباس مامی پێغەمبەر -درودی خوای لەسەر بێت- داوای کرد زەکاتەکەی پێش هاتنی کاتی خۆی بدات ئەویش ڕوخسەتی پێداوە.[2]

خوای گەورە هەموان بپارێزێت لەم پەتایەو بەزووترین کات کۆتایی پێ بهێنێت.

ئە نجومەنی باڵای فەتوا
هەولێر/ ٢٤/رجب/١٤٤١هـ = ١٩/٣/٢٠٢٠م

(١) بروانە: المبسوط للسرخسي(١٧٧/٢)، بدائع الصنائع (٥٠/٢)، المجموع (١٤٤/٦)، ومغني المحتاج (١٢٢/٢)، والمغني لابن قدامة (٤٧٣/٢).
(٢) رواه أبو داود برقم: ١٦٢٤ (١١٥/٢)، والترمذي برقم: ٦٧٨ ، (٥٦/٢)، والبيهقي في السنن برقم: ٧٣٦٥ (١٨٦/٤) والدارقطني برقم: ٢٠٠٨(٣٠/٣) بإسناد حسن.

ناونیشان: هەولێر (٦٠مەتری) بەرامبەر پەرلەمانی کوردستان
www.zanayan.org

ئەو هەنگاوەش لەو ساتە وەختە رەنگدانەوەی ئەرێنی دروست کردو هەڵمەتێکی گەورەی خێرو گیانی هاوکاری لە بەشینەوەی زەکاتو خێرو سەبەتەی خۆراكو هاوکاری بۆ دروستکردنی نەخۆشخانەو دابین کردنی پێداویستیە پزیشکیەکانو داوو دەرمان هێنا کایەوە.

ئەمەی خوارەوە دەقی ئەو فەتوای ئەنجومەنی باڵای فەتوای هەرێمی کوردستانە بە بەروارەکەیەوە.

# فەتوای تایبەت بە مەرجەکانی بەڕۆژوو نەبوون بە هۆی کۆرۆناوە

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

قال تعالى: {فَاسْأَلُوا أَهْلَ الذِكْرِ إِنْ كُنْتُمْ لَا تَعْلَمُونَ} (سورة النحل: ٤٣).

الحمد لله والصلاة والسلام علي سيدنا رسول الله، وعلي آله وأصحابه والتابعين لهم إلى يوم الدين وبعد:


يەكێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی كوردستان
مەكتەبی تەنفیزی
ئەنجومەنی باڵای فەتوا

إتحاد علماء الدين الإسلامي في كوردستان
المكتب التنفيذي
المجلس الأعلى للإفتاء

ژمارە/ ١٥٨ بەروار/ ٢٣/ ٤/ 2020

بابەت: مەرجەكانی بەڕۆژوو نەبوون بە هۆی كۆرۆناوە
ژمارەی فەتوا: 8 / 2020
بەروار: 29 ی شەعبانی 1441 هـ = 2020/4/23م = 3ی بانەمەڕ 2720ك
جۆری فەتوا: هاوچەرخ
بابەت: پەرستشەكان

(فەتوای تایبەت بە مەرجەكانی بەڕۆژوو نەبوون بە هۆی كۆرۆناوە)

بسم الله الرّحمن الرّحيم
قال تعالى: [فاسألوا أهل الذكر إن كنتم لا تعلمون] (سوره النحل: 43).

الحمد لله والصلاة والسلام على سيدنا رسول الله، وعلى آله وأصحابه والتابعين لهم إلى يوم الدين وبعد:

ئەنجومەنی باڵای فەتوا لە هەرێمی كوردستان لە بەرواری 29 ی شەعبانی 1441 كۆچی بەرامبەر 2020/4/23 لە كۆبوونەوەی ئاسایی خۆیدا، بە ئۆنلاین ـ بە مەبەستی دیاریكردنی مەرجەكانی بەڕۆژوو نەبوون بەهۆی كۆرۆناوە و چەند بابەتێكی تر، دوای گفتوگۆ و گەڕانەوە بۆ سەرچاوەكانی فیقهی ئیسلامی ئەنجومەن گەیشتە ئەم فەتوایە ی لای خوارەوە:

1. دروست نییە بەڕۆژوو نەبوون بەهۆی ترسان لە كۆرۆناوە، چونكە لە ڕووی تەندروستیشەوە دەركەوتووە كە ڕۆژوو بە شێوەیەكی گشتی بەرگری لەش زیاد دەكات.
2. هەر هاوڵاتییەك توشی ڤایرۆسی كۆرۆنا بووبێت دروستە بۆی بە ڕۆژوو نەبێت ، بەم دوو مەرجەی لای خوارەوە:

یەكەم: ئەخۆشییەكە پشتڕاست كرابێتەوە لای پزیشكانی پسپۆڕ .
دووەم: پزیشكی پسپۆڕ ڕایبگەیەنێت كە توشبووەكە بە هۆی ڕۆژوو گرتنەوە تەندروستی خراپتر دەبێت، یان ڕۆژووەكە دەبێتە هۆی درەنگ چاكبوونەوەی.
تێبینی: بەڵام پاش چاكبوونەوەی واجبە قەزای تەواوی ئەو ڕۆژانە بكاتەوە كە نەیگرتوون.

والله سبحانه وتعالى أعلم
وصلى الله على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين.

ئەنجومەنی باڵای فەتوا لە هەرێمی كوردستان
29 ی شەعبانی 1441 هـ = 2020/4/23م = 3ی بانەمەڕ 2720ك

ناونیشان: هەولێر (60مەتری) بەرامبەر پەرلەمانی كوردستان www.zanayan.org

ئەنجومەنی باڵای فەتوا لە هەرێمی کوردستان لە بەرواری ٢٩ ی شەعبانی ١٤٤١ کۆچی بەرامبەر ٢٠٢٠/٤/٢٣ لە کۆبونەوەی ئاسایی خۆیدا– بە ئۆنلاین – بە مەبەستی دیاریکردنی مەرجەکانی بەڕۆژوو نەبوون بەهۆی کۆرۆناوە و چەند بابەتێکی تر، دوای گفتوگۆو گەڕانەوە بۆ سەرچاوەکانی فیقهی ئیسلامی ئەنجومەن

گەیشتە ئەم فەتوایە ی لای خوارەوە:

١- دروست نییە بەڕۆژوو نەبوون بەهۆی ترسان لە کۆرۆناوە، چونکە ڵە ڕووی تەندروستیشەوە دەرکەوتووە کە ڕۆژوو بە شێوەیەکی گشتی بەرگری لەش زیاد دەکات.

٢- هەر هاوڵاتییەك توشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بووبێت دروستە بۆی بە رۆژو نەبێت، بەم دوو مەرجەی لای خوارەوە:

یەکەم: نەخۆشیەکە پشتڕاست کرابێتەوە لای پزیشکانی پسپۆڕ.

دووەم: پزیشکی پسپۆڕ رایبگەێنێت کە توشبووەکە بە هۆی رۆژوو گرتنیەوە تەندروستی خراپتر دەبێت، یان رۆژووەکە دەبێتە هۆی درنگ چابوونەوەی.

تێبینی: بەڵام پاش چاکبوونەوەی واجبە قەزای تەواوی ئەو رۆژانە بکاتەوە کە نەیگرتوون.

والله سبحانه وتعالى أعلم.

وصلى الله على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين.

ئەنجومەنی باڵای فەتوا لە هەرێمی کوردستان

٢٩ ی شەعبانی ١٤٤١ هـ = ٢٠٢٠/٤/٢٣م = ٣ی بانەمەڕ ٢٧٢٠ك

# بابەتی لێك دووری نوێژخوێنان و پابەندی بە رێنماییەکانی خۆپارێزی

لەپێناو سەلامەتیو بەرجەستەکردنی رێنماییەکان ئەنجومەنی باڵای فەتوا سەبارەت بە لێك دووری نوێژخوێنانو خۆپارێزی لە پەتای کۆرۆنا روونکردنەوەیەکی بڵاو کردەوە.



بسم الله الرحمن الرحیم

یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان
مەکتەبی تەنفیزی
ئەنجومەنی باڵای فەتوا

إتحاد علماء الدين الإسلامي في كوردستان
المكتب التنفيذي
المجلس الأعلى للإفتاء

ژمارە/ ١٩٠ بەروار: ١٦/ ٠٦/ ٢٠٢٠

(( رۆنکردنەوەیەك لە ئەنجومەنی باڵای فەتوای هەرێمی کوردستان ))

ئەنجومەنی باڵای فەتوا لە دانیشتنی ئاسایی خۆیداو بە رەچاوکردنی رێنومایە تەندروستییەکان لە بەرواری١٧/شەوالی/١٤٤١ - ١٠/٦/٢٠٢٠ چەند بابەتی ئاینی پەیوەست بە بارودۆخی ئێستای کۆرۆنا تاوتوێ کرد، و بۆ بەرچاو روونی موسڵمانانی هەرێمی کوردستان ئەم روونکردنەوەیە ڕادەگەیەنێ:

١. داوا لە موسوڵمانان دەکەین بە تایبەتی ئەوانەی هاموشۆی مزگەوتەکان دەکەن بۆ ئەنجامدانی جومعەو جەماعەت لەم کات و ساتەدا کە شەپۆلێکی دیکەی بەهێزی پەتای کۆرۆنا گەڕاوەتەوە وەك واجبێکی شەرعی گرنگ بڕوانن بۆ پرسی پابەندبوون بە ڕێنمایە تەندرووستییەکان ، وەك ئەرکێکی ئاینی ومرۆیی و نیشتیمانی مامەڵەی لەگەڵدا بکەن، چونکە پارێزگاری کردن لە نەفس یەکێکە لە مەبەستە باڵاکانی شەریعەتی ئیسلام کە هەرێمی کوردستان پێی پابەندە.

٢. لەڕووی شەرعییەوە دروستە کە نوێژخوێنان لە دووری یەك ڕابووەستن لە کاتی ئەنجامدانی نوێژی جەماعەت ونوێژی هەینی، و هیچ لە پاداشتی نوێژی جەماعەتیان لێ کەم نابێتەوە، بەڵکو تەنها مەگەر پاداشتی پەیەکەوە نوساندنی قاچ و شانیان لە صەفی جەماعەتدا لە دەست بچێت کە سوننەتێکی نوێژی جەماعەتە – بەڵام چونکە نوێژخوێنان مەعزورن پاداشتی ئەوەیشیان - بە ئومێدی خودا- هەر نافەوتێت بە پێی بەڵگە شەرعییەکان کە لە سەرچاوە فیقهیەکاندا هاتووە[١].

٣. داوا لە هاوڵاتیان دەکەین تا دەتوانن لە ماڵەکانیان بمێننەوە بۆ کاری پێویست نەبێت لەماڵەکانیان نەچنە دەرەوە .

٤. هەر کەسێك نیشانەکانی کۆرۆنای لێ دەرکەوت واجبێکی شەرعییە کە نەچێتە مزگەوت و جێگە قەرەباڵغەکانی تر و خۆی لە تێکەڵاوی بپارێزێت و خۆی کەرەنتینە بکات.

٥. ئەگەر کەسێك نەخۆشی درێژ خایەنی هەبێت و ترسێکی ڕاستەقینەی هەبێت(الخوف المحقق) لەوەی کە توشی پەتای کۆرۆنا ببێت دەتوانێت نەچێتە مزگەوت بۆ بەجێگەیاندنی ئەرك و عیبادەتەکان.

خوای میهرەبان هەمووڵایەن پارێزراو بفەرموێت.

والله تعالى أعلم.. وصلى الله على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين

ئەنجومەنی باڵای فەتوا لە هەرێمی کوردستان

١٧/شەووالی/١٤٤١ هـ - ١٠/٦/٢٠٢٠ م - ١٩خەرمانانی٢٧٢٠ ك

(١) المجموع ٣٠١/٤، إحكام الأحكام شرح عمدة الأحكام ١/ ٢١٧ فتح العلي بجمع الخلاف بين ابن حجر وابن الرملي (ص٦٢١)، شرح المقدمة الحضرمية المسمى بشرى الكريم بشرح مسائل التعليم (ص: ٣٦٢)، طرح التثريب ٣٢٥/٢

ناونیشان : هەرێمی کوردستان – هەولێر (٦٠مەتری) بەرامبەر پەرلەمانی کوردستان

www. zanayan.org

email :mektebzanayan@gmail.com

لە بەشێکی روونکردنەوەکە هاتووە: داوا لە موسلمانان دەکەین بە تایبەت ئەوانەی هاموشۆی مزگەوتەکان دەکەن بۆ ئەنجامدانی جومعەو جەماعەت لەم کات و ساتەدا، کە شەپۆلێکی دیکەی بەهێزی پەتای کۆرۆنا گەڕاوەتەوە وەك واجبێکی شەرعی گرنگ بڕوانن بۆ پرسی پابەندبوون بە رێنماییە تەندروستییەکان، وەك

ئەرکێکی ئایینی و مرۆیی و نیشتمانی مامەڵەی لەگەڵدا بکەن، چونکە پارێزگاری کردن لە نەفس یەکێکە لە مەبەستە باڵاکانی شەریعەتی ئیسلام کە هەرێمی کوردستان پێی پابەندە.

سەبارەت بە لێك دووری نوێژخوێنان روونکردنەوەکە دەڵێت: لەرووی شەرعیەوە دروستە کە نوێژخوێنان لە دووری یەك رابووەستن لەکاتی ئەنجامدانی نوێژی جەماعەت و نوێژی هەیینی و هیچ لە پاداشتی جەماعەتیان لیٚ کەم نابێتەوە، بەڵکو تەنها مەگەر پاداشتی بە بەیەکەوە نوساندنی قاچ و شانیان لە سەفی جەماعەتدا لەدەست بچێت، کە سوننەتێکی نوێژی جەماعەتە، بەڵام چونکە نوێژخوێنان مەعزورن پاداشتی ئەوەیشیان بە ئومێدی خودا هەر نافەوتێت بەپێی بەڵگە شەرعیەکان کە لە سەرچاوە فیقهیەکاندا هاتووە.

لە بەشێکی تری روونکردنەوەکە هاتووە: داوا لە هاوڵاتیان دەکەین تا دەتوانن لە ماڵەکانیان بمێننەوە بۆ کاری پێویست نەبێت لە ماڵەکانیان نەچنە دەرەوە.

هەروەها هاتووە: هەر کەسێك نیشانەکانی کۆرۆنای لیٚ دەرکەوتواجبێکی شەرعییە کە نەچێتە مزگەوت و جێگەی قەرەباڵغەکانی ترو خۆی لە تێکەڵاوی بپارێزێت و خۆی کەرەنتینە بکات.

دوا خاڵی روونکردنەوە باس لەوە دەکات: ئەگەر کەسێك نەخۆشی درێژخایەنی هەبێت و ترسێکی راستەقینەی هەبێت (الخوف المحقق) لەوەی کە تووشی پەتای کۆرۆنا ببێت، دەتوانێت نەچێتە مزگەوت بۆ بەجێگەیاندنی ئەرك و عیبادەتەکان.

# حوکمی بەخشینی پلازمای خوێن


بسم الله الرحمن الرحيم

یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان
مەکتەبی تەنفیزی
ئەنجومەنی باڵای فەتوا

إتحاد علماء الدين الإسلامي في كوردستان
المكتب التنفيذي
المجلس الأعلى للإفتاء

ژمارە / ٢٠٢    بەروار / ٢١ / ٦ / ٢٠٢٠

(( حوکمی بەخشینی پلازمای خوێن ))

الحمدلله والصلاة والسلام على رسول الله وآله وصحبه ومن والاه وبعد :

ئەنجومەنی باڵای فەتوا بەخشینی پلازمای خوێنی پێ کارێکە پەسەندو چاکەخوازییە، کە کەسی چاکبوو لە ڤایرۆسی کۆرۆنا پلازمای خوێنی خۆی ببەخشێت بەو کەسانەی کە دووچاری ڤایرۆسەکە بوون بە مەبەستی چارەسەر وەرگرتن، بەڵام بە سێ مەرج :

یەکەمیان : مامەڵەی پێوە نەکرێت و لە بەرانبەریدا پارە وەرنەگیرێت، چونکە ئەو پارەیە حەرامە و کڕین و فرۆشتنی دروست نیە.

دووەم : پێویستە کارێکی خۆبەخشی بێت دوور بێت لە ئیحراجی و فشار و (غصب الحياء ).

سێیەم: پێویستە بە پێی راپۆرتی پزیشکی و لە ژێر چاودێری پزیشکیدا ئەو کارە ئەنجام بدرێت و کاردانەوەی خراپی نەبێت بۆ کەسی بەخشەرەکە، واتە موزاعەفاتی لاوکی نەبێت وەک کەم بوونەوەی بەرگری لەش .

بەم سێ مەرجە دروستە بەخشینی پلازمای خوێن بە خەڵکێک کە دوچاری ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون، بەڵکو خێرێکی زۆر گەورەیشە، دەبێتە هۆی رزگاری مرۆڤەکان لە مردن، خودای گەورە فەرمویەتی" هەرکەسێک مرۆڤێک رزگار بکات لەمردن وەک ئەوە وایە کە تێکرای مرۆڤەکانی رزگار کردبێت" وەک دەفەرموێت: (ومن أحياها فكأنما أحيا الناس جميعا)(سورة المائدة/ ٣٢) ... والله تعالى اعلم

وصلى الله على سيدنا محمد واله وصحبه اجمعين

ئەنجومەنی باڵای فەتوا لە هەرێمی کوردستان
٢٩شوال ١٤٤١ك
٢٠٢٠/٦/٢١م

www.zanayan.org    ناونیشان: هەولێر (٦٠مەتری) بەرامبەر پەرلەمانی کوردستان

الحمد لله والصلاة والسلام على رسول الله وآله وصحبه ومن والاه وبعد:

ئەنجومەنی باڵای فەتوا بەخشینی پلازمای خوێنی پیّ کارێکە پەسەندو چاکەخوازییە، کە کەسی چاکبوو لە ڤایرۆسی کۆرۆنا پلازمای خوێنی خۆی ببەخشێت بەو کەسانەی کە دووچاری ڤایرۆسەکە بوون بە مەبەستی چارەسەر وەرگرتن، بەڵام بە سیّ مەرج:

یەکەمیان: مامەڵەی پێوە نەکرێت و لە بەرانبەریدا پارە وەرنەگیرێت، چونکە ئەو

پارەیە حەرامە.

دووەم: پێویستە کارێکی خۆبەخشی بێت دوور بێت لە ئیحراجیو فشارو (غصب الحیاء).

سێهەم: پێویستە بە پێی راپۆرتی پزیشکی و لە ژێر چاودێری پزیشکیدا ئەو کارە ئەنجام بدرێتو کاردانەوەی خراپی نەبێت بۆ کەسی بەخشەرەکە، واتە موزاعەفاتی لاوکی نەبێت وەك کەم بوونەوەی بەرگری لەش.

بەم سێ مەرجە دروستە بەخشینی پلازمای خوێن بە خەڵکێك کە دوچاری ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون، بەڵکو خێرێکی زۆر گەورەیشە، دەبێتە هۆی رزگاری مرۆڤەکان لە مردن، خودایش فەرمویەتی" هەرکەسێك مرۆڤێك رزگار بکات لەمردن وەك ئەوە وایە کە تێکڕای مرۆڤەکانی رزگار کردبێت" وەك دەفەرموێت: (ومن أحياها فكأنما أحيا الناس جميعا)(سورة المائدة/ ٣٢)

والله تعالى اعلم

وصلى الله على سيدنا محمد وآله وصحبه اجمعين

ئەنجومەنی باڵای فەتوا لە هەرێمی کوردستان

٢٩ شوال ١٤٤١ك

٢١/٦/٢٠٢٠م

# مردووانی کۆرۆنا

## بە رێکاری شەرعی دەشوورێن و دەشاردرێنەوە

دوا بەدوای نووسراوی ئەنجوومەنی باڵای فەتوای هەرێمی کوردستان ئاراستەی وەزارەتی تەندرووستی هەرێمیان کرد دەربارەی پێویستی پابەندبوون بە رێکارە شەرعییەکان لە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ مردووانی ڤایرۆسی کۆرۆنا، وەزارەتی ناوبراو نووسراوێکی ئاراستەی هەموو بەڕێوەبەرە گشتییەکانی تەندرووستی لە سەرتاسەری هەرێم کرد، تێیدا تەواوی ئەو بڕگانەیان روونکردۆتەوە کە ئەنجوومەنی باڵای فەتوا دەستنیشانی کردووەو لە ڕوانگەی شەریعەتی ئیسلامەوە پێویستە لە شووشتن و ناشتنی ئەو کەسانەی بە هۆی ڤایرۆسەکە دەمرن جێبەجێ بکرێن، لەوانە:

یەکەم: نیەتهێنانی شووشتنی مردوو لەلایەن کەسی راسپێردراو بە شووشتنی مردووەکە.

دووەم: دڵنیابوون لەوەی کە ئاوی پاك بەسەر هەموو لاشەی مردووەکە دابکرێت، ئەگەر بە ڕشاندنیش بێت لە دوورەوە، بەڵام گرنگە ئاوەکە پاك بێت.

سێیەم: دڵنیابوون لە پاکی ئەو پۆشاکەی کە لەبری کفن بەکاردێت.

چوارەم: ئەنجامدانی نوێژی مردوو لەسەر مردووەکە لەلایەن کەسێکی شارەزا.

لە کۆتایی نووسراوەکەی وەزارەت هاتووە: هیچ رێگرییەکی زانستی نییە بۆ ناشتنی مردووەکە بە رێگاکانی کارپێکراو بۆ ناشتنی مردوو بە نەخۆشییەکانی تر لەلایەنی قووڵی قەبرەکەوە، وە دەکرێت مردووەکە لە هەر گۆڕستانێك بنێژرێت کە کەس و کاری مردووەکە دیاری دەکەن.

یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان
مەکتەبی تەنفیزی
ئەنجومەنی باڵای فەتوا

بسم الله الرحمن الرحیم

إتحاد علماء الدین الإسلامي في كوردستان
المكتب التنفيذي
المجلس الأعلى للإفتاء

ژمارە / ٢٣٣ بەروار / ١٣ / ٧ / ٢٠٢٠

بۆ / وەزارەتی تەندروستی – نوسینگەی جەنابی وەزیر

بابەت / جەختکردنەوە

لە سەر راسپاردەی ئەنجومەنی باڵای فەتوا جەخت دەکەینەوە کە فەرمان بفەرموون بە تیمە تەندروستیەکان کە بە پێی ڕێکارە تەندروستیەکان ئەرکەکانی ئاینی ئیسلام بەرامبەر بە کۆچکردوان بە ڤایرۆسی کۆرۆنا ئەنجام بدەن، چونکە ژمارەیەك لە وارسانی کۆچکردوان بە ڤایرۆسی کۆرۆنا و هاوڵاتیانیش دووچاری دوودڵی بوونە ئەوەی کەوا زانراوە کە کۆچکردوان بە ڤایرۆسی کۆرۆنا ئەرکەکانی ئاینی یان بۆ ئەنجام نادرێت، وە ئەنجومەنی باڵای فەتوای هەرێمی کوردستان لە فەتواکەیان لە ٢٠٢٠/٣/٣ داوایان کرد کە پێویستە بە پێی شەریعەتی ئیسلام هەڵسوکەوت لەگەڵ کۆچکردوان بە ڤایرۆسی کۆرۆنا بکرێت،بۆیە جەخت دەکەینەوە لە:

١ – نیەت هێنانی شۆردنی مردوو لە لایەن کەسی ڕاسپێردراو بە شۆردنی مردووەکە.

٢ – دڵنیابوون لەوەی کە ئاوی پاك بە سەر هەموو لاشەی مردووەکە بکرێت ، ئەگەر بە ڕشاندیش بێت لە دوورەوە بەڵام گرنگە ئاوەکە پاك بێت.

٣ – دڵنیابوون لە پاکی ئەو پۆشاکەی کە لە بری ( کەفن) بەکار دێت.

٤ – ئەنجامدانی نوێژی مردوو لە سەر مردووەکە لایەن کەسێکی شارەزا.

ئەمانەی کە ئاماژەیان پێدراوە لە شەریعەتی ئیسلامدا پێویستە بۆ مردوو لە حاڵەتی ئاسایی ئەنجام بدرێت، وە لە بەر ئەوەی تیمە تەندروستیەکانی تایبەت بە شاردنەوەی کۆچکردوان ڕاچاوی ئەواوی خۆپارێزی دەکەن دەتوانن بەم جوار حالە شەرعیە پابەند بن بۆ ئەوەی هاوڵاتیانمان دڵنیا بن لە ناشتنی ئازیزانیان بە پێی ڕێکارەکانی ئاینی ئیسلام

... لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزمان

مەکتەبی تەنفیزی
یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان

وێنە بۆ/
– سەرجەم لقەکانی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان ... بۆ ئاگاداریمان ...
– ئەنجومەنی باڵای فەتوا ... لەگەڵ بەرایەکان.
– کارگێری .
– پەیوەندیەکان .

ناونیشان: هەولێر ٦٠ مەتری بەرامبەر پەرلەمانی کوردستان www.zanayan.org

9:36 AM

---

هەرێمی کوردستان - عیراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی تەندروستی
بەڕێوەبەریی گشتی کاروباری تەندروستی

Kurdistan Region – Iraq
Council of Ministers
Ministry of Health

اقلیم كوردستان - العراق
مجلس الوزراء
وزارة الصحة
المديرية العامة للامور الصحية

ژمارە: ٧٥٥١ No:
ڕێکەوت: / / ٢٧٢٠ کوردی Date: ١١ / ٨ / ٢٠٢٠

دەرکردە – وەزارەتی تەندروستی

( پێشمەرگە سومبولی لەتەوەیی و پارێزەری کوردستانە )

بۆ/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی/ هەولێر/ سلێمانی/ دهۆک/ هەڵەبجە/ ڕاپەڕین/ گەرمیان/ کۆیە

بابەت/ گشتاندن

ئاماژە بە نووسراوی یەکێتی زانایانی کوردستان/ مەکتەبی تەنفیزی/ ئەنجومەنی باڵای فەتوا ژمارە ٢٣٣ لە ٢٠٢٠/٧/١٣
ئاماژە بە نوسراوی وەزارەتی تەندروستی و ژینگەی عیراقی فیدراڵ/ فەرمانگەی تەندروستی گشتی ژمارە ٣٩٦ لە ٢٠٢٠/٧/٢٦
جەخت دەکەینەوە لەسەر پابەندبوونی تەواو بە ڕێکارەکانی ناشتنی مردووانی ڤایرۆسی کۆرۆنا کە لەڕێنمایی هاوپێچدا هاتووە وە بە ڕەچاوکردنی ناشتنیان لەسەر شێوازی ئاینی ئیسلامی پیرۆز کە لەم خاڵانەی خوارەوە هاتووە:

1. نیەت هێنانی شووشتنی مردوو لەلایەن کەسی ڕاسپێردراو بەشووشتنی مردووەکە.
2. دڵنیابوون لەوەی کە ئاوی پاك بەسەر هەموو لاشەی مردووەکە دابکرێت، ئەگەر بەڕشاندنیش بێت لە دوورەوە بەڵام گرنگە ئاوەکە پاك بێت.
3. دڵنیابوون لە پاکی ئەو پۆشاکەی کە لەبری کفن بەکاردێت.
4. ئەنجامدانی نوێژی مردوو لەسەر مردووەکە لەلایەن کەسێکی شارەزا.

- هیچ ڕێگریەکی زانستی نیە بۆ ناشتنی مردووەکە بە ڕێگاکانی کارپێکراو بۆ ناشتنی مردوو بە تەخۆشیەکانی تر لە لایەنی قوڵی قەبرەکەوە، وە دەکرێت مردووەکە لە هەر گۆڕستانێك بنێژرێت کە کەس و کاری مردووەکە دیاری دەکەن.

لەگەڵ ڕێزدا...

هاوپێچ/
- نووسراوی یەکێتی زانایانی کوردستان/ مەکتەبی تەنفیزی/ ئەنجومەنی باڵای فەتوا ژمارە ٢٣٣ لە ٢٠٢٠/٧/١٣.
- نوسراوی وەزارەتی تەندروستی و ژینگەی عیراقی فیدراڵ/ فەرمانگەی تەندروستی گشتی/ ژمارە ٣٩٦ لە ٢٠٢٠/٧/٢٦
- ڕێنماییەکانی ناشتنی مردووانی ڤایرۆسی کۆرۆنا.

د. سامان حسین بەرزنجی
وەزیری تەندروستی
٢٠٢٠/٨/١٠

ویّنەیەك بۆ:
- نووسینگەی بەڕێز جەنابی وەزیری تەندروستی/ بۆزانین لەگەڵ ڕێزدا
- یەکێتی زانایانی کوردستان/ مەکتەبی تەنفیزی/ ئەنجومەنی باڵای فەتوا/ بۆزانین لەگەڵ ڕێزدا
- دەستەی پاراستن و چاکردنی ژینگەی کوردستان/فەرمانگەی کاروباری هولەیری/ب. ژینگەی شارستانی بۆ زانین
- بەڕێوەبەری گشتی کاروباری تەندروستی/ بەڕێوەبەری پاراستنی تەندروستی و سەلامەتی خۆراك/ بۆزانین لەگەڵ ڕێزدا
- بەشی کۆنترۆڵکردنی پیس بوون لە دەزگا تەندروستیەکان لەگەڵ بەرایەکان
- دولاو

Kurdistan Region - Erbil / Jahid Int.
Phone: 066 223 8014 - 066 223 8015
www.moh-krg.org
E-Mail: it_dep_moh@yahoo.com
هەرێمی کوردستان - هەولێر / جوار ڕێی جاهید
تەلەفۆن: ٠٦٦٢٢٣٨٠١٤ — ٠٦٦٢٢٣٨٠١٥

# فەتوای تایبەت بە:

## لە خشتەبردنی نەخۆش لە لایەن هەندێك پزیشك و نۆرینگەو نەخۆشخانەی تایبەت و تاقیگەو دەرمانخانەکانەوە

قال تعالى: { فَاسْأَلُوا أَهْلَ الذِّكْرِ إِنْ كُنْتُمْ لَا تَعْلَمُونَ } (سورة النحل: ٤٣)

الحمد لله، والصلاة والسلام على سيدنا محمد رسول الله، وعلى آله وصحبه ومن والاه وبعد:

دوای ئەوەی کە کۆمەڵێکی زۆر لە هاوڵاتیان پرسیاری گازندە ئامێزییان ئاراستەی ئەنجومەنی باڵای فەتوا کرد سەبارەت بە گۆڕانی کاری بەشێك لە پزیشك و نۆرینگەو دەرمانخانەو نەخۆشخانە تایبەتەکان لە کاری مرۆڤدۆستی و خزمەتگوزاریو دڵسۆزی بۆ نەخۆشەکان، بۆ کاری بازرگانیو چاوچنۆکیو لەخشتەبردن، بە شێوازێك کە کەسی نەخۆش بە پێی پێویستو دروست خزمەت ناکرێت، بەڵکو زۆرجار نەخۆشەکە چەندین جۆری تیشك یان پشکنینی گرانبەهای بۆ دەنوسرێت، یان ئاراستە دەکرێت کە تەنها لە فڵانە دەرمانخانە دەرمانەکان وەربگرێت، یان تەنها لە فڵان تاقیگە پشکنینەکانی ئەنجام بدات، یان پێویستی بەهەندێك دەرمان نییەو بۆی دەنوسرێت، کەجاری وا هەیە-وەك پسپۆڕانی ئەو بوارە لەتوێژینەوەکانیاندا باسیان کردووە- هەندێك لەدەرمانەکان پێچەوانە یەکتری کاردەکەنو لێکەوتەو کاریگەری زۆر خراپی دەبێت.

ئەنجومەنی باڵای فەتوا لە دانیشتنی ئاسایی خۆیدا لە: (٧ ذو الحجة ١٤٤١کۆچی = ٢٠٢٠/٧/٢٨ز)، پاش بەدواداچونی کەیسەکە و گوێگرتنی لە چەندین پسپۆڕو شاهێدحاڵ، کە سکاڵایان لە و بارەوە هەبووە: بە پێویستی

زانی ئەم فەتوایەی لای خوارەوە بدات:

١. هەر پشکنینێك یان دەرمان نوسینێك بە پێچەوانەی یاساکانی تایبەت بە کاری پیرۆزی پزیشکی و ڕێنماییە تەندروستییەکان بێت: حەرامە و دەچێتە چوارچێوەی هەوڵی زیانگەیاندن، کە هەندێك جار دەبێتە هۆکاری کوشتنی بەناحەق . قورئانی پیرۆز دەفەرموێت: :{مَنْ قَتَلَ نَفْسًا بِغَيْرِ نَفْسٍ أَوْ فَسَادٍ فِي الْأَرْضِ فَكَأَنَّمَا قَتَلَ النَّاسَ جَمِيعًا وَمَنْ أَحْيَاهَا فَكَأَنَّمَا أَحْيَا النَّاسَ جَمِيعًا وَلَقَدْ جَاءَتْهُمْ رُسُلُنَا بِالْبَيِّنَاتِ ثُمَّ إِنَّ كَثِيرًا مِنْهُمْ بَعْدَ ذَلِكَ فِي الْأَرْضِ لَمُسْرِفُونَ}(سورة المائدة ٣٢). واتە: هەرکەسێك ڕاستەوخۆ کەسێکی بێتاوان بکوژێت، یان ناڕاستەوخۆ هۆکار بێت بۆ کوشتنی، یان فەساد لە کۆمەڵگادا بڵاوبکاتەوە و کاری تێکدەرانە ئەنجام بدات و زەرەر بگەیێنێتە مرۆڤەکان ئەوە تاوانێکی زۆر گەورەی ئەنجام داوە، چونکە وەك ئەوە وایە کە هەموو مرۆڤەکانی کوشتبێت، چونکە دەستدرێژی کردنە سەریەك مرۆڤ دەستدرێژی کردنە بۆ سەر هەموو مرۆڤایەتی کە خودا خولقاندویەتی، بە پێچەوانەیشیەوە ئەگەر مرۆڤێکی پاراست یان ڕزگاری کرد، چاکایەکی ئەوەندە گەورەی کردووە لای خودا ، وەك ئەوە وایە کە هەموو مرۆڤایەتی زیندوو کردبێتەوە ڕزگاری کردبێت.

٢- هەر دەرمانێك لە ئەندازەی زیاد لە پێویست بنوسرێت لە ڕەچەتەی پزیشکیدا: تاوانە و کارێکی حەرامە و لەسەر پزیشکی موسوڵمان و مروڤدۆست پێویستە خۆی لێ بپارێزێت. چونکە ڕاستەوخۆ ئیستیغلال کردن و بەتاڵان بردنی ماڵی موسەڵمانانە ئەمەش لە شەریعەتی پیرۆزی ئیسلامدا حەرامە. وەك قورئانی پیرۆز دەفەرموێت: {يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَأْكُلُوا أَمْوَالَكُم بَيْنَكُم بِالْبَاطِلِ إِلَّا أَن تَكُونَ تِجَارَةً عَن تَرَاضٍ مِّنكُمْ} (سورة النساء: ٢٩)، هەروەها

پێغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت: "**لا يحل مال امرئ مسلم إلا بطيب نفس منه**" (رواه الإمام أحمد في مسنده). واتە: " ماڵی هیچ موسوڵمانێك بەوی دیکە حەڵاڵ نییە مەگەر بەخواهیشتو لە دڵەوە بیبەخشێت". هەروەها دەبێتە هۆی گەیاندنی زەرەری جەستەیی بە نەخۆشەکانو بە پێی قاعیدەی شەرعی ئەو پزیشکە (ضامن) و بەرپرسیار دەبێت.

٣- هەر دەرمانێك لە دەرمانخانەکان بدرێت بە نەخۆش، بەبێ ڕێنمایی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی پزیشکی پسپۆڕ یان یاریدەدەری پزیشکی ڕێگەپێدراو: ئەوا لە ڕوانگەی شەریعەتەوە دروست نییەو حەرامە، هەروەك چۆن لە ڕووی یاسایشەوە قەدەغەیە. چونکە لە شەریعەتی ئیسلامدا هەرشتێك ببێتە هۆی زەرەر گەیاندن بەخود یان بەکەسی بەرامبەر ئەوە حەرامە، وەك حەزرەتی پێغەمبەرمان ( درودی خوای لەسەر بێت ) فەرمویەتی : "**لا ضرر ولا ضرار**"، (رواه ابن ماجة والدار قطني وغيرهما عن أبي سعيد الخدري (رضي الله عنه) ورواه الامام مالك في الموطأ عن عمرو بن يحيي عن أبيه (رضي الله عنه) وله طرق متعددة). واتە: "نە لە سەرەتاوە زەرەر بە گەس بگەیێنەو نە کەسیش زەرەرت پێ بگەیێنێت یان زەرەر بە یەکتر بگەیێنن" ، لەسەر بنەمای ئەو فەرمودەیەش یاسایەکی گشتی و سەرەکی لە ئیسلامدا دامەزراوە کە لای زانایان بە تایبەت شافیعییەکان یەکێکە لە پێنج بنەما فیقهیە گەورەکان کە بریتییە لە یاساو بنەمای فیقهیی (**الضررُ يُزالُ**): واتە:" هەموو جۆرە زەرەرو ستەمێك پێویستە دەمەو دەست لابرێت لەسەر ستەملێکراو زەرەر لێدراو".

٤- هەر دەرمانێك بەرواری بەسەرچوبێت، یان لە کوالێتی کۆنترۆڵ دەرنەچوبێت، ئەوە حەرامە بدرێت بە نەخۆش یان مامەڵەی پێوە بکرێت ، یان دەربازی

سنورەکان بکرێت ، بە هەمان بەڵگەکانی سەرەوە.

٥- گران کردنی نرخی پشکنین و دەرمانەکان لەسەر نەخۆش : کارێکی ناشەرعیی و قیزەونە، بەڵکو پێویستە پێچەوانەکەی ئەنجام بدرێت و، نرخەکان کەم بکرێنەوەو یارمەتیدانی هەژاران بدرێت، بە تایبەت لەم هەل و مەرجە سەختەی ئێستای کوردستاندا، ئەمەیش بە پێی ڕێنمایی ئایەتی پیرۆزی : {وَتَعَاوَنُوا عَلَى الْبِرِّ وَالتَّقْوَى وَلَا تَعَاوَنُوا عَلَى الْإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ}،(سورة المائدة: ٢). واتە:" پێویستە بەردەوام هاوکاری یەکتر بکەن لەسەر چاکە و کاری باش و خوداناسی، هاوکاری یەك مەکەن لەسەر خراپە و تاوان و دەستدرێژی ، لەخودا بترسن و ڕێنماییەکانی جێبەجێ بکەن، چونکە سزای خودا لە پاشەڕۆژدا زۆر سەختە".

٦- هەرجۆرە ڕێکەوتنێك لە نێوان پزیشك و دەرمانخانەو تاقیگەکاندا لە سەر حیسابی نەخۆشەکان ئەنجامبدرێت کارێکی حەرامەو خواردنی ماڵی موسڵمانانە بە تاڵان، کە بە داخەوە ئەو دیاردەیەش بوونی هەیەو پێویستە پزیشكو دەرمانسازان و خاوەنی تاقیگەکان خۆیان لەو حەرامە بپارێزن و لە خودا بترسن.

٧- هەرکەسێك پسپۆڕ نەبێت لەو بواری پزیشکی و دەرمانسازیدا حەرامە خۆی بکات بە پزیشك و دەرمانساز، بەو پێیەیش تاوانبارو (ضامن) دەبێت لە هەر کاردانەوەیەکی خراپ، ڕاستەوخۆ زەرەر بگەیێنێت بە نەخۆشەکە یان بە سیرایەت، وەك پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرمویەتی: « مَنْ تَطَبّب ولم يكن بالطبِّ معروفا فأصاب نفسا فما دونها، فهو ضامن» (أخرجه الدارقطني وأبو داود والنسائي وغيرهما وصحّحه الحاكم عن عمرو بن شعيب عن أبيه عن جده (رضي الله عنهم) ئەمەیش مەسئەلەیەکە لە لای تێکڕای زانایانی فیقهی

ئیسلامی کۆ دەنگی لە سەرە. بڕوانە: الاستذكار الجامع لمذاهب فقهاء الأمصار لابن عبد البر القرطبي المالكي: (٢٥/٥٥)، وبلوغ المرام للحافظ العسقلاني الشافعي مع سبل السلام: (٢/٣٦٣). المفاتيح في شرح المصابيح لمظهر الدين الحنفي: (٤/ ٢١٧).

لە کۆتاییدا ئەم خاڵانە بە گرنگ دەزانین وەك ئامۆژگاری و داخوازی:

یەکەم: داخوازین لە دەزگا پەیوەندارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە تایبەت وەزارەتەکانی تەندروستی و ناوخۆ، بە دواداچون و لێپرسینەوەی جدی بکەن لەو پرسە گرینگە، کە سەرتاسەری هاوڵاتیانی ئەم هەرێمەی گرتۆتەوە بە شێوازێك لە شێوازەکان لێی زەرەرمەند بوون.

دووەم: ئەرکی سەرشانی حوکمەتە گرینگی تەواو بدات بە نەخۆشخانە گشتییەکانی، لەهەردوو ڕووی کەرستەو پێداویستی پزیشکیو ستافەکان، لەسەرتاسەری کوردستان بەبێ جیاوازی، لە پێناو ئەوەی کە هاوڵاتیان مەجبور نەبن بەو لێشاوە پەنابەرنە بەر نەخۆشخانە ئەهلیو دەرمانخانەو نۆرینگەکانیان، لەوێش لەلایەن هەندێك نەفس نزم و فرسەتوەرگرو چاوچنۆکەوە لەخشتە ببرێنو ستەمیان لێبکرێت. چونکە بە داخەوە لە ئێستادا جیاوازییەکی زۆر بەدیدەکرێت لە خزمەتگوزارییەکاندا لە نێوان کەرتی حوکمەتو کەرتی تایبەت ئەوەیش مایەی دڵگرانییە و پێویستی بە چارەسەری هەنوکەیی هەیە.

سێیەم: داخوازین لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن ڕۆڵی گرنگی خۆیان ببینن لەهەمبەر ئەم پرسەو هاوشێوەکانی لە پێناو قەڵاچۆکردنی ئەو دیاردە خراپانەی کە قەیرانی ماڵیو گیانی بۆ هاوڵاتیان دروستکردووە.

چوارەم: ئەرکی پەرلەمانە بە تەشریعکردنی یاسای تایبەت بە تەجریمکردنی

هەموو جۆرە ئیستیغلال‌و لەخشتەبردنێك بە تایبەت لە کەرتی پزیشکیداو ئەرکی حوکمەتیشە بەجێبەجێکردنی، لەپێناو ئاسودەیی خەڵك‌و بەرجەستە بوونی دادوەری کۆمەڵایەتیداو نەهێشتنی ئەم دیاردەیەدا، چونکە ئەویش ستەمەو ستەمیش پێویستە ئەنجام نەدرێت بە تایبەت لە ژێر پەردەی کارێکی مرۆڤدۆستی پیرۆزی وەك پزیشکیدا، خۆشەویستمان (درودی خوای لەسەربێت) فەرمویەتی: " موسوڵمان برای موسوڵمانە، ستەمی لێناکات ، خیانەتی لێناکات، سەری دەخات لەکاتی تەنگانەدا "وەك دەفەرموێت: "**المسلم أخو المسلم، لا يظلمه ولا يسلمه ولا يخذله**".(مُتَّفق عليه عن عبد اللَّه بن عمر (رضي الله عنهما).

پێنجەم: داواکاریشین لە هاوڵاتیان چاوکراوەبن‌و نەچنە ژێر کاریگەری چاوچنۆکانەوەو بۆ هەر نەخۆشییەکی ئاسایی‌و سادە پەنا بۆ نۆرینگەو نەخۆشخانەکان نەبەن ، وە زیاتر خۆپارێزی بکەن تا وەرگرتنی چارەسەر.

شەشەم: ئەگەرچی لە ئێستادا حکومەت فشاری دابەزاندنی نرخەکانی خستووەتە سەر نەخۆشخانە ئەهلییەکان، بەڵام هێشتا ئەو نرخانەی کە دیاری کراون لە توانای هاوڵاتیاندا نییە و پێویستە نرخەکان زۆر گونجاوتر بێت لە گەڵ ئاستی دەرامەتی زۆر نزمی ئەمڕۆی هاونیشتیمانیانی هەرێمدا.

وصلي الله تعالي علي سيدنا محمد وعلي آله وصحبه أجمعين

ئەنجومەنی باڵای فەتوا لە کوردستان

هەولێری پایتەخت

٧ ذو الحجة ١٤٤١کۆچی = ٢٨ تەموز ی ٢٠٢٠ز = ٦ خەرمانانی ٢٧٢٠ك

# کۆرۆناو
# قەیرانی تێگەیشتنی فیقهی هاوچەرخ

د. عبدالله مەلا سەعید گرتکی
سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان

بڵاوبوونەوەو مەترسی ڤایرۆسی کۆرۆنا بەو ئاستو ریژه زۆرو خێرایە، زۆربەی وڵاتانی تووشی دەستەو یەخەی خۆپارێزیو گرتنەبەری رێکاری تەندروستیو پەیوەست بۆ تەشەنە نەکردنو بەرەنگاربوونەوەی ئەو مەترسیە کردو ژمارەیەك رێکاری جیاجیان گرتە بەر بۆ رێگە گرتنو سنووردار کردنی ئەم پەتایەو لە نیوەندەشدا دامو دەزگاکانی ئاینی لە ولاتانی ئیسلامی ژمارەیەك رێکاو فەتوایان دەرکرد، کە بریاری راگرتنی نوێژی هەینیو نوێژە بە کۆمەڵەکان زۆرترین قسەو باسی بەدوایی خۆیدا هێنا، بەوەی کە ئەم فەتوایە بوو بە جێگای رەزامەندی ژمارەیەك لە زانایانی ئاینی لە جیهانی ئیسلامی و جێگای نیگەرانی ژمارەیەکی تر.

هەر بۆیە زۆر لە زانایان رێگا جارەی جیاجیاو پاساو بیانووی شەرعیان دەدۆزیەوە بۆ ئەنجامدانی نوێژی هەینی، هەر بۆیە سەرەتا هەوڵیاندا لە سەر شۆستەکانو رێگا گشتیەکانو سەر باڵەخانەکانو شوێنەکانی تر بە نەهێنی ئەنجامی بدەنو دواتر ژمارەیەك رێکاری سەیر سەیریان دۆزیەوە وەك (وەستان لە دوور یەکترو، بەکار هێنانی ماسك و دەستکێش و هی تر) تەنها و تەنها بە مەبەستی کردنەوەی دەرگای مزگەوتەکان، کە ئەم هەوڵە بە بروای من لەوە هاتبوو کە هەستیان بە ترسناکی ئەم ڤایرۆسە نەدەکرد!

ئەوەی من مەبەستمە لێرەدا تیشکی بخەینە سەر ئەوەیە کە ئەو بارودۆخە ئاینیەی سەردەمی کۆرونا دروست بوو ( قەیرانی ژیری فیقهی هاوچەرخ – أزمة العقل الفقهي المعاصر) مان بۆ روون دەکاتەوە کە دەکرێت بەم چەند خاڵەی خوارەوە هەڵوەستەی لە سەر بکەین:

### یەکەم: شوێنکەوتەی دەستەڵاتی سیاسی

ئەگەر بە وردی سەرنجی زۆرینەی زۆری فەتواکانی سەردەمی کۆرونا لە سەر ئاستی جیهانی ئیسلامی بدەین زۆر بە روونی ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە فەتواکان شوێنکەوتەی بڕیاری سیاسی ولاتەکانیان بوون، نەك فەتواکان وەك دەسپێشخەریەکی ئایینی بووبن لە پێناوی پاراستنی گیانی مرۆڤـەکان، وە من لێرەدا مەبەستم ئەوە نیە کە فەتواو دەسەلاتی سیاسی دژی یەکتر بن، بەڵکو مەبەستمە ئەوە بڵێم کە پێویست بوو لەم جۆرە حوکمانە دەسەڵاتی سیاسی شوێنکەوتەوەی دەسەلاتی ئایینی بێت، بۆیە پێویستە دامەزراوە ئاینیەکان کار بکەن بۆ سەربەخۆیی دەسەلاتی ئاینی، هەر بۆیەش نەتوانرا لە زۆر شوێن تورەیی ئەو کەسانە ڕابگرن کە دژ بە فەتواکانی هەڵپەساردنی جومعەو جەماعەت نمایش کران، وەیا متمانەیان بۆ دروست بکرێت کە ئەم فەتوایانە لە پێناوی پاراستنی گیانی مروڤەکانەو ئیسلام داکۆکی تەواوی لیٚ کردووە.

### دووەم: نەبوونی پێشبینی فیقهی

ئەرکە زانایان بە گشتی پێشبینی ڕووداوەکان بکەن و چوارچێوەی شەرعی بۆ بدۆزنەوە، نەك چاوەروانی ئەوە بکەن کە کارەساتەکە رووبدات و دواتر هەوڵی رزگار کردنی کەشتیەکە بدەن، هەر بۆیە ئەو کاتەی کە فایرۆسەکە لە چین بلاوبووەوە پێویست بوو دامەزراوەکانی ئاینی لە جیهانی ئیسلامی ئامادەسازی بۆ بکەن، کەجی تا ڤایرۆسەکە لە ولاتەکانیان نزیك نەبوەوە وەیا حاڵەتی توشبوون تۆمار نەکرا هیچ کەس باسی لە هەڵپەساردنی جومعەو جەماعەت نەکرد، هەر بۆیە وەکو پێویست زۆرینەی فەتواکان کاریگەریان نەبوو.

### سێیەم: پێویستیمان بۆ گۆڕینی پسپۆری شەرعی

ئەم بارودۆخە نەخوازراوەی کۆرونا ئەوەی بەدیارخست کە پێویستیمان بە چاوخشاندنەوەیەکی تەواو هەیە بە هەندێ پسپۆری لە خوێندنی ئیسلامی، بە شێوەیەك کە پسپۆریەکان لە پسپۆری گشتی بکرێت بە پسپۆری وردتر، زۆر

ئاساییە کە کەسێکی شەرعزان هەندێ بابەتی پسپۆری پزیشکی بخوێنێت بۆ ئەوەی ببێ بە (الفقیه الطبي) وەیا هەندێ شتی ئابووری بخوێنی بۆ ئەوەی ببێ بە (الفقیه الإقتصادي) و هتد...، بۆ ئەوەی کەسی شەرعزان خۆی خاوەنی زانیاریە پزشکیەکان وەیا ئابوریەکان بێت و کە لەکاتی روودانی هەر پرسێکی تایبەت بەم بوارە لەگەڵا رێسا فقهیەکان بیگونجێنێت و فەتوای پێویستیان لە بارەوە بدات، نەك چاوەرێ بکات تا لایەنی پەیوەندار بە ئارەزووی خۆی و بەمەبەستی خۆی زانیاریەکانی پێ بداتن چونکە رۆژگاری ئیمرۆی وای پێ وتین کە پسپۆری گشتی رەنگە زۆر دادمان نەدا، پێویستیمان بە پسپۆری وردی شەرعی لە هەموو بوارەکانی ژیان هەیە.

### چوارەم: ئاشنا بوونی زیاتر لە زانستی مەبەستەکان – علم المقاصد

لە جیهانی ئیسلامی ئەوانەی دژایەتی هەڵپەساردنی نوێژی هەینیو بە کۆمەڵەکانیان دەکرد، تێکەڵاویەکیان لە رێزبەندی مەبەستەکان لا دروست ببوو، چونکە دەیانوت لە زانستی مەبەستەکان پاراستنی ئاین پێش دەخرێت لە سەر پاراستنی گیان بە کۆدەنگی زانایانی ئوممەت، کە ئەمەشیان پێچەوانەی واقیعی زانستی مەبەستەکانە، بۆیە لێرەدا پێویست دەکات هەڵوەستەیەك بکەین:

١- کۆ دەنگی زانایانی زانستی ئوصول نەهاتووتە ئارا لەسەر پێشخستنی پاراستنی ئاین لە سەر پاراستنی گیان، بەڵکو گەورە ئوصولیەکانی وەك (الرازي، القرافي، بیضاوي، ابن تیمیة، الَاسنوي، الزرکشي) بۆچوونیان وایە کە پاراستنی گیان پێشدەخرێت لە سەر پاراستنی ئاین، بە بەڵگەی ( إلا من أکره وقلبه مطمئن بالإیمان).

٢- گریمان لە سەر رای ئەوانەی پێیان وایە کە پاراستنی ئاین پێش پاراستنی گیانە، هەڵپەساردنی نوێژی هەینیو بەکۆمەڵەکانیان تێکدانی مەبەستی پاراستنی ئایین نیە،چونکە رێگری لە نوێژەکان نەکراوە، بەڵکو رێگری کراوە کە لە مزگەوت بکرێت و زانایانی فیقهی ئیسلامی ژمارەیەك عوزری جۆراو جۆریان

باس کردووە لە نەکردنی جومعە و جەماعەت.

٣- هەروەها زانایان باسیان لە ( تعارض المقاصد الأساسية) کردووە، کە لە خۆپارێزی نەخۆشی کۆروناو فەتوای هەڵپەساردنی نوێژی هەینیو بەکۆمەڵەکانیان ئەم حاڵەتە روونەدرا، بەڵکو( تعارض) لە نێوان مەبەستێکی سەرەکی کە پاراستنی گیانی مرۆڤ بوو لەگەڵا مەبەستێکی تەواوکاری (تکمیلی) کە بریتی بوو لە ئەنجامدانی نوێژ بوو لە مزگەوت، وە لەم ئەگەرەدا مەبەستە سەرەکیەکە کە پاراستنی گیانە پێش دەخرێت لە سەر مەبەستی تەواوکاری یەکە نوێژ کردنە لە مزگەوت.

## پێنجەم: زاڵبوونی (عاتیفە- سۆز) بە سەر (ژیری)

یەکێك لە تایبەتمەندی فیقهی ئیسلامی زاڵبوونی( عەقل) ـە بەسەر سۆز، نمونەی مسح لە سەر خوفەین بچوکترین نموونەی ئەم تایبەتمەندیەیە، کەچی لە فەتوای هەڵپەساردنی نوێژی هەینیو بەکۆمەڵەکانیان پێچەوانەکەمان بۆ ئاشکرا بوو، بەوەی کەوا زۆرینەی هەرە زۆری زانایان وەیا خەڵك بە سوزداری بیری دەکردەوە، نەك بیرکردنەوەك کە پشت ئەستور بێت بە بەڵگەی فیقهی ئوصولی، لەم بیرکردنەوانە: چۆن مزگەوتەکان دادەخرێن لە کاتێکدا کە مزگەوت جێگای شیفایە، ئەگەر پێغەمبەر(د.خ) دووچاری تەنگانەو نارەحەتی ببا رووی دەکردە مزگەوت و نوێژی دەکرد، پەتاو نەخۆشیەکان بەهۆی گوناه و تاوانەکان لە ناومان زۆر دەبنو مزگەوتیش شوێنی تەوبەو ئیستغفارە، یان ئایەتی ( **ومن أظلم ممن منع مساجد الله أن يذكر فيها إسمه وسعي في خرابها**) یان دەکردە بەڵگەی دروست نەبوونی داخستنی مزگەوتەکانو چەندین قسەی تر کە بە داخەوە وای لە خەلکێکی دژ بە ئیسلام کردبوو تێروانینی هەڵە لە سەر ئیسلام و موسڵمانان لە سەرتاسەری جیهان دروست بکات، وای لیّ هاتبوو لە بری ئەوەی زانای ئاینی خەڵك ئاراستە بکات، ئەوا خەڵکەکە بوو زانای ئاینی ئاراستە دەکرد!.

## شەشەم: قەبووڵ نەکردنی ئیجتهادی نوێ و خۆبەستنەوە بە کردارەکانی هاوەڵان و سەلەفی صالح لە رووداوی هاوشێوەدا.

ئەو پرسیارەی کە لە سەردەمی کۆرونا بە بەردەوامی دووبارە دەکرایەوە بریتی بوو کە پەتاو تاعون لە سەردەمی ئیمامی عومەری کوری خەتاب(ر.خ) روویدا، بەلام نەسەلمێنراوە کە هاوەلان مزگەوتەکانیان داخستبێ وەیا نوێژی جومعەیان نەکردبێ؟ ئایا پێویست دەکات لە هەموو بوارێکی فیقهی ئیسلامی ئێمە قەبوولی ئیجتهادو بیرکردنەوەی نوێ نەکەینو خۆمان ببەستینەوە بە کردارەکانی هاوەلانو سەلەفی صالح.

ئایا ئەم پەتایە و ڤایرۆسە وەکو پەتاو ڤایرۆسەکەی ئەو سەردەم بوو! ئایا تەکنەلۆژیایی پزیشکی ئێستا وەکو هی ئەو سەردەم بوو! ئایا پێویست ناکات لە پێشهاتی نوێ ئیجتهادی نوێ بکرێت.

بەکورتی: واقیعی فیقهی ئەوەمان پێ دەلێت ئاساییە کە ماوە ماوە ئیجتهادی نوێ لە پێشهاتە نوێیەکان بکرێت بەمەرجێك سوود لە رێسا فقهیەکانو مەبەستەکانی شەریعەت وەربگیرێت..

مێژوو ئەوەمان پێ دەلێت کە ماوەی نێوان ئیمامی ئەبو حەنیفە لەگەڵ هەر دوو قوتابیەکەی نزیکەی ٣٠ ساڵ بوو، کەچی سێ لە سەر چواری ڕایەکانیان پێچەوانەی ئیجتهادی مامۆستاکەیان فەتوایان داوەو هۆکارەکەشی بریتی بووە لە گۆرانگاری لە شوێنو کاتی فەتواکان نەك لە بەڵگەکان.

# پەیامی میدیایی
# یەكێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی كوردستان
# لەسەردەمی كۆرۆنا

بەو پێیەی حكومەتی هەرێم بریاری قەدەغەكردنی هاتووچۆی دەركرد بوو، بە ئامانجی رێگری لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشی كۆرۆناو جێبەجێ كردنی رێنماییەكانی وەزارەتی تەندروستی، كە سەرەكترینیان بریتی بوو لە (مانەوە لەماڵ- كەرەنتینە)، كە ئەمە كاریگەریەكی زۆری لە سەر رەوشی تەندروستی هاوڵاتیانی هەرێمو كوردستان هەبوو، كە توانی ببێتە هاندەرێك بۆ كۆنترۆڵكردنی (ڤایرۆسی كۆرۆنا)و سەركەوتن بەسەریدا.

یەكێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی كوردستان لەو ماوەیەدا بە ئامانجی بەرزكردنەوەی ورەی هاوڵاتیانو هاندانیان بۆ خۆپارێزیو پابەند بوون بە رێنماییە تەندروستیەكانو سوود وەرگرتن لە دەرفەتی مانەوە لە ماڵو بەدەفەرت زانینی كات بۆ بەخۆداچوونەوەو هەوڵدان بۆ ئاییندارىو رۆحیەتی پشت بەستن بەخواو هاوكاربوون بۆ تێپەڕاندنی دۆخەكە، بەشێوەی پۆستەرو لەرێی راگەیاندنەكانەوە چەندین پەیامی بڵاوكردەوە، كە كاریگەریەكی زۆر لەو ئانو ساتەدا هەبوو، لەهەمان كاتیش خەمخۆری زانایانو زمانی ئامۆژگاری ئایینی رۆڵێكی كارای لە برەودان بە گیانی ئارامگرتنو هێورەیی دەروونی هەبوو.

بۆیە بە پێویستی دەزانین لێرەو بۆ مێژوو بەشێكی ئەو پەیامو هەڵوێست جوانانە تۆمار بكەین، كە لەسەردەمی كۆرۆنا بوون بە هەوێنی پاڵپشتی پرۆسەی بەرەنگاربوونەوەی كۆرۆناو هۆشیاركردنەوەی كۆمەڵگە لەمەڕ پابەندىو مامەڵەكردنی دروست لەگەڵ پرسی ڤایرۆسی كۆڤید ١٩وە.



پەیامی ژمارە ١



پەیامی ژمارە ٢



پەیامی ژمارە ٣



پەیامی ژمارە ٤


د.عبداللە مەلا سەعید
سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان:
خۆپارێزی ئەرکێکی شەرعیو پێویستە
هەر کەسێک ئەم بارودۆخەی ئێستا بەهەند وەرنەگرێو کەمتەرخەم بێ بەرامبەر خۆپارێزیو رێنماییەکان گوناهبارەو ئۆباڵی خۆیو ئەو کەسانەشی بەهۆی ئەوەوە تۆشی ڤایرۆسی (کۆرۆنا) ئەبن دەکەوێتە ئەستۆ، بۆیە گرنگە لە پێناو سەلامەتی خۆمانو تێپەڕاندنی ئەم دۆخە هەمووان پابەند بین..
پەیامی ژمارە ٥
هەولێر- کوردستان
2020/3/11


یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان:
خۆپارێزی باشترە لە چارەسەر
الوقاية خير من العلاج
موسڵمانانی ئازیز.. هاوڵاتیانی خۆشەویست
پێویستە دان بەخۆدا بگرینو بەئارامیو هیممەت بەرزیو ئومێدەوە لەئاییندە بڕوانین.
زۆر گرنگە ماوەی مانەوەمان لە ماڵ بکەینە وێستگەی بەخۆداچوونەوەو رامان و راستکردنەوەی نیەتو کردارمان لەگەڵ خوای گەورە.
لەم کاتەدا وەک هەڵمەتێکی رۆحیو ئیمانی پێویستە بەردەوام نزای خێر بۆ سەلامەتیو دەفعی بەڵاو نەخۆشی لەسەر کوردستان بکەین.
رووبەڕوو بوونەوەی مەترسی ڤایرۆسی کۆرۆنا بەرپرسیارێتیکی هاوبەشەو پێویستە هەمووان هاوکار بین بۆ تێپەڕاندنی ئەو دۆخە.
جێبەجێکردنی رێنماییە تەندروستیو ئەمنیو ئیداریەکان ئەرکێکی هەرە پێویستی ئەم قۆناغەیە
پەیامی ژمارە 7


رَبِّ اجْعَلْ هَٰذَا الْبَلَدَ آمِنًا
* داوا لە هاوڵاتیان دەکەین بە چاکی پابەندی رێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی بن، چونکە باشترین رێگە چارە گرتنە بەری رێکارە تەندروستییەکانە.
* پێویستە ئەو ماوەیە هەموو گردبوونەوەی پرسەو بووک گواستنەوەو تەواوی کۆبوونەوەکانی بۆنە کۆمەڵایەتی و هونەری و بوارەکانی دیکە سنووردار بکرێن.
* شان بە شانی رێکارە تەندروستییەکان، دوعاو پارانەوەو بەخۆداچوونەوە بەرامبەر خوداو خەڵک پێویستە.
کۆرۆنا
پەیامی ژمارە ٦
یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان


خۆپارێزی باشترە لە چارەسەر
یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان:
گەشبینین:
دوعاو خۆراگری و هەماهەنگی و گیانی هاوکاری و خۆپارێزی گەلەکەمان، دەبێتە ئومێدو دڵنەوایی و ئاسۆی سەرکەوتن و زاڵبوون بەسەر ئەو نەخۆشیە.
وەك چۆن خوای گەورە لەرێی ئیسراو میعراجەوە دەرگای دڵنەوایی و سەلامەتی لە پێغەمبەر(د.خ) کردەوە، ئاوایش دەرگای خێرو خۆشی لە گەلی کوردستان دەکاتەوەو ژیان ئاسایی دەبێتەوەو ئاوەدانی دەکەوێتە شارو وڵاتمان.
ئەرکێکی پێویستە پابەندی رێنماییە تەندروستیەکان بین
پەیامی ژمارە 8


یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان
کۆرۆنا
خودایە کوردستان بپارێزە
پەیامی ژمارە 9
23/3/2020


یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان
پەیامی ژمارە 10
کۆرۆنا
خۆپارێزی باشترە لە چارەسەر
کەرەنتینەی شەرعی
عَنْ عُقْبَةَ بْنِ عَامِرٍ (رض) قَالَ: قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللهِ، مَا النَّجَاةُ؟
قَالَ: " أَمْسِكْ عَلَيْكَ لِسَانَكَ، وَلْيَسَعْكَ بَيْتُكَ، وَابْكِ عَلَى خَطِيئَتِكَ"
عوقبەی کوڕی عامر دەڵێت: لە پێغەمبەرم پرسی رزگاربوون و سەرکەوتن لەچیدایە؟
ئەویش فەرموی:
- زمانت بگرە ........................ (قسەی بێ بنەماو نادروست مەکە).
- لەماڵی خۆت دانیشە... (زۆر مەچوە دەرو تێکەڵاو مەبە).
- بۆ گوناهەکانی خۆت بگری........ (تەوبە بکە تا بەڵا لابچێت).
www.zanayan.org
2020/3/24
2020


کۆرۆنا
COVID-19
یەکێتی زانایانی
ئایینی ئیسلامی کوردستان
قال الرسول صلى الله عليه وسلم :
إذَا سَمِعْتُمْ بِهِ بِأَرْضٍ، فَلا تَقْدَمُوا عَلَيْهِ، وإذَا وَقَعَ بِأَرْضٍ وأَنْتُمْ بِهَا، فَلا تَخْرُجُوا فِرَارًا مِنْهُ
- پێگیری ب رێنماییێن تەندروستی بو خو پاراستن ژ ڤایروسێ کورونا ئەرکەکێ شەرعی و مروڤایەتییە..
- ب پاقژیا دەست و جلوبەرگ و جهـ و واران خو ژ ڤایروسێ کورونایێ ب پارێزە.
- سلامەتیا خوشتڤیێن تە ددەستێن تە دانە،
دا ئەم پێکڤە دمالدا بمینین و پێگیر بین ب رێنمایان..
الوقاية خير من العلاج
پەیامی ژمارە 11


یەکێتی زانایانی
ئایینی ئیسلامی کوردستان
کۆرۆنا
COVID-19
عەمری کوڕی عاس لە کاتی پەتای (عەمواس) فەرموی:
"پەتا وەکو ئاگر وایە ئێوەش سووتەمەنیەکەن، تکایە لێک دوورکەونەوەو بڵاوە بکەن تا ئاگرەکە سوتەمەنی دەست نەکەوێت و بکوژێتەوە".
- لە هەندێ دۆخی هەستیاردا هەڵەی یەك کەس کارەساتی گەورە دروست دەکات، بۆیە گرنگە هۆشیار بین.
پابەندی رێنماییەکان ئەرکێکی شەرعیە
پەیامی ژمارە 12
2020


COVID-19
کۆرۆنا
یەکێتی زانایانی
ئایینی ئیسلامی کوردستان
إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُضِيعُ أَجْرَ ٱلْمُحْسِنِينَ
لەم بارودۆخە هەستیارەدا:
سوپاس و پێزانینی زۆرمان بۆ ئەرك و ماندووبوونی پزیشك و كارمەندانی تەندروستی و هێزەكانی پۆلیس و ئاسایش و پێشمەرگە و تەواوی دەزگا پەیوەندارەكان هەیە و شەونخونی و هەوڵەكانیان لە پاراستنی كوردستان بەرز دەنرخێنین.
خوای گەورە هەمووو لایەك بپارێزێ و كوردستانیش سەلامەت و پارێزراو بکات
پەیامی ژمارە 13
2020/3/31


پەیامی ژمارە 14
یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان
▪ جارێکی تر جەخت دەکەینەوە کە دانان و بەژداریکردنی پرسە لە ئێستادا کارێکی ناشەرعی و حەرامە
▪ هەر گردبونەوەو بەریەکەوتن و سەرپێچیەك پێچەوانەی شەرعە و پێی تاوانبار دەبن
▪ بەرگە گرتن و پشوو درێژی و مانەوە لەماڵ باشترە لە کەوتنە نەخۆشخانە ولەدەستدانی ئازیزان!
وەك ئەرکێکی شەرعی تکایە با هەمووان پابەند بین
2020/4/6
کۆرۆنا


پەیامی ژمارە
15
یەکێتی زانایانی
ئایینی ئیسلامی کوردستان
شەوی نیوەی شەعبان
نصف الشعبان
قال الرسول (صلى الله عليه وسلم):
"إنَّ اللَّهَ لَيَطَّلِعُ في لَيْلَةِ النِّصفِ من شَعْبَانَ فَيَغْفِرُ لِجَميعِ خلقه إلا لِمُشْرِكٍ أو مُشَاحِنٍ"
- بەڕۆژوو بوونی نیوەی مانگی شەعبان سونتەت و خێرێکی گەورەیە..
- با لەشەوی (شەوبەرات) هەمووومان دەستی نزا بەرز بکەینەوەو دوعا بکەین خوای گەورە ئەو ناخۆشی و پەتایە لەسەر مرۆڤایەتی و بەتایبەت کوردستانی ئازیزمان هەڵبگرێت..
- شەوی پاڕانەوەو تەوبەو پەشیمانی و خێرە، خوای گەورە لێخۆشبوونی خۆی دەکاتە دیاری بەندەکانی..
خوایە کوردستان بپارێزە


یەکێتی زانایانی
ئایینی ئیسلامی کوردستان
سَيَجْعَلُ اللَّهُ بَعْدَ عُسْرٍ يُسْرًا
رۆڵی زانایانی ئایینی
لە پابەندی و ئارامگرتن لە هەمبەر داخستنی مزگەوتەکان، لە پێناو سەلامەتی هاوڵاتیان و ئامۆژگاری و وتارو بەرزکردنەوەی ورەو نزاو نووسین و هاندانی خەڵك بۆ پابەندی بە رێنماییەکانی تەندروستی لە ماوەی رابردوو..
جێگەی ئەو پەڕی سوپاس و پێزانینە..
کۆرۆنا
2020/4/15
پەیامی ژمارە 16


2020/6/11
وَلَا تُلْقُوا بِأَيْدِيكُمْ إِلَى التَّهْلُكَةِ
باشترین بژاردە بۆ سەلامەتبوون لە ڤایرۆسی کۆرۆنا
-هەبوونی هۆشیاری خێزانیو کۆمەڵایەتیو تاکپارێزیو خۆپارێزییە..
-کەمکردنەوەی تێکەڵاوی و خۆپاراستن لە بەرکەوتنی یەکتری ئەرکێکی شەرعیو ئینسانی گەورەیە..
لە پێناو سەلامەتی دوروبەرو ئازیزا نمان
پابەندی رێنماییە تەندروستیەکان دەبین
یـــەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان


کۆرۆنا
اللَّهُمَّ إِنِّي أعوذُ بِكَ منَ البرصِ والجنونِ والجذامِ ومن سيِّئِ الأسقامِ
خوایە کوردستان بپارێزە
– خۆپـــارێزی واجبێکی شـــەرعیو پێویستیەکی تەنـــدروستیو ئـــەرکێکی مرۆییو نیشتمانیە.
– ئەوەی پابـــەند نابێت زیان بەخۆیو دەوروبەر دەگـەیەنێتو پێچەوانەی فەرموودەی (لا ضرر ولا ضرار) هەڵسوکەوت دەکاو گوناهبار دەبێت.
بۆیە:
پابەندی رێنماییەکان بـــە.
ورەت بەرزو متمانە بەهێز بێت.
پشت بەخوا ببەستەو نزای خێر بکە.
سەرکـــەوتن لـــە خـــواوەیە و نزیکە.
یـەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان
2020/6/14


یـەکێتی زانایانی
ئایینی ئیسلامی کوردستان
ئەنجومەنی باڵای فەتوا:
- کرین و فرۆشتن بە ( پلازمای خوێن ) دروست نیە و پارەکەی حەرامە، ناکرێ مامەڵەی پێوە بکرێت.
- بەخشینی پلازمای خوێن بەوانەی دووچـاری ڤـایرۆسی کۆرۆنا بوون خێرێکی گەورەو کارێکی مرۆییە..
2020/6/21


سەرۆکی یەکێتی زانایان:
زانایانی ئایینی پاڵپشتی و هاوکاریەکی گەورەیان کردووە بۆ پرسی خۆپارێزی لە ڤایرۆسی (کۆرۆنا) چونکە سەلامەتی هاوڵاتیان لەتێروانینی ئەوان بۆ مەقاسیدی شەریعەت گرنگ و هەستیار بووە..
ڕاگەیاندنی یەکێتی زانایان
2020/7/13
www.zanayan.org



2020/8/19
ئەنجومەنی باڵای فەتوا :
* هەر پشکنینێك یان دەرمان نووسینێك بە پێچەوانەی یاساكانی كاری پزیشكیو ڕێنماییە تەندروستییەكان بێت حەرامە.
* دەرمانێك لە كوالێتی كۆنترۆڵ دەرنەچوو بێت, یان ماوە بەسەرچوو بێت، ئەوە حەرامە بدرێت بە نەخۆش یان مامەڵەی پێوە بكرێت, یان دەربازی سنورەكان بكرێت.
* هەر جۆرە ڕێكەوتنێك لە نێوان پزیشكو دەرمانخانەو تاقیگەكاندا لە سەر حیسابی نەخۆشەكان ئەنجام بدرێت كارێكی حەرامە.
* هەر كەسێك پسپۆڕ نەبێت لەو بواری پزیشكیو دەرمانسازیدا حەرامە خۆی بكات بە پزیشكو دەرمانساز، بەو پێیە لە هەر كاردانەوەیەكی خراپ تاوانبار دەبێت.
یەكێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی كوردستان




2020/8/19
ئەنجومەنی باڵای فەتوا :
** ئەركی پەرلەمانە یاسای تایبەت بە تەجریمكردنی هەموو جۆرە ئیستیغلال و لەخشتە بردنێك بە تایبەت لە كەرتی تەندروستیدا دەربكات.
** گران كردنی نرخی پشكنینو دەرمانەكان لەسەر نەخۆش كارێكی ناشەرعیو قیزەونە، بەڵكو پێویستە نرخەكان كەم بكرێنەوە.
** ئەركی سەرشانی حكومەتە گرنگی تەواو بدات بە نەخۆشخانە گشتییەكان لەرووی كەرستەو پێداویستی پزیشكیو ستافەكان، بۆ ئەوەی هاوڵاتیان مەجبور نەبن بەو لێشاوە پەنا بەرنە بەر نەخۆشخانە ئەهلیو دەرمانخانەو نۆرینگەكان.
یەكێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی كوردستان

# چەند دیمەنێك..!

**بەشداری کردەیی‌و چالاکی‌و هەنگاوە پاڵپشتەکانی سەرخستنی پرۆسەی خۆپارێزی‌و پابەندی رێنماییەکان‌و هاوکاری‌و هۆشیاری کۆمەڵگە..**











لقی سۆران



























# زانایانی ئایینیو
# هەستو هەڵویستی خزمەت لەرێی سۆشیال میدیا

لە ماوەی راگیرانی قەدەغەی هاتووچۆ (کەرەنتینە) بەتایبەت رۆژانی هەینی دەوروبەری کاتی خوتبە، ئەگەر سەیرێکی سۆشیال میدیا و فەیسبووکت کردبا، دەتدیت بەشێکی زۆر لە مامۆستایانی ئایینی لەرێی لایڤەوە وتارو ئامۆژگاری پێشکەش دەکەنو، وێڕای گەیاندنی پەیامی جوانو ئیسلامو هۆشیرکردنەوە کۆمەڵگە هەستت دەکرد ئەو خزمەتە تەعبیرە لە:

**یەکەم**: پەرۆشی و هەستی عەودالانەی مامۆستایانی ئایینی بۆ مینبەرو مزگەوت و گەیاندنی پەیامی جوانی ئیسلام بە موسڵمانان، کە بەخۆیان نیە لەو کاتەدا هەستیان لای مینبەرو کاتە نورانیەکانی نوێژی هەینیە.

**دووەم**: مامۆستایانی ئایینی وێڕای پابەندی سەلماندیان مرۆڤ سەنتەری خزمەت و خاوەن قەدرو پێگەیەکی گەورەیە لەئیسلامدا، بە کردەیی نیشانیاندا ئیسلام شەریعەتێکە لەخزمەت سەلامەتی گیان و جەستەی مرۆڤ دایە. بۆیەش بە پێویستی دەزانن لەو کاتە هەستیارە رێنمایی شەرعی بگەیێنن و خەڵك هۆشیار بکەنەوە لەمەڕ پێویستی خۆپارێزی و پابەندی بە رێنماییە تەندروستیەکانەوە.

**سێیەم**: بڵاو کردنەوەی قسەی خێرو ئامۆژگاریو گەیاندنی خزمەتێکی دڵسۆزانەیە لەناو تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان، لەکاتێکدا کەسانێك سەرقاڵی قسەی زبرو ململانێو نمایشی بێ ناوەرۆكو تانەو یەکتر شکاندنو بڵاوکردنەوەی شتی بێ کەڵكو گوماناویو دژە دینو رەسەنایەتی کوردەوارین، پێشیان وایە ئەوە رۆشنبیریو پێشکەوتنە..

## چەند دیمەنێک

لە گەیاندنی پەیامی ئایینیو هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتیان لە ڕێی میدیاو سۆشیال میدیاوە، کە زانایانی ئایینی لە شێوەی بەرنامەو کۆنگرەو وتارو ئامۆژگاریەوە لەزەمەنی مەترسی ڤایرۆسی(کۆرۆنا) بڵاویان دەکردەوە.










Mzgawti Regai
Bahasht
Mala Dlshad
Balaky
Hasan
Qadiyani
Seid
Muhammed Mustafa
یتم بث فيديو مباشر من عبدالله مەولەوی
سەرچنار الآن.
lala Mahmud
مباشر
18:22


Mamosta Himdad
م. پشتیوان عبدالله بالیسانی
ابوبکر قەرەچوغی

# وێنەی بەشێك

## لەو نووسین و توێژینەوەو وەرگێڕانانەی لەسەر کۆرۆنا کراون













حوکمی
ئەنجامنەدانی نوێژی جەماعەت و وتاری هەینی
لەترسی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی
نووسینی
د.عبداللە سعید وەیسی
دکتۆرا لە فیقهی بەراوردکاری
وەرگێڕانی
مەلا ئەمیر گەردی
2020


حكم صلاة الجماعة
عن بُعد
(on line)
د.عبدالله سعيد ويسي
دكتوراه في الفقه المقارن
2020


پەیوەندی | لقەکان | ستافی کار | لینکی پێویست
لێمە لە فەیسبووک
کوردی | العربية
یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان
مەکتەبی تەنفیزی
دەسپێک
هەواڵ
راپۆرت
بەیاننامە
فەتوا
وتار و بیرورا
گەلەری
بماناسە
وتاری هەینی
پرسیارو وەڵامی ئاینی
هەواڵ


رێنمایـــە
تەندروستییەکان و خۆپارێزییەکان
لە روانگەی ئاینی پیرۆزی ئیسلام
بە تایبەتی ڤایرۆس کۆرۆنا
ئامادەکردنی
ئەحمەد عوسمان یابە
پێداچوونەوە
لیژنەیەک لە وەزارەتی تەندروستی


مەلا خالد حەمە تۆفیق
کۆرۆناو واقیعیینی لیژنەی فتوای هەرێمی کوردوستان
د.نومێد پردەمەکی
ڤایرۆسی کۆرۆنا
www.zanayan.org
د.جعفر گوانی
قەشە کەنیسەکەی کردە پێشانگای وێنە
د.جعفر گوانی
کۆرۆنا لەبەردەم میزی هیندستان و نوێژەکەی ترامپ و شەهیدی فەتوادا
دکتور کمال صادق یاسین
حوکمی نوێژ کردن بە دەمامکەوە
مەلا عەبدوڵڵا شێرکاوەیی
تکایە راستیەکان مەشێوێنن!؟ وڵامێک بۆ عارف قوربانی
د.جعفر گوانی
شتێک هەیە قەت بەرگەی ناگرم
مەلا یاسین وەرتی
ئایا ئەوەی لەسەردەمی هاوەڵانی پێغەمبەر (د.خ) نەکرابێ دروست نیە دوای ئەوانیش بکرێ؟

# بە وێنە..
# چۆڵ بوونی شارو شەقامو شوێنە گشتیەکان
# لەسەردەمی کۆرۆنـادا

## چەند دیمەنێک لە چۆڵبوونی مزگەوتەکانی هەرێمی کوردستان






1410
1990














www.kurdistantv.net









## دیمەنی هەردوو حەرەمی مزگەوتی مەککەو مەدینە لە سەردەمی (کۆرۆنا)













## دیمەنی بەشێک لە شارەکانی کوردستان
















فندق سميراميس










ROLEX
Ilyas Aziz


















SHOP

























## دیمەنێک لە چۆڵبوونی شارە گەورەکانی جیهان بە هۆی مەترسی کۆرۆناوە



## دیمەنی بەشێک لەبێدو کەرەستەو شێوازی خۆپارێزیو بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا































## دیمەنی بەشێک لەکۆچکردووان بە ڤایرۆسی (کۆرۆنا)و شێوازی ناشتنیان




















REUTERS







## دیمەنی گۆرستانێکی ئامادەکراوو بۆ مردووانی کۆرۆنا– بەرازیل





## لەماوەی حەوت مانگ ٤٥ زاناو مامۆستای ئایینی وەفاتیان کرد

**ئەوانەی لەو وێنەی خوارەوە دیارن، ئەو زاناو مامۆستا ئایینیانەن کە لە ماوەی نێوان ١ی١ی٢٠٢٠ تا ١ی٨ی٢٠٢٠ بە هۆکاری جیا جیا وەفاتیان کرد، بەشێکیان بە نەخۆشی ڤایرۆسی کۆرۆنا مردن، لەوانە: (مەلا رەشید ئەورەحمان کانی گولی، مەلا عبداللطیف پێنجوێنی، مەلا شێخ حسین شێخ عومەر کەرکوکی، مەلا محمد دوو دەرگا، مەلا ئەحمەد بەرسیرینی، مەلا بورهان حەمید لەتیف، مەلا رحیم حمە ئەمین، مەلا ئەنوەر ئەحمەد فرخ.....)  خوای گەورە بە بەهەشتی بەرینیان شاد بکات.**




KURDISTAN

# رۆڵی زانایانی ئایینی بەرز دەنرخێندرێت

بەو پێیەی زانایان لە کوردستان وەك خەمخۆرو پاڵپشتی هەر هەنگاوێك کە لەبەرژەوەندی گشتیو هاوڵاتیان بێت، هەمیشە لەبەرەی پێشەوە بوونەو بەگیانی بەرپرسانە مامەڵەیان کردووە.

لەبابەتی بەرەنگاربوونەوەی کۆرۆناو چۆنیەتی خۆپارێزیو هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتیانو بەردەوام بڵاوکردنەوەی پەیامو وتارو نوسینو لایڤەکانیانەوە، هەوڵی جددیان دا بۆ ئەوەی هاوکارو پاڵپشتێکی بەهێز بن لە پرۆسەی بەرەنگاربوونەوەی نەخۆشی ڤایرۆسی کۆڤید١٩و، بۆ ئەو مەبەستە هەم خۆیان پابەند بوونو مزگەوتەکانیان داخستو نوێژی هەینیو بەکۆمەڵیان راگرتو پەیامی ئیسلامو شەریعەتیان بۆ خەڵك روون کردەوە، کە لە دۆخێکی وا ئاساییە سروتە ئایینیەکان بۆ ماوەیەك رابگیرێن، لەبەر ئەوەی گیانی مرۆڤو سەلامەتی هاوڵاتیان لە پێشترەو ئەرکە هەمووان رەچاوی خۆپارێزیو پابەندبوون بە رێنماییە تەندروستیو ئەمنیەکانەوە بکەن.

لەسەر ئاستی کوردستان زانایان هەر یەکەو لەئاستو پێگەو جێگەی خۆی رۆڵی گەورەیان گێرا، لە هۆشیارکردنەوەی خەڵكو دڵنەوایی کردنیان لە چاندنی ئومێدو نەترسانو پشت بەستن بەخواو بایەخدان بە گیانو هاوکاریو بەدەمەوەچوونی یەکترو ویژدان زیندوویی بەرامبەر هەژارانو ئارامگرتنو دانبەخۆداگرتنو پڕکردنەوەی کاتی ماڵەوە بە خواپەرستیو بەرزکردنەوەی دەستی نزاو گێڕانەوەی بەهای پێکەوەبوونی خێزانەکانو کسوود وەرگتن لەکاتو بەخۆداچوونەوەو پاكو خاوێنیو جێبەجێکردنی رێنمایی تەندروستیو پابەندیو لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی گشتیو سەلامەتی یەکتری.

بۆیە ئەو رۆڵەی زانایان بووە پاڵپشتێکی گرنگو گەورە بۆ ئەو دۆخە تایبەتەی کوردستان، بەتایبەت بۆ وەزارەتی تەندروستیو ناوخۆو لیژنەی باڵای بەرەنگاربوونەوەی کۆرۆناو تەنانەت حکومەت بەگشتی.

# سەرۆکی حکومەتی هەرێم سوپاسی رۆڵی زانایان دەکات

لەپەیامێکدا مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەبۆنەی هاتنەوەی مانگی رەمەزانی پیرۆز، پەیامێکی بڵاوکردەوەو تێیدا سوپاسی مامۆستایانی ئایینی کردو رایگەیاند: زانایانی ئایینی رۆڵێکی گرنگ‌و بەرچاویان هەبوو لە جێبەجێکردنی رێکارەکانی خۆپارێزی لە ڤایرۆسی کۆرۆنا.
سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پەیامەکەیدا ئاماژەی بەوەش کرد، مامۆستایانی ئایینی رۆڵێکی گرنگیان هەبووە لە هاوکاریکردن‌و جێبەجێکردنی رێکارەکانی رووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆناو رێنماییە تەندروستییەکان.

## دەقی پەیامەکەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان:

بەبۆنەی هاتنی مانگی رەمەزانی پیرۆز، پیرۆزبایی لە موسڵمانانی کوردستان‌و جیهان دەکەم. هیوادارم مانگی خێر و بەرەکەت و رەحمەت بێت و خوای مەزن‌و دلۆڤان، رۆژوو و نزاو عیبادەتی هەمووان قبوڵ بکات.
لێرەدا بە پێویستی دەزانم سوپاسی مامۆستایانی ئاینی هەرێمی کوردستان بکەم کە رۆڵێکی گرنگ‌و بەرچاویان هەبوو لە هاوکاریکردنی جێبەجێکردنی رێکارەکانی رووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆناو رێنماییە تەندروستییەکان.
داواشیان لێدەکەم کە بەردەوام بن لە رێنماییکردنی هاووڵاتییان بۆ پاراستنی خۆیان و کۆمەڵگە لەم پەتایە.
ئومێدەوارین هاتنی مانگی رەمەزان ببێتە مایەی خێرو خۆشی بۆ هەموو لایەك.

**مەسرور بارزانی**

**سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان**

**٢٠٢٠/٤/٢٣**



## وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێم:
## زانایانی ئایینی رۆڵێکی بەرچاویان هەبوو سوپاسیان دەکەم

رۆژی ١٤ی٥ی٢٠٢٠ رێبەر ئەحمەد وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کۆنفراسێکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند: توانیمان هەموو پێکەوە هەرێمی کوردستان بگەیێنینە کەنارێکی ئارام، بۆیە سوپاسی هەموو ئەوانە دەکەم کە رۆڵیان هەبوو لەو دۆخە، بەتایبەتی مامۆستایانی ئایینی کە رۆڵێکی بەرچاویان هەبوو لەجێبەجێ کردنو خۆپارێزیو جێبەجێ کردنی رێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی و رێکارەکانی قەدەغەی هاتووچۆو خۆپارێزی لە ڤایرۆسی کۆرۆنا.




## وەزیری ئەندروستی:
## ئەگەر پاڵپشتی مامۆستایانی ئایینی نەبوایە ئەو سەرکەوتنە بەدەست نەدەهات

رۆژی ٢٣ی٤ی٢٠٢٠ لەپەیامێکدا د.سامان بەرزنجی، وەزیری تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەڤانی گوتی: دەمەوێت لێرەوە سوپاسو رێزو ستایشی مامۆستایانی ئایینی بکەین، کە بەڕاستی ئەگەر پاڵپشتی و پابەندبوونی ئەوان نەبووایە بۆ گرتنەبەری ئەو رێوشوێنانە، ئەوا ئێستا ئێمە خۆمان نەدەبینییەوە لەو ژمارەیەی کە هەیە، سوپاسی خۆڕاگری و ئارامیان دەکەین، هەموولایەك پابەندبوون بە رێکارەکانی حکومەت، کە تەنیا بەرژەوەندی هاووڵاتیان لەبەرچاو گیراوە.



## وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی : سوپاسی مامۆستایانی ئایینی هەرێمی کوردستان دەکات

وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی بەرێز د.پشتیوان سادق لە هەمان کۆنفرانسی هاوبەشی رۆژنامەڤانی رایگەیاند: "سەرەتا دەمەوێت زۆر سوپاسی مامۆستایانی ئایینی هەرێمی کوردستان و نوێژخوێنان بکەم، کە لە ماوەی رابردوو بەهۆی ئەو بارە نەخوازراوەی رووی لە دونیاو هەرێمی کوردستانیش کرد، زۆر بەباشی پابەندی بڕیارەکانی حکومەت بوون، ئەگەر هەر بڕیارێك دەرچووبێت لە هەر شوێنێکەوە رەنگە رێژەی جێبەجێکردنی ٧٠-٨٠٪ بووبێت، بەڵام بە نسبەت مزگەوتەکان و مامۆستا بەرێزەکانی ئێمە زیاتر لە ٩٩٪ بووە، پابەندبوونی هەموو لایەکمان پێکەوەو بەرنامەی رێکوپێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ خۆپارێزی بووە هۆکاری ئەوەی کوردستان بە کەمترین زیان لێی دەربچێت.



# پارێزگاری هەولێر سوپاسی هەوڵ و رۆڵی زانایانی ئایینی دەکات



رۆژی ٤ی٥ی٢٠٢٠ بەرێز د.فەرسەت سۆفی پارێزگاری هەولێر بەیاوەری د.دلۆڤان محەمەد بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی هەولێر، سەردانی لقی هەولێری یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کرد، لەو بارەوە لە پۆستێکدا نووسیویەتی:

سەردانمان کردن سوپاسیان بکەین بۆ هەماهەنگی و هاوکاری و پابەند بوونیان بەبریارو ڕێنماییەکان، ڕژدیی ئەوان لە پابەندبوون بە بڕیارو ڕێنماییەکان هۆکاری سەرەکی گەیشتنمان بوو بەو قۆناغە، بۆیە چەندەی سوپاس و ستیشیان بکەین هێشتا کەمە، داواشمان کرد پێویستە مامۆستایانی ئاینی کەمێکی تر پشوودرێژبن، تا بتوانین بەیەکەوە دەرگەی سەرجەم مزگەوت و تەکییەو خانەقاکان بکەینەوە.

وێڕای ئەوەی سوپاسی سەرجەم مامۆستایانی ئاینی سنووری پارێزگای هەولێر دەکەین کە پابەند بوونییان جێی ڕێزە، جەخت لەسەر ئەوەش دەکەینەوە کە پێویستە هاووڵاتییان ئەرکی خۆیان جێبەجێ بکەن و پابەندی ڕێنماییە تەندروستی و ڕێکارەکانی خۆپارێزی بن تا کاریگەری کۆرۆنا لەشارەکەمان کەم بێتەوە.

## بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی - سلێمانی
## سوپاسی مامۆستایانی ئایینی دەکات



لە پۆستێکدا رۆژی ٩ی٤ی٢٠٢٠ بەرێز د.سەباح هەورامی بەرێوەبەری گشتی تەندروستی سلێمانی رایگەیاند: سوپاسی تایبەتم بۆ مامۆستایانی ئاینی بەرێز، برا موسڵمانەکان کە لەم ماوەیەدا مزگەوتەکان داخراوە پێش هەموو کەس ئەوان هاوکاری ئێمە بوون، بەجێ بەجێکردنی رێنماییەکان وایانکرد ئێمە باشتر کارەکانمان ئەنجامبدەین لە رووبەرووبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، رۆڵی مامۆستایانی ئاینی بەرزدەنرخێنم رۆڵیان هیچ جیاوازییەکی نیە لەگەڵ پزیشکان لە ئێستادا، هەردوولا خەمخۆری هاوڵاتیانن بێ جیاوازی، هیوادارم خوای گەورە قەرەبووی زیاترتان بۆ بکاتەوەو خێرتان بنوسێ دڵنیام لە خەمخۆریتان.


Dr.Sabah Hawrami د.سەباح هەورامی
٩ أبريل، الساعة ٩:١٧ م ·
سوپاسی تایبەتم بۆ مامۆستایانی ئاینی بەرێز، برا موسڵمانەکان کە لەم ماوەیەدا مزگەوتەکان داخراوە پێش هەمووکەس ئەوان هاوکاری ئێمەبوون، بەجێ بەجێکردنی رێنماییەکان وایانکرد ئێمە باشتر کارەکانمان ئەنجامبدەین لە رووبەرووبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، رۆڵی مامۆستایانی ئاینی بەرزدەنرخێنم رۆڵیان هیچ جیاوازییەکی نیە لەگەڵ پزیشکان لە ئێستادا، هەردوولا خەمخۆری هاوڵاتیانن بێ جیاوازی، هیوادارم خوای گەورە قەرەبووی زیاترتان بۆ بکاتەوەو خێرتان بنوسێ دڵنیام لە خەمخۆریتان.
Mala Jalil، Mala Abdulla و ٧,١ ألف شخصًا آخر
٣٤٤ تعليقًا ٢٠ مشاركة

# یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان سوپاسی زانایان دەکات



لەهەمبەر رۆڵ و هەوڵەکانی زانایانی ئایینی لە هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتیان لەمەڕ پابەندی بە رێنماییە تەندروستیەکان و خۆپارێزی، بەردەوام یەکێتی زانایان بەچاوی رێزەوە لەو هەوڵەی روانیوەو خزمەت و هەنگاوەکانی بەرز نرخاندووە:

* لە چەندین بەرنامەو کەناڵی فەرمی بەرێز د. عبداللە مەلا سەعید سەرۆکی یەکێتی زانایان ئاماژەی بە رۆڵ و خۆراگری و پابەندی زانایان کردو رایگەیاند: بە دڵنیاییەوە مزگەوت و شوێنە ئایینییەکان بە تایبەتیش مامۆستایانی ئایینی رۆڵ و پێگەیەکی دیارو لەبەرچاویان هەبوو لە هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتیان و پابەندی بە رێنماییەکان، بە تایبەتی لە رووبەڕووبوونەوەی نەخۆشی و پەتای کۆرۆنا، ئەمەش سەلماندنی ئەو واقیعەیە کە مامۆستایانی ئایینی رۆڵێکی کارایان هەیەو مزگەوت و شوێنە ئایینییەکانیش پێگەی تایبەتی خۆیان هەیە.

* هەروەها رۆژی ١٥ی٤ی٢٠٢٠ لە پەیامێکدا یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان رایگەیاند: رۆڵی زانایانی ئایینی لە پابەندی و ئارامگرتن لەهەمبەر داخستنی مزگەوتەکان، لەپێناو سەلامەتی هاوڵاتیان و ئامۆژگاری و وتارو بەرزکردنەوەی ورەو نزاو نووسین و هاندانی خەڵك بۆ پابەندی بە رێنماییەکانی تەندروستی لەماوەی رابردوو، جێگەی ئەوپەڕی سوپاس و پێزانینە.

# کوردستان..
# مانگی پیرۆزی رەمەزان مزگەوتەکان بەداخراوی مانەوە

*** پێش رەمەزان بڕیار درا مزگەوتەکان نەکرێنەوە**

رۆژی ٢١ی٤ی٢٠٢٠ واتە سێ رۆژ پێش هاتنی مانگی پیرۆزی رەمەزان بە حوکمی ئەوەی بڕیاری کردنەوەی مزگەوتەکان پەیوەست بوو بە بڕیاری لیژنەی رووبەڕووبوونەوەی (کۆرۆنا) لەهەرێم، لەبەر مەترسی کۆرۆنا بڕیاری نەکردنەوەی مزگەوتەکان درا.

*** لەرەمەزاندا دیسان بڕیاری داخستنی مزگەوتەکان درێژ کرایەوە**

لە رۆژی ٧ی رەمەزانی ١٤٤١ك لیژنەی باڵای رووبەڕووبوونەوەی کۆرۆنا راگەیاندراوێکی لەبارەی کردنەوەو نەکردنەوەی دەرگای مزگەوتەکان لەمانگی رەمەزانی پیرۆز بڵاو کردەوەو تیایدا راگەیاند:

مامۆستایانی ئایینی بەڕێز هاوڵاتیانی ئازیز دوای داواکاری ئێوەی بەڕێز دەربارەی کردنەوەی دەرگای مزگەوتەکان لەمانگی رەمەزانی پیرۆز دوای تاوتوێ کردنی ئەم بابەتە لەنێوان بەڕێز لیژنەی باڵای کۆرۆناو بەڕێزان وەزیرانی ناوخۆ و وەزیری تەندروستیو وەزیری ئەوقافو کاروباری ئایینی و پارێزگارەکان، بەباش نەزانرا دەرگای مزگەوتەکان لەم کاتەدا بکرێتەوە لەبەر ئەم سێ هۆکارانەی خوارەوە:

یەکەم: چەند حاڵەتێکی نوێی ڤایرۆسی کۆرۆنا لەشارەکانی هەرێم تۆمار کراوە، بۆیە نامانەوێ ئۆباڵی زیاترو زۆرتر تەشەنەکردنی پەتاکە بکەوێتە ئەستۆی مامۆستایانی ئایینیو مزگەوتەکان.

دووەم: بۆ دروستنەبوونی جیاوازی پاراستنی کۆدەنگی دەرنەچوون لە ئیجماع رای زانایانی ئایینی بەڕێزو ئەنجوومەنی باڵای فەتوا بڕیارەکە سەرجەم مزگەوتەکانی هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە.

سێیەم: ئەمە بابەتێکی تەندروستییە نابێت کەس پێی وابێ بە سیاسی کراوە، بەپێچەوانەوە خۆجیاکردنەوەو دەرچوون لەبڕیاری لیژنەی باڵاو دەستە جەمعی هەرێمی کوردستان، دەبێتە جیاوازیو جیاکاری سیاسیو کۆمەڵایەتی. بۆیە داواکارین ئارام بگرن تاکو (٥/١٠) نوێژو عیبادەت و خواپەرستی لەماڵەکانمان بەڕێوەببەین.

لیژنەی باڵای رووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرنا

٢٠٢٠/٤/٣٠



# جیهانی ئیسلامی.. کۆرۆناو لێکەوتەکانی

## مانگی پیرۆزی رەمەزان هاتو دەرگای مزگەتەکانیش بەداخراوی مایەوە



ماموٚستا سەید عەدنان خالید

لەم جیهانەی مرۆڤ تێیدا دەژی خوای گەورە بە ملیۆنان ڤایروسی دروستکردوە، وە زانایان تا ئێستا بەوردی زانیاریان تەنها لە نزیکی٥٠٠٠ ڤایرۆس هەیە بەوردی.

هەریەك لەو ڤایرۆسانە دەبنە هۆکاری نەخۆشی و ئازار بۆ گیانلەبەران و تەنها لە سەر ڕوەك و گیانلەبەراندا تەشەنە دەکەن! بەڵام لەڕوەك بۆ گیانلەبەر تائێستا نەسەلمێندراوە بگوازرێتەوە وەلە نێوان گیانلەبەرانیش دەگونجێت بەکەمی لە جۆرێکەو بۆ جۆرێکی تر بگوازرێتەوە.

هەریەك لەو ڤایرۆسانە دەتوانن لەناو ڕووەك و گیانداران بڵاو بنەوە لەچەند ڕێگەی لێکەوتن و بەرکەوتن و تێکەڵبوونی جەستەو لێك نزیك بوونەوە.

بەڵام خوای گەورە ومیهرەبان لە جەستەی گیانلەبەران و ڕووەك و ئێمەی مرۆڤدا سیستەمی بەرگری داناوە کە لەگەڵ ئەو ڤایرۆسانە دەکەوێتە جەنگ و ڕووبەرویان دەوەستێتەوەو خۆ ئەگەر سیستەمی بەرگری توانی سەرکەوێت بەسەر ئەو ڤایرۆسە دەگونجێت ئەو بەرگرییە بتوانێت بۆ جاری تریش ڕووبەرووی بۆستێتەوە، بۆیە سوپاس بۆ خوا دەگونجێت ڕۆژانە بەسەدان جۆری ڤایرۆس بچێتە لاشەمان بەڵام سیستەمی بەرگری لەشمان ڕوبەروی دەوەستێت وناهلێت تەشەنە بکات، دەگونجێت هەستیشی پێنەکەین.

بەڵام دەشگونجێت ئەو ڤایرۆسە تازە بگوازرێتەوە لە گیانلەبەرێك بۆ گیانلەبەرێت و چەند تایبەتمەندی جیاواز بێت و پێشتر سیستەمی بەرگری پێی

ئاشنا نەبوبێت‌و کە دێتە ناو لەش سیستەمی بەرگری دەکەوێت بەرگری‌و یان سەردەکەوێت‌و یانیش سەرناکەوێت، لەکاتی ئەو جەنگە گەرمەی نێوان سیستەمی بەرگری‌و فایرۆس چەندان دەرهاوێشتە دەکەوێتە سەر ئەو جەستەیەی شەر دەکات لەگەڵ فایرۆسەکە وەك تاو کۆکەو پژمین‌و سەر ئێشەو ڕشانەوەو ئازاری ماسولکە و ڕژانی ئاوەکانی لاشەو هەڵئاوسانی هەندێك جێگەو سوربونەوەو خواران ودومەڵ چەندان دەهاویشتەی تر، دەگونجێت مرۆڤێك یان ئاژەڵ و ڕوەکێك سیستەمی بەرگری لاواز بێت ویانیش لەو جەنگەی نێوان ڤایرۆس وبەرگریدا ژیانی لەدەستبدات بەمانا باوەکەی دەوترێت دەمرێت.

لەکۆتایی مانگی کانونی یەکەم ساڵی ٢٠١٩ ڤایرۆسێك کە هێرش دەکاتە سەر سیستەمی کۆهەناسە لەشاری وهانی چین تەشەنەی سەندو ناونرا (کۆڕۆنا=کۆڤید١٩) بەخێراییەکی زۆر بەهەموو جیهان بڵاو بووەوەو دەرئەنجام چەندان دەرکەوتەی جیهانی لێکەوتەوەو تەواوی ژیانی مرۆڤاتی لە جوڵە وەستاو یانیش بە بڕیارو ڕێکاری توند قەدەغەی هاتوچۆو کۆرەنتینە ڕاگەیاندن تا مرۆڤەکان بەرکەوتەیان لەیەك نەبێت‌و تائێستاش لەتەشەنە سەندنە، زانایانیش بەدوای پێکوتەی دەگەرێن کە بتوانن بەکاری بێنن بۆ ئەوەی توشبوان یانیش وەك کوتان داینێن تا مرۆڤ سیستەمی بەرگری پێی ئاشنابێت بتوانێت بجەنگێت لەگەڵی.

لە ئێستادا یەکێك لەو ڕێکارانەی لەهەموو گیراوەتەبەر ئەوەیە کە مرۆڤەکان لێك دوربوەستن وقەرەباڵغی دروست نەکەن‌و لێکەوتەیان نەبێت تا ئەو ڤایرۆسە تەشەنە نەکات وگۆنڕۆڵ بکرێت. یەکێك لەو ڕێکارانە ئەوەیە ئەو شوێنانەی خەڵکی زۆری تێدا کۆدەبێتەوە داخرێن‌و قەدەغە بێت بۆ کۆرو کۆبونەوە لەوانەش کە لەوڵاتانی ئیسلامی و جیهانیش جێگەی کۆبونەوەی زۆری خەڵکە مزگەوتەکانە.

لە جیهانی ئیسلامی بەگشتی دەتوانین بڵێین هەموو جیهان کەسانی پسپۆرو

شارەزاو لایەنە پەیوەندیدارو بڕیار بەدەستان بڕیاری داخستنی مزگەوتیان داوەو لە ڕوی دیدی زۆرینەی زانایانی ئاینی سەردەم لایان بەسەندە کە وەك ڕوخسەت نوێژو مەراسیمە ئاینییەکان لەناو مزگەوتەکان ڕاگرن و پەرستش ببرێتەوە ناوماڵەکان.

بۆیە لەگەڵ هاتنی مانگی ڕەمەزانی پیرۆز بەداخەوە داخستنی مزگەوتەکان بۆتە دیاردەیەکی جیهانییەو یەکەم جاریشە لەمێژوودا ڕوبدات دیارە ئەوەش ویستی پەروەردگارە ئێمەی مرۆڤ زۆر لەوە لاوازترین کە بەری دەسەڵاتی خوای گەورە بگرین، بەڵام ان شاءاللە لەکوردستانی پیرۆز زووتر دەرگاکانی مزگەوت دەکرێتەوە بەهەوڵ و هیمەتی دلسۆزان زۆر زووتر دەتوانین قوناغەکانی کۆنتۆڵ کردن ببڕین و ژیان بگەرێتەوە دۆخی پێش کۆرۆنا.

– ئەوەتا شێخی ئەزهەر لەپەیامێکدا بەبۆنەی هانتی ڕەمەزانی پیرۆز ڕوی کردە جیهان و ڕایگەیاند:

نستقبلُ رمضانَ هذا العام في أجواءٍ عصيبةٍ على البشريةِ جمعاءَ، واللهُ يشهدُ على ما في قلوبِنا نحن المسلمينَ من أَلَمٍ وحُزنٍ جرَّاءَ تعليقِ الصلواتِ بالمساجدِ، حتى مع يقيننا التامِ بأن حفظَ النفسِ من مقاصدِ الشريعةِ الغرَّاءِ، ولكنها القلوبُ إذا تعلَّقَت بالمساجدِ صعُب عليها هجرُها، فاللهم أتمم علينا نعمتك بكشفِ غمةِ هذا الوباء، وردَّنا إلى بيوتِك ردًّا جميلا

پێشوازی ڕەمەزانی ئەمساڵ دەکەین لە کەشێکی دیژواردا لەسەر مرۆڤایەتی، خوا شاهیدە لەسەر دڵی ئێمەی موسوڵمان کە لەئازار و غەمو پەژارەدایە لەوەی کە نوێژەکان ڕاگیراون لەمزگەوتەکان، تەنانەت لەگەڵ بڕوای تەواومان بەوەی پاراستنی گیانی مرۆڤ لە مەبەستەکانی شەریعەتی ئیسلامیە، بەڵام دڵەکان کاتێك وابەستەن بە مزگەوتەکان گرانە لەسەری بیتۆرێنی وسەردانی نەکات، خوداوەندا نیعمەتی خۆت بەسەرماندا تەواو بفەرموو ئاستەنگی ئەم پەتایە هەڵگرەو بمانگەڕێنەوە بۆ ماڵەکانی خۆت بەجوانترین گەڕانەوە.

– لەسعودیاس سەرەڕای داخستنی تەواوی مزگەوتەکان مەلیکی سعودیە بڕیاری دا: بەتەنها پێشنوێژو پۆلیس و خزمەتگوزارو بانگ بێژەکان کە چوار چوار نوێژی تەراویح بەکورتی بکەن بیّ کردنەوەی دەرگا بۆ نوێژخوێنان لەهەر دوو حەرەمی پیرۆزی مەکە و مەدینە وەخوێندی قورئانیش کەم بکەنەوە بە شێوەیەك بە بیست ڕکات تەراویح و هەشت ڕکات شەو نوێژەکە جوزئێك بخوێندرێت لە ژێرچاودێری تەندروستی و ڕێکاری پێویستدا.

– لەدەوحە لەگەورەترین مزگەوتدا تەنها پێشنوێژ و چوار نوێژخوێن لەدوایە تەراویحیان کرد.

– لە تورکیاش مزگەوتەکان یەکجارە نوێژی تەراویحی تێدا ئەنجام نەدرێت.

– لە ئێران و ئەردەن و فەلەستین و سوریاو سنگاڵ و مالیزیاو بنلادیش و جەزائیر هتد... بەداخەوە هەموو مزگەوتەکان داخراوە.

بۆیە داوادەکەین خوایە ئەو دەرو بەڵایە لەسەرمان هەڵگرە زوو بە ماڵەکانی خۆت شادمان بفەرموو وە چۆن ژیانت پاراسیتوین لە هەزاران ڤایرۆس و نەخۆشی خوایە ئەو فایروسەش زوو کۆتایی پیّ بێنە و ژیانی مرۆڤایەتی لەو نەهامەتییە گشتگیرو دۆخە سەختەی ژیان قوتار بفەرموو..



# هەوڵەکان بۆ کردنەوەی دەرگای مزگەوتەکان

## بەتاییەت لە مانگی پیرۆزی رەمەزان بەمەرجی پابەندی رێنماییەکان

دوای ئەوەی مەترسیەکانی ئەو نەخۆشیە بەرەو کەمبوونەوە چوون و مانگی پیرۆزی رەمەزانیش هاتە پێشەوە سەرجەم زانایان و موسڵمانان تامەزرۆ بوون کوردستان لەبەردەم مەترسی ئەم ڤایرۆسە بچێتە دەرو ژیان ئاسایی بێتەوەو دەرگای مزگەوتەکان بەتاییەت بۆ مانگی پیرۆزی رەمەزان بکرێتەوە، چونکە یەکەم جارە لە مێژووی کوردستان بەو شێوە مزگەوتەکان دادەخرێن و مانگی رەمەزان بێ مزگەوت و نوێژی هەیینی و بە کۆمەڵ و تەراویح دەبینرێن.

بۆیە خواست و داواکاری کردنەوەی مزگەوتەکان بابەتێکی گەرمی ئەو کاتە بوو، فشارەکانیش بۆ سەر یەکێتی زانایان و وەزارەتی ئەوقاف زۆر بوون، یەکێتی زانایان وێڕای رەچاوکردنی دۆخی تەندروستی و نەمانی مەترسی و پابەندی بە رێنماییەکان، بەردەوام لەسەر هێڵ بوو لەگەڵ وەزارەتی ئەوقاف و وەزارەتی تەندروستی بە ئامانجی ئەوەی ئەگەر رێی تێبچێ و بگونجێ دەرگای مزگەوتەکان بکرێنەوە:

* لەگەڵ نزیکبوونەوە مانگی پیرۆزی رەمەزان و لەبەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی شەوی ٢٠ی٤ی٢٠٢٠ سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئیسلامی کوردستان د.عەبدوڵڵا مەلا سەعید، رایگەیاند: ئومێدێکی گەورەیان هەیە بەکەمبوونەوەی مەترسی کۆرۆنا بتوانن بەشێك لەمانگی رەمەزانی پیرۆز عیبادەتەکانیان لە مزگەوتەکان ئەنجامبدەن و دەرگای مزگەوتەکان بەڕووی ماموستایانی ئایینی و

موسڵماناندا بکرێتەوە. گوتیشی: ئێمە لە نیگەرانیو پەرۆشییەکانی مامۆستایانی ئایینی تێدەگەین، مافی خۆشیانە داوای کردنەوەی دەرگای مزگەوتەکان بکرێت، بەڵام دەبێ دەرکی ئەوە بکەین کە مەسەلەکە لەپێناوی سەلامەتیی گشتییە، شانبەشانی وڵاتانی دیکەی دەوروبەرمان.

* هەروەها لە بەیاننامەی یەکێتی زانایان بە بۆنەی مانگی پیرۆزی رەمەزانەوە لە بەرواری ٢١ی٤ی٢٠٢٠ داوا کرا لە لایەنی پەیوەندیدار بۆ ئەو مەبەستەو لە بەشێکی هاتووە: هاوکات لەپێشوازی مانگی ڕەمەزانی پیرۆزەوە بەناوی خۆمانو سەرجەم مامۆستایانی ئایینیو تەواوی موسڵمانانی کوردستان داواکارین لەسەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانو لێژنەی باڵای بەرەنگاربوونەوەی کۆرۆنا کە چاوێك بە بڕیاری داخستنی مزگەوتەکان بخشێننەوەو هەوڵبدەن بە ڕەچاوکردنی سەرجەم ڕێکارە تەندروستیەکان لە دەرونی ماندوی موسڵمانانو خۆشەویستیان بۆ جومعەو جەماعەتو تەڕاویح تێبگەن، بەتایبەت دوایی ئاساییکردنەوەی بەشێك لە بازاڕو شوێنە گشتیەکان، دەکرێت بە ڕێنمایی تازە دەرگای بەشێکی زۆر لە مزگەوتەکانیش بکرێتەوەو دڵی نوێژ خوێنان خۆش بکرێت.



**وادەی بڕیاری کردنەوەی مزگەوتەکان لەمانگی رەمەزان**

دوای هەوڵ و کۆششی بەردەوامی یەکێتی زانایان و وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی لە بارەی کردنەوەی دەرگای مزگەوتەکانەوە بەرەچاوکردنی رێکارەکان و دۆخی تەندروستی هاوڵاتیان، لە رایگەیاندراوێکدا ئەم ئێوارەیە وەزارەتی ئەوقاف رایگەیاند: بەپێی رێنمای و ئەگەری هەلومەرجی گونجاوی تەندروستی لیژنەی باڵای کۆرۆنا بڕیار لەسەر کردنەوەی دەرگای مزگەوتەکان دەدات.

**دەقی راگەیەندراوەکە**

**خەڵکی خۆشەویستی کوردستان**

**ماموستایانی بەڕێزی ئاینی**

وێڕای سوپاسی بێ پایانمان بۆ مامۆستایانی ئایینی بەڕێزو نوێژخوێنان کەلەماوەی رابردوودا پێگیریان بە ڕێنمایی و بڕیارەکانی لیژنەی باڵای بەرەنگاربوونەوەی کۆرۆنا لەهەرێمی کوردستان کردووە، کە ئەمەش بووەتە هۆی پاراستنی گیانی هاووڵاتیان، هەموو جیهانیش گەواهیدەرن بۆ بڕیارەکانی حکومەتی هەرێم و گوێڕایەڵی هاووڵاتیان لەو بوارەدا.

لێرەوە دەمانەوێ بۆ مامۆستایانی ئاییینی بەڕێزو هاووڵاتیان رابگەیەنین، لەرۆژی دووشەممە داهاتوو کە دەکاتە ٢٠٢٠/٥/١١ بەپێی رێنمایی و ئەگەری هەلومەرجی گونجاوی تەندروستی لیژنەی باڵای کۆرۆنا بڕیار لەسەر کردنەوەی دەرگای مزگەوتەکان دەدات.

ئەم رێکارانەی کەلەمەودوا پەیرەو دەکرێ لەپێناوی ئەوەیە کە هەمووڵایەك ئەرك و بەرپرسیاریەتی ئاییینی نیشتیمانی لەئەستۆبگرین بۆ پاراستنی تەندروستی هاووڵاتیانی ئازیزمان.

وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی

٢٠٢٠/٥/٧

# بەهۆی بڵاوبوونەوەی پەتای (کۆرۆنا) پرۆسەی حەج راگیرا

لەساڵی ٢٠٢٠ وەرزی حەج لەنێوان مانگی تەمووزو ئابدا بوو، بەڵام پێش وادەی دەسپێکی حەج دەست پێ بکات، بەهۆی تەشەنەکردنی نەخۆشی ڤایرۆسی کۆرۆناو زیاد بوونی رێژەی تووشبووان،وڵاتی سعودیە راگەیاندراوێکی سەبارەت بە پرۆسەی حەج لە ساڵی ٢٠٢٠ بڵاو کردەوە.


بيان من وزارة الحج والعمرة بالمملكة العربية السعودية

نظرًا لما يشهده العالم من تفشي لفايروس كورونا المستجد (كوفيد-19) في أكثر من (180) دولة حول العالم, بلغ عدد الوفيات المتأثرة به قرابة النصف مليون حالة وفاة, وأكثر من 7 ملايين إصابة حول العالم.

وبناءً على ما أوضحته وزارة الصحة بالمملكة العربية السعودية؛ حيال استمرار مخاطر هذه الجائحة وعدم توفر اللقاح والعلاج للمصابين بعدوى الفايروس حول العالم وللحفاظ على الأمن الصحي العالمي, خاصةً مع ارتفاع معدل الإصابات في معظم الدول وفق التقارير الصادرة من الهيئات ومراكز الأبحاث الصحية العالمية, ولخطورة تفشي العدوى والاصابة في التجمعات البشرية التي يصعب توفير التباعد الآمن بين أفرادها.

لذلك؛ فإن المملكة العربية السعودية, وانطلاقًا من حرصها الدائم على تمكين ضيوف بيت الله الحرام وزوار مسجد المصطفى صلى لله عليه وسلم من أداء مناسك الحج والعمرة في أمن وصحة وسلامة, حرصت منذ بدء ظهور الإصابات بفايروس كورونا, وانتقال العدوى إلى بعض الدول؛ على إتخاذ الإجراءات الاحترازية لحماية ضيوف الرحمن, بتعليق قدوم المعتمرين والعناية بالمعتمرين المتواجدين في الأراضي المقدسة, حيث لاقى هذا القرار مباركةً إسلاميةً ودولية لما كان له من إسهام كبير في مواجهة الجائحة عالميًا, ودعمًا لجهود الدول والمنظمات الصحية الدولية في محاصرة انتشار الفيروس.

وفي ظل إستمرار هذه الجائحة, وخطورة تفشي العدوى في التجمعات والحشود البشرية, والتنقلات بين دول العالم, وازدياد معدلات الإصابات عالميًا, فقد تقرر إقامة حج هذا العام 1441هـ بأعداد محدودة جدًا للراغبين في أداء مناسك الحج لمختلف الجنسيات من المتواجدين داخل المملكة, وذلك حرصًا على إقامة الشعيرة بشكل آمن صحيًا وبما يحقق متطلبات الوقاية والتباعد الاجتماعي اللازم لضمان سلامة الإنسان وحمايته من مهددات هذه الجائحة, وتحقيقًا لمقاصد الشريعة الإسلامية في حفظ النفس البشرية بإذن الله.

و إن حكومة خادم الحرمين الشريفين, وهي تتشرف بخدمة ملايين الحجاج والمعتمرين في كل عام, لتؤكد أن هذا القرار يأتي من حرصها الدائم على أمن قاصدي الحرمين الشريفين وسلامتهم حتى عودتهم إلى بلدانهم.

نسأل الله -عز وجل- أن يحمي دول العالم أجمع من هذه الجائحة, وأن يحفظ الإنسانية من كل مكروه, إنه على كل شيء قدير.

لە ٢٢ی٦ی٢٠٢٠ وەزارەتی حەج و عومرەی وڵاتی سعودیە لە بەیانێکی تایبەت بە پرۆسەی حەج بە جیهانی ئیسلامی راگەیاند، کە مەراسیمی حەج بەهۆی بڵاوبوونەوەی کۆرۆنا بەڕێوە ناچێت.!

لە راگەیێندراوەکە ئاماژە بەوە کرا، کە لەبەر ئەوەی نەخۆشی ڤایرۆسی (کۆرۆنا- کۆڤید١٩) لە زیاتر لە ١٨٠ وڵاتی دونیا بڵاو بۆتەوەو مەترسی لەسەر مرۆڤایەتی دروست کردووەو ژمارەی تووشبوون و گیان لەدەستدان رۆژ بەرۆژ بەرز دەبێتەوە، هەروەها بە پاڵپشت بە راگەیێندراوی وەزارەتی تەندروستی سەبارەت بە مەترسیەکانی ئەم ڤایرۆسەو نەبوونی ڤاکسین و بڵاوبوونەوەی نەخۆشیەکە بەهۆی بەرکەوتن، وە لە پێناو سەلامەتی گشتی و پاراستنی گیانی مرۆڤەکان، بڕیارماندا: کە پرۆسەی وەرزی حەجی ئەمساڵ ٢٠٢٠ تەنها بۆ ژمارەیەکی دیاریکراو لە ناو سعودیە بەڕێوە دەچێت.

# چەند دیمەنێك لە مەراسیمی حەج - ٢٠٢٠









# مەراسیمی نوێژی بەکۆمەڵو وتاری هەیینی

## لەسەردەمی کۆرۆنا

دوای هەشت مانگ مامەڵەی توندی وڵاتان لەگەڵ خۆپارێزی لە نەخۆشی کۆرۆناو پابەندبوون بە رێنماییەکانی تەندروستی، بەشێك لە وڵاتانو بەتایبەت لە کوردستان هێور هێور هەوڵی ئاسایی کردنەوەی ژیانو کردنەوەی شوێنە گشتیەکان بەمەرجی رێنمایی تەندروستی گرتەبەر.

ئەگەرچی هەندێ جار تەنگەتاوی بۆ کردنەوەی مزگەوتەکان دروست دەبوو، بەو پێیە بەشێك لە خەڵکی ملکەچی پابەندی رێنماییەکان نەدەبوون، بەشێکیش لە روانگەی خۆپارێزیو سەلامەتی گیانی خۆییو هاوڵاتیان تەواو پابەندو خۆپارێز بوون.

زانایانی ئایینی لەروانگەی هەستکردن بە بەرپرسیارێتیو تێگەیشتن لە مەقاسیدی شەریعەو پاراستنی گیانی نوێژخوێنان، بەهای ئیسلامو تێڕوانینی مرۆڤدۆستانەی خۆیان پیشاندا، بەوەی پابەندی فەتوای شەرعیو بڕیاری داخستنی مزگەوتەکان بوون، لەپاڵ ئەمەش بەردەوام هەوڵی هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگەیان دەدا بۆ خۆپارێزی لە بەرکەوتەییو ڤایرۆسی کۆرۆنا.

لەو نێوەدا ئەگەرچی بەشێوەیی پچڕ پچڕ لەهەندێ شارو شوێن مزگەوتەکان دەکرانەوەو نوێژی بە کۆمەڵو وتاری هەیینی دەدرا، وە لەناوەراستی مانگی تەمووز مزگەوتەکان تەنها بۆ نوێژە فەرزەکان کرانەوە، بەڵام بەشێوە گشتیو فەرمیەکەی رۆژی ٢٠ی٨ی٢٠٢٠ وەزارەتی ئەوقافو کاروباری ئایینی رایگەیاند، کە مزگەوتەکان بەرووی نوێژخوێنانو بۆ وتاری هەیینی دەکرێنەوە بە مەرجی پابەند بوون بە رێنمایەکانو پەیرەوکردنی رێکارەکارەکانی خۆپارێزی.

# دیمەنی ئەنجامدانی وتاری هەیینی و نوێژی بەکۆمەڵ

## بەپێی پابەندی بە رێنماییەکانی خۆپارێزی لە ڤایرۆسی کۆرۆنا









































السنة النبوية HD
مباشر Live
تسجيلات الحرمين
HaramainRecordings
نقل صلاة الظهر من المسجد النبوي الشريف
08 شوال 1441هـ
12:41














# کۆتایی

ئەوەی لەم کتێبە خراوەتە ڕوو، ئاماژەیەکی کەمو وێنایەکی واقعی دۆخی سەردەمی کۆرۆناو خزمەتی زانایانی ئایینیو ڕەوشی دینداریە لەو ماوەیەدا، ڕەنگە لەبەر هەندێ هۆکار نەمتوانیبێ تەواو مافی بابەتەکەو هەستی پاکی زانایان، کە هەریەکەو لە ئاستی خۆی خەمخۆرو هاوکاری سەرخستنو تێپەڕاندنی ناخۆشیەکە بوو بدەم، بەڵام بەهیوام شتێکم کردبێ هەم بۆ خستنە ڕووی خزمەتی زانایانو بۆ مێژوو، هەمیش بۆ بەرچاوی خوێنەرانی بە ئینساف، کە تێگەن لەوەی مامۆستایانی ئایینی دریغیان نەکردووە لەوەی پێیان کراوەو دەورێکی گەورەیاشیان لە هۆشیارکردنەوەی خەڵكو پاڵپشتی هەنگاوەکانی حکومەتو دەزگا پەیوەندارەکانو پابەندی بە ڕێنماییەکانی خۆپارێزیو سەلامەتی نوێژخوێنان گێڕا، کە ئەمە وێڕای ئەوەی دەسکەوتێکی گەورەی مێژووییە، لەهەمان کات هەنگاوێکی گرنگی ئیمانیو ئینسانیشە.

نووسینو وتارو توێژینەوەو فەتواو پەیامی میدیاییو هەر هەنگاوێکی دیکەی مەیدانی لە ڕاگرتنی هاوسەنگیو گرتنبەری ڕێکارەکانو هێورکردنەوەی دەروونو خۆراگریو بەرزکردنەوەی ورەی خەڵك بەرامبەر ڤایرۆسێکی وا لەسەردەمی کۆرۆنا ئاسان نەبووە، بەڵام هیممەتی زانایان لایەنێکی کارای سەرخستنو تێپەڕاندنی دۆخەکە بووەو ناکرێ نادیدە بگیرێ.

لەو نێوەدا بەندە ئەگەر خزمەتێکم کردبێو وەفایەکم بەرامبەر دڵسۆزی زانایانی ئایینیو پەیامی پڕ میهرەبانیو مرۆڤدۆستی ئیسلام نواندبێ، فەزڵی خوایەو سوپاسگوزارم، ئەگەر کەموکوڕیو هەڵەو نەپێکانو هەر جۆرە لەبیرکردنێکی لێ بەدی بکرێ لەخۆمەوەیەو داوای لێبوردن دەخوازم..

**وصلى الله على المبعوث رحمة للعالمين سيدنا محمد وآله وصحبه أجمعين.**

**وآخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين.**

# نـــــــــــاوەرۆك



| ژ | بابەت | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | پێشەکی | ٧ |
| ٢ | سەرەتاکانی کۆرۆناو دەرهاوێشتەکانی لە کوردستان | ١١ |
| ٣ | ڤایرۆسی کۆرۆنا چیە؟ | ١٢ |
| ٤ | کوردستان و هەڕەشەی کۆرونا | ١٣ |
| ٥ | مەترسیەکە گەیشتە کوردستان..! | ١٤ |
| ٦ | یەکەمین حاڵەتی کۆچکردن بە (کۆرۆنا) لە کوردستان | ١٥ |
| ٧ | دەنگۆی وەستاندنی نوێژی هەینی لە کوردستان | ١٦ |
| ٨ | رۆڵی زانایانی ئایینی و دامەزراوەی ئایینی لە هەڵمەتی بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی (کۆرۆنا) | ١٨ |
| ٩ | پەیامی یەکێتی زانایان دەربارەی خۆپاراستن لە نەخۆشی کۆڕۆنا | ٢٠ |
| ١٠ | ئەنجومەنی باڵای فەتوا رێکارە شەرعیەکانی تایبەت بە خۆپارێزی.. | ٢٢ |
| ١١ | کۆرۆناوکۆمەڵێك بابەتی پەیوەست | ٢٧ |
| ١٢ | پەتای کۆڕۆناو روانگەی ئیسلام | ٢٨ |
| ١٣ | کۆرۆناو واقیعبینی لێژنەی فتوای هەرێمی کوردستان | ٣٢ |
| ١٤ | روانگەی شەریعەت و سیستەم و بایەخی خۆپارێزی | ٣٥ |
| ١٥ | پێویستە پابەند بین بە ڕێنماییەکان | ٤٧ |
| ١٦ | خۆپارێزی لە ئیسلامدا واجبە | ٤٩ |
| ١٧ | خۆ پاراستن لە ڤایرۆسی کورونا | ٥٠ |
| ١٨ | کۆڕۆنا لەبەردەم میزی هیندستان و نوێژەکەی ترامپ و شەهیدی فەتوادا | ٥٤ |
| ١٩ | کێ شەهیدی تاعونەو کێ تاوانبارە؟ | ٥٧ |
| ٢٠ | حەڕامکراوەکانی دوێنێ و قەدەغەکراوەکانی ئەمڕۆ! | ٥٩ |

| | | |
|---|---|---|
| ٢١ | لەنێوان داخستنی مزگەوتەکان بەڕەهایی و هەڵپەساردنی جومعەو جەماعەت لەبەر پێشهاتێکی کاتی خوێندنەوەیەکی فیقهی و واقعی | ٦١ |
| ٢٢ | کودەتای کۆرۆنا | ٦٨ |
| ٢٣ | چەند سەرنجێك لە سەر کۆرۆنا | ٧١ |
| ٢٤ | ئارامی و بڵاوکردنەوەی گەشبینی لە دیدی قورئان و سوننەتدا | ٧٤ |
| ٢٥ | فەلسەفەی خۆپارێزی | ٨٠ |
| ٢٦ | خۆپارێزی لە ڤایرۆسی کۆرۆنا لەڕوانگەی فیقهی ئیسلامییەوە | ٨٥ |
| ٢٧ | ڤایرۆسی کۆرۆنا چی بەدوای خۆیدا هێنا؟! | ٩٣ |
| ٢٨ | ڤایرۆسی کۆرۆنا | ٩٥ |
| ٢٩ | پرسی نوێژکردن بە دەمامکەو فەوتاندنی نوێژی هەینی! | ٩٧ |
| ٣٠ | ئایا کۆرۆنا پاشەکشە بەجیهانگیری دەکات و شارستانیەتی ڕۆژئاوا دەروخێنێت؟ یان هاوسەنگی هێز دەگۆڕێ؟. | ٩٩ |
| ٣١ | کۆرۆناو کات | ١٠٢ |
| ٣٢ | کۆرۆنا چی فێرکردین؟؟ | ١٠٤ |
| ٣٣ | کێ وای گوتووە!؟ | ١٠٨ |
| ٣٤ | کۆرۆناو چەند تێبینیەك | ١١٢ |
| ٣٥ | ئایا کۆرۆنا سەربازی خوایە ؟ یان سزای خوایە بۆ مرۆڤایەتی بەگشتی بەکافرو موسڵمانەوە؟ | ١١٤ |
| ٣٦ | شەرع و عەقڵ دوو دیوی یەك دراون سەبارەت بە راگرتنی نوێژی هەینی شێوازی خۆپارێزی | ١١٦ |
| ٣٧ | چۆن ڕووبەڕوی ڤایرۆسی کۆرۆنا بینەوە | ١١٩ |
| ٣٨ | رۆڵی ئەنجومەنی باڵای فەتواو چەند فەتوایەکی تایبەت بە دۆخ و سەردەمی کۆرۆنا | ١٢٠ |
| ٣٩ | ئەنجومەنی باڵای فەتوا پێشخستنی زەکات بە ئاسایی دادەنێت | ١٢١ |

| | | |
|---|---|---|
| ٤٠ | فەتوای تایبەت بەمەرجەکانی بەڕۆژوو نەبوون بەهۆی کۆرۆناوە | ١٢٢ |
| ٤١ | بابەتی لێك دووری نوێژخوێنان و پابەندی بەرێنمایەکانی خۆپارێزی | ١٢٤ |
| ٤٢ | حوکمی بەخشینی پلازمای خوێن | ١٢٦ |
| ٤٣ | مردووانی کۆرۆنا بە رێکاری شەرعی دەشوورێن و دەشاردرێنەوە | ١٢٨ |
| ٤٤ | فەتوای تایبەت بە: لە خشتەبردنی نەخۆش لە لایەن هەندێك پزیشك و نۆرینگەو نەخۆشخانەی تایبەت و تاقیگەو دەرمانخانەکانەوە | ١٣٠ |
| ٤٥ | کۆرۆناو قەیرانی تێگەیشتنی فیقهی هاوچەرخ | ١٣٧ |
| ٤٦ | پەیامی میدیایی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان لەسەردەمی کۆرۆنا | ١٤٢ |
| ٤٧ | چەند دیمەنێك..! | ١٥١ |
| ٤٨ | زانایانی ئایینی و هەستو هەڵوێستی خزمەت لەرێی سۆشیال میدیا | ١٥٦ |
| ٤٩ | وێنەی بەشێك لەو نووسینو توێژینەوەو وەرگێڕانانەی لەسەر کۆرۆنا کراون | ١٦٠ |
| ٥٠ | بە وێنە.. چۆڵ بوونی شارو شەقامو شوێنە گشتیەکان لەسەردەمی کۆرۆنادا | ١٦٢ |
| ٥١ | چەند دیمەنێك لە چۆڵبوونی مزگەوتەکانی هەرێمی کوردستان | ١٦٣ |
| ٥٢ | دیمەنی هەردوو مزگەوتی مەککەو مەدینە لەسەردەمی (کۆرۆنا) | ١٦٦ |
| ٥٣ | دیمەنی بەشێك لە شارەکانی کوردستان | ١٦٨ |
| ٥٤ | دیمەنێك لە چۆڵبوونی شارە گەورەکانی جیهان بە هۆی مەترسی کۆرۆناوە | ١٧٥ |
| ٥٥ | دیمەنی بەشێك لەبێدو کەرەستەو شێوازی خۆپارێزیو بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا | ١٧٦ |
| ٥٦ | دیمەنی بەشێك لەکۆچکردووان بە ڤایرۆسی (کۆرۆنا) و شێوازی ناشتنیان | ١٧٨ |
| ٥٧ | دیمەنی گۆرستانێکی ئامادەکراو بۆ مردووانی کۆرۆنا-بەرازیل | ١٨١ |
| ٥٨ | لەماوەی ٧مانگ ٤٥ زاناو مامۆستای ئایینی وەفاتیان کرد | ١٨٢ |

| | | |
|---|---|---|
| ٥٩ | رۆڵی زانایانی ئایینی بەرز دەنرخێندرێت | ١٨٤ |
| ٦٠ | سەرۆکی حکومەتی هەرێم سوپاسی رۆڵی زانایان دەکات | ١٨٥ |
| ٦١ | وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێم: زانایانی ئایینی رۆڵێکی بەرچاویان هەبوو سوپاسیان دەکەم | ١٨٦ |
| ٦٢ | وەزیری تەندروستی: ئەگەر پاڵپشتی مامۆستایانی ئایینی نەبوایە ئەو سەرکەوتنە بەدەست نەدەهات | ١٨٦ |
| ٦٣ | وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی: سوپاسی مامۆستایانی ئایینی هەرێمی کوردستان دەکات | ١٨٧ |
| ٦٤ | پارێزگاری هەولێر سوپاسی هەوڵ و رۆڵی زانایانی ئایینی دەکات | ١٨٨ |
| ٦٥ | بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی سوپاسی مامۆستایانی ئایینی دەکات | ١٨٩ |
| ٦٦ | یەکێتی زانایان سوپاسی زانایان دەکات | ١٩٠ |
| ٦٧ | کوردستان مانگی پیرۆزی رەمەزان مزگەوتەکان بەداخراوی مانەوە | ١٩١ |
| ٦٨ | جیهانی ئیسلامی.. کۆرۆناو لێکەوتەکانی | ١٩٣ |
| ٦٩ | هەوڵەکان بۆ کردنەوەی دەرگای مزگەوتەکان بەتایبەت لە مانگی پیرۆزی رەمەزان | ١٩٧ |
| ٧٠ | بەهۆی بڵاوبوونەوەی پەتای (کۆرۆنا) پرۆسەی حەج راگیرا | ٢٠٠ |
| ٧١ | چەند دیمەنێك لە مەراسیمی حەج ٢٠٢٠ | ٢٠١ |
| ٧٢ | نوێژو وتاری هەیینی لەسەردەمی کۆرۆنا | ٢٠٢ |
| ٧٣ | دیمەنی ئەنجامدانی وتاری هەیینی و نوێژی بەکۆمەڵ | ٢٠٣ |
| | کۆتایی | ٢١٠ |
| | ناوەرۆك | ٢١١ |




چاپی یەکەم

2020